PDF4Kurd

( لەپەراوێزی چیرۆکدا )

زۆر جار بیر لەیەکەم حیکایەت دەکەمەوە کە لەمێژوودا ێڕدراوەتەوە ، بیرکردنەوەکەش لە ناوەڕۆکی حیکایەتەکە نی‌یە ئەوەندەی لەو کەسەیە کە بۆ یەکەم جار چیێژی ێڕانەوەی دۆزییەوە. من پیێم وایە هەموو بابەتێك – ئە ەر چی بێبایەخیش بێت – ملکەچی ێڕانەوە دەکرێت بەلاٚم جیاوازییان لە چیێژکردنماندایە لیێیان . پیٚ دەچێت چیێژی ێڕانەوە بووبێت کە سەرجەم مێژوی ۆرییبێت و ئەو کەسەش (کە هەولیٚ نەدا ناوی خۆی تۆمار بکات ئە ەر ئەوکاتە ناو بەم فراوانی‌یەی ئێستای هەبووبێت ) بیٚئا ا دەر ای ئەو موسیبەتەی‌کردبێتەوە ( دەتوانم لە هێمنترین حالٚدا وا بلٚێم چوونکە ئێمە هەردەم ئەو هەستەمان هەیە کە لەڕا بردوودا شتێکی پیرۆزمان لە کیس داوە ) . دەکرێت ێڕانەوە یەکێك بێت لە نهێنی‌یەکانی خودا کە بەخشیبێتی‌یە ئادەم یاخود یەکێك بێت لە داهێنانەکانی ئادەم لە تەنیایدا ( ئەو کاتە تەنها دەیتوانی ژیانی بەهەشت و هۆو چۆنیەتی فڕێدانیان بگێڕێتەوە ).

لێره دا نامەوێت ئەو پرسیاره ترسناکه بکەمەوه که دەڵێت : ئایا مەبەستێك هەیه  له پشت نووسینی ئەم چیرۆکانەوه ؟ هەر چۆن دەتوانرێت چەند جارێك ئەم پرسیاره به شێوەو مەبەستی جیاواز دابرێژینەوه بەهەمان شێوه دەتوانین بیٚکۆتا وەڵامیشی بدەینەوه بەڵام کێشەیەك درووست ببێت ئەوا لەگەڵ چەمکی (( مه به ستداری )) دایه ، به هەرحاڵ دەتوانم  له باشترین ڕوونکردنەوەدا باس له چێژی بیرکردنەوه بکەم که له پشت نووسینی ئەم چیرۆکانەوەیه ئەگەرچی هەندێك جار لەگەڵ بەخشینی چێژو خولقاندنی ئیستاتیکاش بەریەك دەکەون ، بەجۆرێکی تر" دەکرێت گەڕان بن بەدوای بەردەوامی دان به ئاخاوتن و ئەو هەوڵە بیٚکۆتاییانەی خوێنەر له پشت دێڕەکانەوه بۆ مانای دەدات . له سادەترین تێڕوانیندا  دەرك بەوه دەکەین که چیرۆك یەك مانایی جیهان دەکووژێت بەوەی زیاد له ژمارەی مرۆڤەکان جیهان دەخوولقێنێت. یەکێکیش له تایبەتمەندیەکانی هونەری گێڕانەوه دروست کردنی جیهانه له ناوەوەماندا و کووشتنی ئەو جیهانه  پیر و ئەزەلیەی دەرەوەمانه که بەردەوام ژیان له مانا بەتاڵ دەکاتەوه ، ده کرێت لێرەوه خووڵقاندنی جیهان پلەی جیا له ئاڵۆوزی وەربگرێت ئەویش بەپێی ئەو گۆشه نیگایەی لیٚیەوه سەیری ژیان دەکەین . پێم وایه ئەمەش له بەردەوامیەکی بیٚکۆتادایه تا پاش گەشتنمان

بەدوا دابەشکردن ( لەسەر ئاستی کۆمەڵ و ئابووری و ... ) کە دەتوانین لە شارە مێروولەیەك یاخود کۆمەڵگایەکی هەنگ دا ببینین کە بەرزترین ئاستی دابەشکردنە بۆ پاراستنی ژیان. بڵێ‌ی ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە خۆلادانەوە هەبێت لە کێشەی چینایەتیو نەتەوایەتی و..؟

دەکرێت وەلامی ئەمە نەدەمەوە چونکە من دەمەوێت لە چیرۆکەوە دیدگایەکی ترم هەبێت جیا لە لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەڵناسی یاخود .. بە واتایەکی تر لەناو بیرکردنەوەی چیرۆکدا ( ئەگەر ئەم ووشەیە گوونجاوتر بێت لە لۆژێك) کاربکەم و بیر بکەمەوە پاشان چەمکی بەرگریکردن لەژیان دژی هەموو ئەو زاراوانە دەوەستێت کە (( وێرانکردن)) بەشێکی کارکردە تیایاندا . دەتوانم لە بیرکردنەوەی چیرۆکەوە ( مەبەستم لەوەیە چیرۆکیش بوارێکە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو وەك فیزیا مرۆڤ ملکەچی یاسا ناوەکیەکانی خۆی دەکات) بە جورئەتەوە بڵێم من هەرگیز بابەتێك یاخود ڕووداوێکی تەواوم نەبووە بۆ نووسین ، وەك برسێتی منداڵێك یاخود خێزانێکی دیاری کراو یاخود مردنی کە سێك بە هەموو ووردەکاریەکی‌یەوە بەڵکو هەوڵم داوە لە وشەیەکەوە یاخود بیرۆکەیەکەوە بنووسم کە ڕووداوێك پاڵپشتی نەبێت .

ئەمەش کاری نووسین قوورستر دەکات نەوەك ئاسانتری بکات وەك لە سەیرکردنێکی سادەیدا دەردەکەوێت ، پێم وایە وشەیەك کەپێشینەیەکی مێژویی هەبێت توانای بەرهەم هێنانەوەی چەندین ڕووداوی جیاجیای دەبێت . دەتوانم نمونەیەك بهێنمەوە ، من لە نووسینی (( پاشماوەی خێڵەکان )) دا بەسەرهاتی هیچ خێزانێکی

کورد یاخود گوندێکم لەبەردەمدا نەبووە یاخود ئەندێشەم نەکردووە و لەوێوە دەست بەنووسین بکەم بەڵکو تەنها ڕووداوی ئەنفالم لەلا بووە بێ بوونی هیچ ئەرشیفێکی ورد( هە ندێك ئامازەم لە ڕێگای بەڵگەنامەکانی ڕژێمەوە وەرگرتووە وەك بەڵگەنامەیەکی (وحدەالمجازرالبشریە)پاش ئاشکرا بوونی لەدوای ڕاپەڕیندا هەروەها ئەو سەربازە کوردانەی چووبوونە کوێتەوە و چیرۆکی ئەوانەش لە ڕووداوەکە دەرباز بوون ) بەڵکو لە ڕێگای ممارسەکردنی نوسینەوەو پاش رەش کردنەوەی چەندین پەڕە توانیم ئەو چیرۆکە بنوسم یاخود ئەوەی لە چیرۆکی "تۆش پەنجەت لە..." دا ڕوودەدات کە تەنها بوونی وشەی (سورانە) بوو – لە سەرەتادا هەربەو ناوەوناوم نابوو –، یاخود ئامادەیی رابردوو لە ئێستاداو چاوەڕوان کردنی رزگارکەرێکی بێتوانا لەبەردەم خەونی مرۆڤدا ئەویش لە چیرۆکی "رێگا مردوەکان"دا کە چەمکی رزگارکەر دەتوانێت چەندین مەسیح بەرهەم بهێنێت یاخود بدۆزێتەوە، کارکردن لەسەر ئافاتەکانی (نوسین / کتێب) لە نهێنیەکانی دەستنوسێکدا ئەویش بە هەوڵ دان بۆ رزگاربوون لەو چارەنووسە پێش وەختەی بۆمان دانراوە، دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری کتێبێکی فەرمان رەوا لە (پاسەوانانی خەیاڵ) دا کە هەموو شتێك لە دەرەوەی خۆی حەرام دەکات، تێکەڵ بوونی واقیع و خەون بە حیکایەت لە (دەستنوسی ئاگر)دا یاخود گەڕانەوەیەکی ئازاراوی بۆ بیرەوەری رابردوو لە (هاوینی شوم) دا و هەوڵ دان بۆ ئاشکرا کردنی ئەو چەمکانەی سیاسەت کاری لەسەردەکات بەوەی لە دەرەوەی واقیعەوە هاتوون و ئەو (فەرهەنگە) دەتوانێت واقیعێك بەرهەمبهێنێت

یـاخود بخولْقێنێـت بـه پێچـهوانهی ئـهوهی مارکسـیهت پـێ‌ی دهوتـین، سـهیرکردنی جهسـته وهك بهڵایـهك لـه (لیژنـهی ئیعدام) دا پـاش تێکـهڵ بـونی واقیـع بـه ئهندێشـه و گێڕانـهوهی چیرۆکێك کـه نوسـهری نـهبێت یاخود دیار نهبێت، هـهروهها سـود وهرگـرتن لـه نهخشـهیهکی سـهرزاری بۆ گێڕانهوهی مێژویـهکی درێـژی شـهڕو بهدهرخسـتنی تایبهتمهندیـهتی شهڕی ئێره (سـهبارهت بـه خوێنـهرێك کـه لـه کوردسـتان و بهتایبـهت لـه سلێمانی ئهم چیرۆکه بخوێنێتهوه له مانای ئهو – ئێره – یه تێ‌دهگات) بهوهی شهڕێکه به قوڵی رهگی له زماندایه (نامـهوێت نـاوی ئـهم چیرۆکه بهێنم).

هەموو ئەمانەی باسم کرد بۆئەوە بوو تـا بـەدەری بخـەم کە شێوازی نوسین لای من کـاری گـەڕان لـە هـەر رەگـەزێکی چیرۆکدا ئاسـان دەکـات هەر لە: ئاسایی/ نائاسـایی بـۆ واقـع/ ئەندێشـە... ئەگـەرچـی گرانـی ئـەم کارە لە پێکهێنانی چیرۆکێکی کامڵدا بەدەردەکەوێت بـەوەی روداوێکـی پێش وەخت نیە کاری لەسەر بکـەم. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا مـن چێژ لە ممارسە کردنـی نووسـین و ئـەو گێڕانـەوە زۆرەی چیرۆکێکی ناتـەواو وەردەگــرم کــە خــۆم بــۆ خۆمی‌دەگێڕمــەوە، کــاتێکیش تــەواو بــوو بەشـێوەیەکی سـەیر لێـی بێـزار دەبم ، ئـەم هەسـتەش لـە دوای بـڵاو کردنــەوەی دەگاتــە ڕادەی پەشــیمان بوونــەوە لێ‌ی ، ئــەم پەشــیمان بوونەوەیـەش لـەوەوە دێـت کـە دەبوایـە ئـەو چیرۆکەم بێ‌کۆتـا بـۆ خـۆم بگێڕایەتـەوەو کەسـی‌تر بـەژدار نەبوایـە لـەو چـێژەدا چـونکە مـن بـۆ ڕوودانی کردەی (( پاکژ بوونـەوە )) نانووسـم ، هـەر بۆیـە مـن چیرۆکێك نانووسم بۆ ڕازی‌کردنی خوێنەر ، یاخوود هیچ خوێنەرێك لـە خەیاڵمدا

بێت و پێوانەیەکی وەهمی لەسەر وەرگرم و بەپیێ چێژی ئەو فە زا– شوێن – ڕوداو .... تەنانەت کەسی چیرۆکەکە بنووسمەوە ( دەکرێت پاش داوای لێبووردن لە خوێنەر ڕاستی ئەم قسەیە ئەگەر ڕاستی بەهایەکی مابێت لە کەمی و سنووردارییی ژمارەی خوێنەری چیرۆکەکانم و تەسکی ڕووبەری بلاْوبونەوەیدا ببینرێت ) ، هەر بۆیە دەتوانرێت هەوڵی دوورکەوتنەوەم لە زمانی وەصفی و ئیستاتیکیو (ئەم وشەیەم لە لێکۆڵێنەوە زمانەوانییەکەیەوە وەرگرتووە ئەویش لە جیاوازی نێوان زمانی ئیستاتیکی و زمانی دینامیکی دا نەوەك لە زانستی جوانیەوە) شەپۆلی هۆشمەندیو سایکۆلۆجییەتی پاڵەوان ببینرێت.

من بۆخۆم پەیوەندیەکی سەیر بەرەگەزەکانی چیرۆکمەوە دەبەستێتەوە ( کەمترینیان ڕوداو یاخود بابەتەکەیە چونکە شتێك نییە بەناوی بابەتی شیاو–نە شیاو، قورس–سووك... ئەوەندی توانای ئێمە لەکردەی بە چیرۆك کردنیاندا ڕۆڵ دەبینێت ) بۆ نمونە ئەگەر من ئەو گێڕەرەوە حکایەت خوانییەم بۆ چیرۆکی (( مردنی سەربازە هەڵهاتووەکە لە گێڕانەوەی هاوڕێکانیدا )) دانەنایە ئایا چارەنووسی چیرۆکەکە و ئەو چێژەی دەیبەخشێت نەدەگۆڕا یاخود ئەگەر ئەو زمانە ڕاپۆرتییەم نەدایە بە (( نەخشەی شارێکی مردوو )) (تا راستەوخۆ کاربە رەمزە بەرهەم هاتووەکان بکەم) ئەم چیرۆکە دەبوو کە هەیە ، یاخود ئامادەیی مێژوو لە (ڕێگا مردووەکان)، دا چی ماوە بیڵێم ؟ ڕاستر وایە بڵێم : ئایا هیچم وتووە لە کاتێکدا دژایەتیکردنی ( مرۆڤ –گێڕانەوە ) لەلایەن ئامێرو داهێنراوە زانستییەکان و هەستکردن بە

وێڵی لەناو زمان دا کە دەتوانێت تا ئەبەد لە ووتن بەردەوام بێت هانم دەدەن بۆ نەوەستان ، یاخود دەتوانم کاتێك و شوێنێك هەڵبـژێرم بۆ دانانی دوا خاڵ و بڵێم ووتنی من لێرەدا تە واو دەبێت کە تەواوبوون بۆخۆی هاومانای مردنە ؟ ئەمەش بەو مانایە نایە کە نووسین بۆ دوورحستنەوەی مەترسی مردنە بەڵکو نووسین بۆخۆی ممارەسە کردنی مردن یاخود عەزابی مردنە، چەشتنی ئەو چێژەیە کە لە دەرەوەی نووسین نایگەینێ.

پێم وایە دواجار ئەو نهێنییەم درکاند کە هەوڵم دەدا بیشارمەوە ئەویش ئەوەیە ، نووسینی ئەم چیرۆکانە گەڕان و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەچێژی یەکەمین حیکایەت ئەویش بە ممارەسەکردنی مردن( هەوڵی ڕونکردنەوەی ئەو مردنە نادەم بەوەی مەجازە یاخود شتێکی تر).

*　　　*　　　*

عطا محمد

سلێمانی 1999

# پاشماوەی خێڵەکان

ئەو بەیانیەی هاتینە دەرەوە منداڵێك پێشمان کەوت تا بتوانین چاومان بە تەواوی بکەینەوەو بەر پێی خۆمان ببینین، بە قسەکردنەکەیدا زانیمان ئاوڕی دایەوە، وتی:

- ئێوە ئەوانە نین سێ‌مانگە کوێر بوون؟

کەسمان وەڵاممان بۆ نەدرایەوە چونکە نەمان دەزانی کوێربووین یاخود نا، تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئێمە سێ مانگە نەنوستوین، لە بێ‌خەوی ئەو ماوەیەدا چاومان بچووك و سور هەڵگەڕابوو، لەو ماوەیشدا نەمان دەتوانی یەکتر بەجێ بهێڵین هەربۆیە ژوورەکە توێژاڵێکی زەردی لە میزگرتبوو، دەست و چاو و هەواو دیوارەکانیش بۆنی میزی لێ‌دەهات. تەنانەت ماوەشمان نەبوو پەنجەرەکان بکەینەوە، لە جێگای خۆمان بەگوێ گرتوییەوە لەیەکتر میزمان بە شەرواڵەکانماندا دەکرد، لەکاتی میزکردنەکەشدا هەڵمێکی ترشاومان لێ‌هەڵدەستاو جل و گۆشتەکەمانی زەرد کردبوو، جارێکی تر پرسیاری کردەوە:

- ئێوە ئەوانە نین سێ مانگە کوێر بوون؟
- برسیمانە!

ئەوەی لە دواوە دەڕۆشت بێئەوەی گوێ بداتە قسەی منداڵەکە وای وت.

- دەزانین بەڵام خەڵکی سەیریان لێتان دێت!

لەوکاتەدا هەستمان کرد نزیکەی سێ مانگە لە ڕۆژی ڕشانەوەکەوە هیچمان نەخواردووە، کانۆلاکانی دەست و مەچەکمان چەقیبوونە ئێسقانەکانمان و ئەو کاتە زانیمان گۆشتمان پێوە نەماوە، ڕزیوین... ڕزیو.

- بەڵام ئێمە لەکوێ بووین؟

ئەم پرسیارە سەرەتای ڕشانەوەکەی هێناینەوە یاد، ئەو پاش نیوەڕۆیەی ڕشانەوەکە کەوتەوە کە دوای ئەوە هیچی ترمان نایەتەوە بیر. پاش لێدانی ئاژێرەکان لە ژێرزەمین هاتمە دەرەوە بەرەو بەلوعەکە چووم تا ئارەقی دەم و چاو و بۆن ساردی ژێر زەمینەکە بسڕم بەڵام لەگەڵ کردنەوەی بەلوعەکەدا دەنگێکی پچڕ پچڕی لێوەهات و چەند دڵۆپێك ئاوی سورباوی لێوە هاتە خوارەوە. دەنگەکە جارێکی تر دووبارە بوەوەو لەگەڵیدا هەستم بەدەرکەوتنی شتێك کرد لە دەمی بەلوعەکەدا، پەنجەیەکم کرد بەناو بۆریەکەدا و ڕامکێشا، تاکێك گۆرەوی و بەنەخوێنێك و تۆپەڵێك موو لەگەڵ کیسەیەکی زەردباوی نەتەقیو کە لە زراوی دەکرد، هاتە دەرەوە. ئەوکاتە زانیم ئاژێرەکان بۆ بۆردومان نەبوون چونکە بیرم کەوتەوە کە حەوت ساڵی جەنگ گوێم لە دەنگی ئاژێری وانەبووە، پاش ئەوە هێنامیانە ئێرە.

ئەوەی لە پێشەوە دەڕۆشت پاش ئەوەی کەمێك وەستا، دەستی بەهێواشی بەرزکردەوەو بەپەنجەی ناوچەوانی خۆی خوراند، بەدەنگێکی نزم وتی:

- لەو رۆژەوەی قوتوە گۆشتەکەم هەڵپچڕیوە منیان هێناوەتە ئێرەو هیچم نەخواردوە! چوومە بەردەم پنجەرەکە چەند خولەکێك بوو لەڕادیۆدا هەواڵی کەوتنەوەی رشانەوەکە راگەیاندرابوو. تەنها ئەو دایکانە دەتوانن باسی ئەو رۆژە بکەن کە منداڵەکانیان بەدەم هێڵنجەوە گەدەو ریخۆڵەو تەنانەت گورچیلەشیان دەهاتە دەرەوە ئەمانیش فریانەدەکەوتن بەپەنجەو چیلکە بیان خەنەوە ناوەوە، لە رشانەوە زەردباوەکەی لاچەناگەو ژێر سەریانەوە هەڵمێکی ترشاو هەڵدەستا کە ڕوخسارو جل و دیوارو قژیانی تەڵخ دەنواد.

- برسیمە!

جارێکی تر لەگەڵ دەنگەکەدا بیرمان کەوتەوە برسیمانە، هەر لەو کاتەدا ئەوەی لە ریزەکەچووبوە دەرەوە و بەهێواشی دەڕۆشت هاواری قۆڵی کرد، بەرەو دەنگەکە رۆیشتین تا دۆزیمانەوە.

- سڕبووە!!

یەکێك وای ووت و کەوتینە یاریپێکردنی بەڵام لە ڕاوەشاندنێکدا قۆڵی قرتا، ئەوەش قۆڵەکە بەدەستیەوە بوو پەنجەی قۆڵە قرتاوەکە دەستی دەگوشی هەربۆیە بەپەلە پەنجەکانی کردەوەوفڕیدا، لەبەرخۆشیەوە دەیوت:

- زوو وتم ئەمە دەمێکە مردووە!
- بەڵام هێشتا لەگەڵماندا ڕێدەکات!
- منداڵەکە کوا؟
- منداڵی چی؟!

ئەوەی لە پێشەوە دەڕۆیشت بەسەرسامیەوە وای وت ئەوکاتە دڵنیابووین منداڵمان لەگەڵدا نیە و هەر لە ژوورەکەداین، یەکێکی تر وتی:

- دەبا فڕێی دەینە دەرەوە!

هەریەکە لەجێی خۆیەوە بۆ دەرگاکە گەڕا بەڵام کە هەستمان بە هیلاکی کرد دانیشتینەوە.

پاش بوژاندنەوەی پیشەسازی ناوخۆ مندالێکی دراوسێمان دوو هەڵماتی کڕیبوو، دەیان وت ئەوانە هەڵمات نەبوون بەڵکو چاوبوون چونکە هەردووکیان لەناو پەنجەکانیدا تەقیون و پڕبوون لە لم، ئەمەش پێش ڕشانەوەکە بوو.

کە لە قسەکانی بوەوە زانیمان دەمێکە لێرەین چونکە کە جولا هەموو ئەو تەنافی جاڵجاڵۆکانە قرتا کە لە بن باڵو کونی لوت و گوێچکەو چاویدا کردبوویان.

- هەر کە لە پەنجەرەکە گەڕامە دواوە پاش بینینی دیمەنی ڕشانەوەکە ئارەزووی پەرداخێك شیرم کرد، چووم قتوی شیرەکەم هەڵپچڕی، سێ پەنجەی بەخاڵی شین کوتراوم تێدا بینی، لەو ڕۆژەوە هیچم نەخواردووە.

لەکاتی قسەکردندا کەسمان نەدەجولا، ژوورە بۆرە بێ دەرگاو سەرچینکۆکەش تا چاو بڕی دەکرد درێژبوو بوەوە، تارمایی سپی لەناویاندا ترنجابوون بەسەریەکتردا. من پێ دەچێت چەند جارێك هەناسەم دابێت و تەنها یەك جاریش بیرم کردۆتەوە ئەویش لەو بەیانیەی هێنامیانە ئێرە، پاش ئەوەی ژنەکەم قوتوە ماسیەکەی هەڵپچڕی، قژو نینۆك‌و ددان‌و وێڵداشمان تێدا بینی، پاش ئەوە منیان هێنایە ئێرە، ئێستا دەمەوێت سۆراخێکی ئەو ئافرەتە بکەم، دەمەوێت بزانم دوای ئەوەی هێڵنجمان دا چی بەسەرهات پاش ئەوەی دەم و چاوم شۆرد صابونەکە کەفی نەدەکردو لینج بوو، لە ئاوێنەکەدا دەم و چاومم بینی خوێناوی بوو، ڕوومەتیشم جێگا چنگی پێوە دیار بوو کە

سەیری صابونەکەم کرد پێنج پەنجەی قاچی راستم تێدا بینی، نینۆکەکانی درێژو چڵکن بوون... دەمەوێت بزانم چی بەسەرهات..

- کێڵگەکانی باشووریشی گرتەوە!

یەکێك پاش وەستان بە پچڕپچڕی وای وت، بەردەوام بوو تا پچڕپچڕییەکەی کەم بوەوە.

- لەوێ پاش ئەوەی پەینی دەستکردیان کردبوو بە زەویەکانەوە گوڵەگەنم و جۆو پرتەقاڵ و لیمۆکان هەڵئاوسابوون، کاتێك دەیانکردنەوە یاخود خۆیان دەوەرین لوت و مەمکە مژەو چاوو پەنجەو پێڵاوی لاستیکی لێدەردەهات ئەمەش دوای دوو رۆژ لە گێڕانەوەی دارتاشەکەی گەڕەکەکەمان زانیم کە کاتێك دارەکەی تاشیبو، خوێنی لێهاتبوو پاشان کراندبووی مەمکەمژەیەك و دەرپێکورتێك و سوخمەیەك و نزیکەی پەنجا چاوی تیادا دۆزیبووەوە ژنەکەشم قوتوە رۆنەکەی هەڵپچڕی بوو سێ ددان و زمانێکی تیادا بینیبوو خۆشم نەوتم کردە پەرەمێزەکەوە رەحەتیەکە گیرا کاتێك پاکم کردەوە پارچەیەك گۆشت گرتبووی پێدەچوو جگەر بووبێت، کە بەرمیلەکەشم بەتاڵ کرد گورچیلەیەك و دڵێك و دوو ددان و تۆپەڵێك قژ لە بنەکەی دا نیشتبوو.

- وابزانم ئەو خێڵانە بوون لێرە بردنیان!

یەکێکمان وای وت پاش ئەوەی زۆری لەخۆی کرد تا ئەوشتانەی بەبیرهاتەوەو رێکی خستن، لەوەتەی لێرەین زۆرمان توانای قسەکردن و بیرکردنەوەی نەماوە.

- ئەو خێڵانەی بە ئەسپ و سەگ و مریشکەکانیانەوە دزران و دیارنەمان...؟

- تەنها مەڕێکیان لێدەرچوو!

زۆرمـان هـەوڵیدا وێنـەی مـەڕ بێنێتـەوە یـادی بـەڵام هـەرجارەی بەجۆرێك دەبوو تا بەخۆیان وت پێیان بڵێ چیە. ئەویش تا ناوەڕاستی ژوورەکـە بەخشـان هـاتوو لاسـایی دەنـگ و رۆشـتن و گوێکـانی بۆکردینەوە، یەکێك هاواری کرد:

- ئەوەم بە منداڵی بینیوە!!

- دوای هەفتەیـەك بەسـەر رۆشـتنیان دا رشـانەوەکە دەسـتی پێکرد!

ئەوەی ئەم قسەیەی کرد پرسیاری لەبارەی دەرگاکەوە کرد ئێمـەش هەریەکەو لـەجێگای خۆیـەوە دیوارەکە دەگـەڕا کـە دڵنیـابووین دەرگـای تێدا نیە دانیشتینەوە.

- دەنـگ وباسـەکان دەیـان وت ئـەو خێڵانـە ئەتلـەنتیکیان نغـرۆ کردو کتێبەکانی بەغدایان کردە دجلەوە.

- بەڵام....

ئـەوەی لـە ناوەڕاسـتەوە دەڕۆشـت ویسـتی قسـە بکـات بـەڵام چـەند هـەوڵیدا هیچـی بـۆ نـەوترا هەربۆیـە پێکـەنی، پێکـەنینێك دانـەکانی لەگەڵیدا دەکەوتنە خوارەوە. هەوڵمان دا زمانی ببینین بەڵام...

- هەروەها باسی کارەکەرە هەشت پەنجەکانی (کوێت) یـان کـرد کـە بەپرچـیان زەوی دەمـاڵن. دەنـگ و باسـەکە وتـی ئەمانـە زۆر حەزیان لە سەوزاییە هـەر بۆیـە لـەناو پاکـەتی جگـەرەو مەمکەمژەو پێڵاوی میوانەکاندا گژوگیا دەڕوێنن. دکتـۆرێکیش رایگەیانـدبوو

که منداڵێك پاش هەفتەیەك لە شیر خواردنی، بەدەستی ئەمان، گیا لەدەم و لوتیەوە سەری دەرهێنابوو. تۆوی ئەو گوڵەی گرتبووی لە وڵاتدا نیە، پاشان باسی بوژاندنەوەی پیشەسازی ناوخۆو سۆزانیە سێ مەمکەکانی ئوسترالیایان کرد کە بە زمانێك قسە دەکەن لە فەرهەنگی خەڵکی ناوچەکەدا نیە، لە درێژەیدا وتی ئەم سۆزانیانە لە ئاودەستەکاندا دەیان خەوێنن چونکە دەرامەتی کەم دەهێنن.

هەموومان لە قسەکردنی سەرسام بووین کە لەگەڵ وشەکانیدا ئەو وشانەمان دەهاتەوە یاد، ئەو وشانەی سێمانگە بۆیان دەگەڕێین.

- بەڵام بۆ کوێ گەڕانەوە؟

وابزانم هەرئەوەی پێشوو کە قسەکەی بۆ تەواو نەکرا وای وت.

- دەنگ و باسەکان وتیان بۆ قوڵایی بیابان بۆ زەوییە لمینەکەی باپیرانیان کە مەڕو ماڵاتی تێدا بەخێو دەکەن و ژێرەوەشیان دا بەمان تا بیچێنن، بەڵام چەند پلیکانەیەك دەچێتە خوارەوە لەوێدا هەموو شتێك دەبێت بە لم، بۆن، ئێسك، کراس و کێلگەکانیشیان.

- گۆشتی قەساب و خەلو صاصەکانیش هەر ئەوانن؟!

– جگەرەو چیمەنتۆو کرێمی ددانیش!!

- ئافرەتەکانی بە ئوسترالیا فرۆشران ئێستا لەگەڵ کەنغەرو مەیموندا دەیان نوێنن تا نەوەیەك سۆزانی بخەنەوە توانای هەبێت لەیەك کاتدا لەگەڵ 7–8 پیاودا بنوێت.

جارێکی تر دەنگی منداڵەکە هاتەوە..

- ئێوە ئەوانە نین سێ مانگە کوێربوون؟

- بەڵام بۆ کوێمان دەبەیت؟

- کەس و کاری ئەو خێڵانەی بردنیان، لەپێش سێ رۆژەوە کەوتونەتە کڕینی قوتوی پەنیرو گۆشت و رۆن و کرێمی ددان و صابون و نەوت ... دەیان بەن لە گۆڕستان دا دەیان نێژن، هەرقوتوە و لەسەر کێلەکەی ناوی یەکێك لە خزمەکانیانی لێدەنوسن کە گەڕانیاننەوە بۆ بیابان

- برسیمانە!.

لەوکاتەدا هەستمان کرد نزیکەی سێ مانگە هیچمان نەخواردووە.

*　　　*　　　*

# □ ڕێگا مردووەکان

ڕێگاکان مردبوون، زەرد و سیس درێژبووبوونەوە و بۆنی پیرێتیان لێدەهات. بە تەنیشتیانەوە گوڵو دەوەن و گیا لەژێر توێژاڵی زەردی خۆڵدا مت بوو بوون و تامی جیاجیای مردنیان بڵاودەکردەوە. ڕێگاکان بەبێ خەون درێژبووبوونەوە. ئەمان لەپێش زماندا کێشران، لەپێش وشەدا بەدەشتەکان، بە چیاو لێوارو جۆگەکاندا خزان. لەپاشاندا کەسێك نەیدەتوانی دڵنیا بێت لێیان. زۆرن ئەوانەی دەڵێن ڕێگاکان وشە کوشتنی پاش ئەوەی ڕستەکان بێ توانابوون لەبەردەم مردنیدا، کەمن ئەوانەش کە دەڵێن ڕێگاکان لە سەرتاوە مردبوون. بەڵام هەموویان لەسەر مردنی ڕێگاکان کۆبووبوونەوە، چاوەڕوانی ڕزاندبوونی (چاوەڕوانیی ئەو ڕێگایانەی گومانیان دەکرد لەوەی خەونی یەکێك بێت) لە کۆڵان و گازینۆو بەردەرگاکان دادەنیشتن تا ئەو خەونانە بگێڕنەوە کە نازانن کەی بینیویانە.

دەیان وت ئەو ڕێگایانەی بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات پاش ئەوەی جۆگە لیخن و چیا سستەکان دەبڕێت دەگاتە شارێك بە سەما دەدوێن و

درەختەکانیان بۆنی قەوزەی لێدێت بەڵام لەوێ ئاو نییە، ڕێگای باکوریش، پاش بڕینی چیا شووشەییە بەفراوییەکان، دەگاتە سەر دەریا زیوییەکان کە ماسیگرەکانی بەدیارییەوە دانیشتوون تا سەرسامی رووناکی بن بەڵام لەوێ ئاگر نییە.

ڕێگای باشووریش پاش ئەوەی لە بیابانە سورەوەبووەکان و پاشماوە بە لم بووەکان دەردەچێت دەگاتە شارە زۆنگاوییەکان کە خانووەکانیان بەسەر ئاوەوەیە و گوێ لە گەورەبوونی قامیش دەگرن بەڵام لەوێدا هەوا نییە. ڕێگاکانی خۆرئاواش دەگاتە.. دەگاتە چی؟

وا هاواریان دەکرد پاش ئەوەی بیریان دەکەوتەوە کە خەونەکانیان تێکەڵ بووە.

لەوکاتەدا منداڵێك خۆی دەکردەوە بە قسەکانیاندا، پاش ئەوەی بەدەم راکردنەوە پێڵاوەکانی داکەندرابوو، هەر لە دوورەوە هاواری دەکرد:

- جارێکی تر گەڕایەوە!

ئەو منداڵانە، بە ڕۆژ دەچوونە سەر ڕێگاکان تا خەونەکان بگێڕنەوە و لەبەریان بکەن.. خەونەکانی باوکیان. سیمایان پیرترین پیاوی دەنواند و پێستیشیان چاوەڕوانیی ساڵانێکی زۆری تێدابوو.

- گەڕایەوە؟!

- دەشێت ئەمە خەونی مێردمنداڵێك بێت!!

وایان پێوت، پاشان دەچوونە سەر ڕێگاکان، دوور لەسەر رووە زەردهەڵگەڕاوەکەی دەیانڕوانی. لەسەر ڕێگاخۆڵە جێهێڵدراوەکەوە کە ساڵانێکە کەسی پێدا نەڕۆیشتووە، لەو جێگایەی وێنەکان لەسەر توێژاڵی تەنکی چاویان تەلْخ دەنوێنێت، تارماییەکەی دەبینن.. خاڵێکی رەشەو دەکشێت.

منداڵەکە جارێکی تر لە گێڕانەوەکەی بەردەوام بوو:

- خـاڵێکی ڕەش بـوو دەکشـا، لەپاشـاندا لوتـە چـەماوەکەی و چرچە کوێستانیەکەی دەم و چاویان بینی کە لە لـێوردبونەوەیدا هەنـدێك دەنگـی سـەیریان دەبیسـت. دەزانـن ئـەو کەسـە دەبێـت بەسـەرهاتی ڕۆژە لـەبیرکاوەکانیان بـۆ بگێڕێتـەوەو باسـی هـەموو شـتێك دەکـات تـا ئـەورۆژە خۆشـانەی بۆیـان دەهێنێـت. دێـت لـە دوورەوە لــە کــۆڵانو ماڵــەکان ورد دەبێـــتەوە، لەوپــەڕۆ ڕەشـــە هەڵواسـراوانەی ئـاوی چـاو دەبـەن و بـەخوێن دەنەخشـێنرێن، لـەو خانووانــەی پارچــەیەکی درێــژکراوەی زەوییــە خۆڵەکــەن و ئــەو خانوانـەش بەشووشـە هەڵچـنراون. لـەو دوورەوە لـە چرچـی دەم و چاو و تاڵە سپیەکانی ریشو قژیان ورد دەبوەوە. ئەوکاتە خۆر لار دەبێتەوە و لەخاڵێکدا باڵندەکان دەکەونە گۆشەیەك نابینرێن تالـەو خاڵــە دەرنەچــن.. خــاڵێکی ڕەش بــوو دەکشــا بەســەر ئــەو ڕێگــە زەردەی تــەنیا چـاوەڕوانی لـێبوو کـە ئەوسـا لـەکاتی تێپـەڕینی کرێکارەکانـدا و بـەدەم گۆرانی وتنیانـەوە پـان دەبـوو. منـداڵانیش بەدزییــەوە ســەیریان دەکــرد و دەیــان بینــی پــان دەبــوو، بــەردو کرێکــارو بنجــەگیاکانی سەریشــی گــەورە دەبــوون و گوڵــەکانی دەپشکوت.

دەیـــانزانی، ئەوســـا هـــەموو دەیـــانزانی، لـــە گەڕانەوەشـــیاندا کرێکارەکان، بەدرێژایی کاتژمێرەکەی ڕێگا، گۆرانی خاو و غەمباریان دەوت کە لە لاواندنەوەی ژنە پرسەدارەکان دەچوو.

پـێش ئـەوەی گاورسـورخ بەماوەیـەکی کـەم دەرکـەوێت چـاوی بـۆ دووکەڵی کوورە گەچەکان گێڕا. بەڵام هیچ نەمابوو. هیچی نەبینی جگە لـە شـوێنەواری کـوورە رووخاوەکـان کـە تێکـەڵ بـە خـۆڵ ببـوون، بـەلای

دوایەمینیاندا تێپەڕی و گۆرانی کرێکارەکانی دەوتەوە کە بە منداڵی لەبەری کردبوو.

لەم بەرییەوە، لەماوەی لێلاّیی چاویدا کۆمەڵێك راوەستاون، لەو دووریییەوە دەیانویست چاوی بخوێننەوە، چونکە دەیانزانی ئەو رێگایە بەتەواوی چۆڵکراوەو سالاّنێکە کەسی پێدا نەهاتۆتەوە جگە لە مردوو.

- ئەو رێگەیە دەچێتە سەر دۆزەخ!

دەیانزانی ، بەلاّم یەکێك بەدەنگی بەرز وتیەوە تا دڵنیابنەوە لەوەی ئەو رێگایە ناگاتە هیچ. دەڵێن ئەو رێگایە تێك شکاندنی زمان دروستی کردو دەچێتە سەر ئەو شارانەی کەس خەو بەداهاتووەوە نابینێت، لەوێ بەدوای نەمریدا ناگەڕێن چونکە ئەوێ خۆی نەمرییە.

بەلاّم زۆرن ئەوانەی بەشەکەتی پاش ئەوەی پیر بوون، وەك ئەسپێکی پیری ماندوو بەو رێگەیەدا گەڕانەوەو خۆیان کردەوە بە چایخانەکاندا و لەوێدا کەس پێی نەزانین و مردن. ئەو مندالاّنەش لەو سەفەرەدا لەدایك بوون، بەبیرنایەت گەورە بووبن.

سەختی رێگا وای کردبوو چەندان وشە دروست ببێت کە بۆ هەمان واتا بەکاربێت تەنانەت لە زۆرکاتدا وشەی مردنیش بۆ (سەختی) بەکار دەهێنرا ئەمەش گەڕۆکێك لە یاداشتەکانیدا نووسی بووی پاش ئەوەی بەهەڵە رێی کەوتبووە ئەم شارۆچکە لەبیرکراوەی دەرەوەی هەموو شتێك، باسی ئەو جەنگە درێژانەی کردبوو کە لەسەر بەکارهێنانی یەکێك لە دوو وشەی هاومانا هەڵدەگیرسێن بەلاّم تەنیا جارێك واتا نەبۆتە گرفتیان.

لە کتێبێکی کۆندا، کە لە هەوڵدانێك دەچێت بۆ دانانی ئەنسکلوپیدیایەك، تەنیا یەك دێڕ لەبارەیەوە نووسراوە ئەویش

بریتیبوو لە "گاورسورخ وڵاتی جەنگی خوێناوی وشەکان". ئەوانەی دەگەیشتنە گاورسورخ ڕێگایان هەڵە کردبوو چونکە هیچ ڕێگایەك نەبوو بچێتەوە سەری، کاتێکیش دەگەڕانەوە دەیانویست کتێبێك لەبارەیەوە بنووسن، بەڵام نەیاندەزانی چۆن گەڕاونەتەوە و هیچیشیان لەیاد نەدەما جگە لەو خەونە زۆرانەی لەوێدا بنیبویان. (ئیتالۆ کالفینۆ) ش کاتێك گەشتەکانی (مارکۆ پۆلۆ) لە (شارە ئەندێشە کراوەکان) دا دەنووسێتەوە باسی ئەم شارە ناکات کەپێدەچێت مارکۆپۆلۆ پێیدا تێنەپەڕیبێت. شەرەفخانیش جگە لەوەی سەبارەت بە پادشاو فەرمان ڕەوایانی بیستبوو باسی هیچی تر نانووسێت. چونکە ئەم زەوییە لەدەرەوەی جوگرافیای ئاسایدایە.

لێرەدا دەگەیتە شیعر، هەمو شتێك دەبێتە شیعر، دواندن، شار، دروست بوون، خۆشەویستی،رابردوو، جووت بوون و داهاتووش. لە پشت شیعرەوە باسی هەموو ئەمانە دەکەن، لەودیو وشەکانیشەوە مردن وەك تەمێکی کاڵ دەینواند.

لێرە مردن لەلایان درێژکراوەی ژیانە، شەوانان لەگەڵ کوژراوانی ئینگلیزو سوارەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دادەنیشن و بەدەم چا خواردنەوە و کێشانی جگەرە قورسەکانەوە باسی دوایەمین هەواڵ / خەونیان بەشیعر دەکەن. لێرەدا جیاوازی نێوان مردن و ژیان نییە تەنیا لە لێك دانەوەی مانا زۆرەکانی ئازاردا نەبێت.

- تەنیا مردوو دەهێنێتەوە!
- کە دەگەڕێتەوە باسی هەموو شتێك دەکات و ئاگر لەبەرزاییەکاندا دەکاتەوە؟

ئەوکاتەی لە ماڵەکان نزیك دەبێتەوە هەوڵ دەدات نووسینی سەردیوارەکان بخوێنێتەوە بەڵام نەیدەتوانی لەمانای ئەو دێڕە

ناشیرینانه بگات که خەونەکانیان تیادا حەشاردابوو، دیوارەکانیش سەرسامی دەکەن و یەکەمین جارە بە رەنگی جیاجیا بیانبینێت لەوەی بە منداڵی هەمووی بۆربوون. دیوارەکان نزم ترو نەخشێنراوترن. لەو کۆڵانانەدا بۆنێکی خەستی ترشاو دێت، بۆنی پیسایی دیلەکان کە بەناو شاردا گێڕایانن پاش ئەوەی مادەی رەوانیان لە خواردندا دابوونێ. منداڵان تا ئێستاش لاسایی دیلەکان دەکەنەوە، دیمەنی پۆلە دیلێکی ریزکراو لەسەرەتادا رێك دەڕۆن و دەستیان پێکەوەو قاچیشیان لەیەك کاتدا دەجووڵاند تا ئەو کاتەی پێچ بە سکیاندا دێت و ئازارێك لە کۆمیاندا دروست دەبێت، هاوار دەکەن:

- بمانکوژن.. گەر دەتوانن..

خۆیان پێ راناگیرێت و پیسایی بە جلەکانیاندا دەکەن. قاقای تەماشاکەران تێکەڵ بە بۆن و ئەو بایانە دەبێت لێیان بەردەبێتەوە. زۆر هەوڵیان دا ریزەکانیان تێك نەچێت تا وایان لێهات دەکەوتن بەزەویداو منداڵانیش بەدەم لاساییان دەکەنەوە. دێتەوە یادیان، خەونی سامناکی ئەو جەنگەی لێرەوە تێ دەپەڕێت. جەنگێك چەکدارەکانی جوانی شەونم دەماڵن و لە گزنگدا منداڵان فێردەکات رەنگەکان بدزن، دەترسن لەو جەنگەی لێرەوە تێپەڕی. بەبەردەم قەرەباڵغیەکەدا تێدەپەڕێت کە ساڵانێکە لەوێدا چاوەڕوانی دەکەن.

تێدەپەڕێت و دەیان ناسێتەوە، ئەو پیاوانەی لەژێر دووکەڵی جگەرەکانیاندا پیرتر بوون. ئەو ژنانەی تەنیا بە مەمکە ئاوساو و شۆڕەکانیاندا دەزانرا ژنن وئێستا پیرتردەنوێنن، کرێکارە هیلاکەکانی بێکاری. هەموویان دەناسێتەوە، پیر تر شێواوتر لەوەی بوون.

- لێرەوە دیلەکان تێپەڕین و نەمان بینین.

دەڵـێن پـاش جەنگەکـە تێدەپـەڕن و لەوخوارانـە، لـەناو تەپۆڵکـەو دەوەنـەکان دەسـووتێنرێن. بـەڵام تـەنیا ئـەو منداڵانـە نـەبێت کـە لەسـەر ڕێگەکـە دادەنیشـن و ئـەو خەونانـەمان بـۆ دەگێڕنـەوە. ئـەگینا کـەس نەیبینیبوون لێرەوە تێ پەڕن، تەنیا ئەو منداڵانە نەبێت.

پاشـان بـەرەو دەشـتاییەکە بردنیـان لـەوێوە نـەزانرا چییان لێهـات. ئێوارە کە منداڵەکان گەڕانەوە وتیان:

- نازانین هەر بەدەشتاییەکەدا ڕوەو شەو بردنیان.

ئـەو منداڵانــەی بــەڕۆژ دەچــوونە ســەر ڕێگاکــان و خەونــەکانیان دەگێڕایەوە بەردەوام دەبوون:

- پـاش ئـەوەی لـەکوورە گەچـەکان تێدەپـەڕیت دەکەوێتـە سـەر شەقامێکی ترشاو، بە بەردەم قەرەباڵغی بێکارە خوێن فرۆشـەکاندا ئەوانەی ڕەنگی زەردیان جگە لـە تـامی جیاجیـای مـردن هیچـی تـر نادات، دەڕۆیت.

لـە پشـت ئەمانـەوە سـەرەتای دەرکـەوتنی ئـافرەت بـۆ یەکـەمین جـار دەبینیت کە پاش گەڕانەوەت لـە خـانووە ئەسـتورو تـاق کەوانەییـەکانی قـەڵا دێنـە خـوارەوە، ئـەو قەڵایـەی ناوەڕاسـتی شـار کـە خەونـەکانی سـەرکەوتن دروسـتی کـردن، و دەڕژێنـە سـەر ڕێگاکـان. لەگـەڵ خۆیانـدا بۆن شێی ژوریـان هێنـابوو، ئـەو ژوورانـەی تـرس و گومـان لـە کچێنیان خزاندبوونیــە ناوییــەوە. ڕۆژانێــك بــوو لــە بــەردەم پەنجــەرە و پشــت دەرگاکانـدا خـەویان لـێدەکەوت و خـەونیان بـە ترپـەی پـێ و دەرەوە دەبینــی. ئــەو کاتــەش دوور لــە هــەوای ژوورەکــان هەوایــەکی تریــان هەڵمـژی هەسـتیان بـە خاوبوونـەوە دەکـرد تـا پـاش کـەمێك عـەباکانیان دەکەنەوەو هێواش دەکەونە سـەر پێکـەنینێك کـە بـۆنی یەکـەمین ماچـی لێدێت بە دزییەوە کراون.

ئەوان قورسترین جەنگ، سەختترین کۆست نەیهێنانە دەرەوە تەنیا تۆ.. پێش گەڕانەوەی باوکە نەخۆش و قەبزەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. بەحەسرەتی چێژی ئەو بۆنەی لەگەڵ پێکەنینیاندا دێتە دەرەوە و پێستیان ساف و تەڕتر دەنوێنێت.

ئەو شەوە بەدزییەوە لەگەڵ شنەی بادا دەنوون، خۆیانی بۆ رووت دەکەنەوەو لەژێر ئازاری یەکەمین لەزەتدا جارێکی تر کچێنیان دەدڕێتەوە. بەدەم پێکەنینەوە ئاوس دەبن. پاش ئەوەی رووتی دەکردنەوە لەپەنجەرەکانەوە جوانترین کوڕی بۆ دەهێنان تا سمێڵە تەنك و نەرمەکانیان بە سنگیاندا بخشێنن و بەنینۆك پێستیان بڕووشێنن تا هەست بەتەڕایی بکەن لەدەمارەکانیاندا. دەمەوبەیان هەر لە پەنجەرەکانەوە کوڕە باڵابەرزەکان دەڕۆیشتنەوە، ئەمانیش بەرووتی لەسەر جێگا خوێناویەکانیان و لەناو یادگارییە گەرمەکانیاندا رادەکشێن تاگوێ لە پرخەی باوکە فێیاوی و برا نەخۆشەکانیان بگرن.

کاتێك بێزار دەبیت و لایان دەڕۆیت دەگەیتە لای کۆمەڵێکی زۆر لە پیاوانی سوارەی حەمیدییە، کە هێندە نیە لە راوی ئەرمەنەکان گەڕاونەتەوە، پیاوانی خولەپیزە و تفەنگ چییەکانی شێخ و ئیبن خەلەکان و لەگەڵیان دا دەنیشیت. دوور لەمانیش پیاوێك بەردەوام دەگەڕێت و نازانرێت کوێیە هێندە نەبێت لەجەنگەکانی سەلاحەدینی ئەیوبیدا ئەسپەکەی دەپێکرێ و جێ دەمێنێت.

- ئەویش بەخەونەکانماندا گەڕایەوە!

دادەنیشن باسی کۆتایی رێگا زەردەکەیان دەکرد، رێگایەك زەوییەکانی دەوری زەرد هەڵدەگەڕا. مێروو باڵندەی تیا نەدەژیا. زەوییەکی وشك بوو.

- لەگەڵ مردنی رێگەکەدا مردین!

پیـــاوان وایـــان دەوت پـــاش ئـــەوەی چـــاوەڕوانی پێســـتیانی قڵیشـاندبوو. دادەنیشـن بەرامبـەر ڕێگـا مردووەکـە چـاوەڕوان دەبـن... تـۆش پـاش ئـەو هـەموو چاوەڕوانیەیان بـۆت، خـوێن سـاردانە لـەلایان دادەنیشـیت. لـە پشـتیانەوە منـداڵ و هـەرزەکان بەخـەتێکی نـاخۆش لـەدیوارەکان دەنووسـن. ئـەو منداڵانـەی رابردوویـەك قسـە بـوون لـە ئێستایاندا. دەم و چـاو چرچـاوی پشـتیان کـووڕ و سـیمایان پیرتـرین پیاوی دەنواند.

منداڵێك خۆی دەکردەوە بە قسەکانیاندا پاش ئەوەی پێڵاوەکانی داکەنرابوو، هەر لەدوورەوە هاواری دەکرد: جارێکی تر گەڕایەوە!

ئەوانیش پێیان وت:

– دەشێت ئەمە خەونی عازەبێك بێت!

*                    *                    *

---

* گاور سورخ : شارێکی ئەندێشەیی‌یە

هات، لەنێوان کۆمەڵێك وێنەی تێکدراو بەسەریەکدا، لەوێدا وەستا کە هێشتا وێنە و رەنگە تۆخەکان بەناو یەکدا دەرژان. پێش دەرکەوتنی ئەو هەموو شتێك بەخێرایی رووی دەدا. جێگاکان زۆر زوو دەگۆڕان، دابەش بوونی رەنگەکان لەخۆوە بوون تا ئەو لەو قەرەباڵغیەوە هات. لەکۆلانێکی تەسکدا بەرامبەرم وەستا، ویستم رابکەم بەلام ئەو بەچاوە هیلاك و خاوەکانی بەستمیەوە. شتێك لە هەناومەوە دادەبەزییە خوارەوە قورس قورس تا گەیشتە قاچم و لەگەڵیدا پێمی بەزەوییەوە نوساند، بەهێواشی وتی:

- بۆ هەڵدێی، من زۆر ماندووم، خەریك بوو رێگا بمخوات تا دۆزیمیتەوە.

زانیم لە رەنگە وشکەکەمدا راکردنی خوێندەوە، هەستم دەکرد لم بەدەمارەکانمدا بڕوات.

- لە ئێوارەوە دەگەڕێم تا دۆزیمیتەوە، هەرچەندە بۆ تۆ نەدەگەڕام. هەر کەسێك بیتوانیایە لەوێم دەرباز بکات.. لە گاورسورخ.

نەمدەزانی چی بڵێم.. ساکارترین پەیوەندی وشەو رستەم بیرچووبوەوە، رستە دروست نەدەبوو.

- با دانیشین!

ئەوکاتە لەسەر کورسیەکی باخچەکە دانیشتین، سەرنجی کراسە سورەکەیم دا، کراسێکی سور، گوڵی پەڕەشین و سپی وەك پەڵە لەسەری بڵاوبووبوەوە، رەنگەکە لەگەڵ درەختە سپیەکانی پشتیەوە تێکەڵ دەبوو، تارا سپیەکەی لابرد لەسەر پێستە سپی و تەڕەکەی چەند جێگا چنگێکی پێوەبوو.

- سەرسامیت! گەڕام تا دۆزیمیتەوە، لە ئێوارەوە راکشام خەو بەدەرەوەی زەوییەکانی ئاغاوە دەبینم، بەدەرەوەی گاورسورخ تا تۆم بینی. من یەکەمین کەسم توانیم هەڵبێم. سەیری شەکەتیم، تەنیا من توانیم لە پاسەوانە دڵ رەقەکان رابکەم، لەوێ تا ئێستا باڵندەش لە سنووری زەوییەکانی... دەرنەچووە، لەسەر بەرزاییەکان راوچی رواندووە، لەژێر لێزمەی باران و کرێوەو قرچەی گەرمادا راوەستاون تەنانەت نیشانە لەو باڵندە تیژڕەوانە دەگرنەوە کە بەرەو ئەودیو دەڕۆن و دەیانخەنە خوارەوە توانیم لە سیرەی تفەنگەکانیان رابکەم، تفەنگی ئەو پاسەوانانەی نەبینراون نان بخۆن و پشوو بدەن، بەردەوام چاو دەگێڕن.

+ ئەمە خەوە؟

وشەکان پچڕ پچڕ و گران هاتنە دەرێ، رەنگە کراوەکەی ئارامی پێدەدام و هەستم بەکۆنی ناسینی دەکرد، لەوەی نەبزوا، بە ترسەوە دوام:

- ئا ... پێش ئەوەی بتبینم زۆرم چەشت، ئێستا لەوێ خزێنراومەتە ژورێکەوە، تەنیا لە ژورێکی تاریك، لەسەر دیوارەکانی فەرشی سەرسوڕهێن هەیە، تفەنگێك لەنێوان دوو خەنجەردا هەڵواسراوە، یەکێك لە فەرشەکان وێنەی کۆمەڵێك

راوچی تێدایە، دەستێك نوێنی خاوێنیش لەسەر فەرشێك راخراوە کە بۆنی توتنی لێدێت، لە خوارەوەی ژوورەکە گۆزەیەکی ئاو و پارچە گوریسێك دانراوە، لەسەر سنوقێکی تەختەی کۆن رادیۆیەك دانرابوو، ئاوێنەیەکی گەورەش لە تەنیشتیەوەیەتی، من ئێستا لەوێ راکشاوم، خەوتوم، دەستم لەسەر سنگمەو، خەوی ئەم بەیەکترگەشتنە دەبینم.

هێشتا لەسەر هەمان کورسی دانیشتبوین، دارە بەرزەکان بوونە گەچ و هەڵدەوەرینە خوارەوە، لەگەڵیدا بارانێکی خوڕ دایکرد، دەستیم گرت و رامکێشا بەبێ هیچ وتن ... دەمزانی بۆ کوێم دەبات، شۆستەکان چۆڵ بوونو دوکانەکان داخرابوون، جارجار ئۆتۆمبیلێك تیژ تێدەپەڕیو ئاوی بەهەردوو لادا هەڵدەدا.

- چووینە شەوەوە؟

+ دەمێکە چراکان داگیرساون!

چاکەتەکەم دا بە شانە روتەکەیدا، قژە تەڕەکەی، پاش ئەوەی تۆپەڵی کرد، بەسەر چاکەتەکەیدا بڵاوکردەوە، بەپەلە بەرەو ئەو دوکانە کراوەیە چووین کە روناکیەکی کزی لێوە دەهات، شۆستەکان ژێر ئاو کەوتبوون، هەندێك جار بازمان دەدا لەگەڵ ئەوەی ئاو گەیشتبوە قاچمان، دوکاندارە پیرەکە لەبەر چرایەکی کز خەوی لێکەوتبوو، تەنیا چەقۆی دەفرۆشت، جۆرەها چەقۆ.

- بەڵام ژەنگ لێی داون!

دوکانداری گۆشەکە لە دورەوە پرخەی دەهات ئاویش قاچی داپۆشی بوو، لەبەردەمیدا بۆیاخی پێڵاوی دانابوو.

- چی دەکەیت؟ من هیلاکم.

+وابارنەکە خۆشی کردەوە، دەڕۆینەوە.

ئۆتۆمبیلەکان تیژ تێدەپەڕین، خەڵکی سەریان هێنابووە دەرەوەو گۆرانییان دەوت، تیژ تێدەپەڕینو دەنگیان لەدەنگی پرخەی پیرە نووستوەکە دەچوو کەلەناویاندا دانیشتبوو.

– کەمێکی‌تر دەمێنمەوە تا ئاغا دێتە لام!

وای وت‌و لەسەر کورسیەکەی بەرامبەرم دانیشت، پاش ئەوەی لەشەقامەکە پەڕینەوە و دەرگای ئۆتۆمبیلێکی کردەوە، لەپێشەوە سەرکەوت، پرچی کردەوە و کەوتە راوەشاندنی، دەم‌وچاوی سپی تر دەینواند و جێگا چنگەکانیشی کاڵ بوو بوونەوە، لە ژورەکەدا سێ تاك قەنەفەو مێزێك‌و چەند وێنەیەکی هەڵواسراو هەبوو، ژوورەکە بۆنی گژوگیای لێدەهات.

+بۆ وا پەلەیت؟ بۆنی باڵندەت لێدێت.

لەو دەشتەدا هەستمان بەگیزەی مێروو، خرمەی بارانو خوڕەی جۆگا دەکرد، ویستم پێی بڵێم بێتە ئەم لاوە تا لە دڵۆپە بارانەکان دوور بێت، بەلاّم دڵۆپەکان بەپێستیدا دەچوونە خوارەوە.

+تۆ وەك رەنگی ئاویت.

–پەلەم، هاتووم بمکەیت بەژنو بگەڕێمەوە.

جارێکی‌تر پیرە چەقۆ فرۆشەکە بەبەردەم پەنجەرەکەدا تێپەڕی.

+ئەمە خەوە؟!

– دەمێکە دەگەڕێم، لەو کۆلاّنەدا تۆم بینی زانیم ئەوە دەبیت کە رزگارم دەکات، تۆ لە کوێ دەژیت، من ناتناسم‌و بەرێکەوت پێت گەیشتم، لەو ژورەدا عەسر دوو ژن هاتنە لام دەستیان گرتمە خەنە، رازاندمیانەوە پەنجەیان کرد بەبن باڵو ناوڕانمدا تا پڕی کەن لەگوڵاو، قژە خەنە تێگیراوەکەمیان شۆرد، پاش وشك کردنەوەی دانیشتووم چاوەڕوانی کەڵەکەیانم.

+ئەو جێگا چنگانە چییە؟

– دواتر کەئاغا دێت هەڵیان دەکەنێت!

هەستا، پەرداخێك ئاوی هێنا بەبێ ئەوەی بیخواتەوە لێی رامابوو.

–لەخانوەکەیدا کۆمەڵێك ژنی هەیە هەریەکە و لەژورێکدان، جار هەیە هەموویان روت دەکاتەوەو پرچیان پێکەوە گرێ دەدات، پاشان یەك یەك سواریان دەبێت ئەوانیش لەبەردەمیدا دەکەون، لێیان دەدات، مەمکیان هەڵدەگلۆفێت و گازیان لێدەگرێت ئەوانیش شەکەتییان لێدەچۆڕێت. لەبەردەمیدا دەکەونو دەیلێسنەوە و یاری بەگونی دەکەن، تاڵ تاڵ سمێڵی دەمژن، دەست بەسنگە توکنەکەیدا دەخشێنن بەڵام ئەو رایان دەکێشێتە بەردەمی و وەك ئەسپێك پرمەی دێت و خۆی دەدات بەسەریاندا، دەقیژێنن، دەکەون بەسەرپێیدا و دەپاڕێنەوە.

– بەسە ناو قەدم پچڕا!

– ئەمە ئاونییە قوڕقوشمە.. سوتام.

کاتێکیش چاوەکانی قورس دەبنو هەست بەبروسکەی ئازار دەکات وازیان لێدەهێنێت و بەرامبەریان دادەنیشێت تا بەگریانیان گەشکە بگرێت، گریانیان بەدەم ئەو پشکۆیانەی کردبوویە منداڵدان و ریخۆڵەیانەوە، پاش هەموو ئەمانە بەرەو حەوزی ئاوەکە دەڕوات، سێ جار خۆی تێهەڵدەکێشێت، زستانانیش زوقمەکەی دەشکاندو خۆی تێ فڕێ دەدا، لە دووایشدا لەسەر بەرماڵە راخراوەکە پاڕانەوەیەکی دوور و درێژی دەست پێدەکرد و لەگەڵیدا بچوك دەبوەوە. ئەو باجی لەسەر هەموو شتێك داناوە، ئەو گوڵە کێویانەی لەسەربانو حەوشە دەڕوێن، دڵۆپی باران کەبەسەرتا دەبارێت، هەروەها سورانەی کچانیش.. پاش مارەکردنیان یەکەم شەو دەچێتە لایان، هەرچی کچی ناوچەکەیە ئەوان دەیکەن بەژن هەر بۆیە لەو ماڵەدا کەس

بە بیری نایەت کچێك گەورە بووبێت. مامانە پیرەکان دەڵێن گەر یەکێك لەژنەکانی کچی بوایە بەدزییەوە فڕێی دەدا. (کاتێك کەمژدەی کچ بدرایە بەیەکێك لەوان قینی هەڵدەستاو رووی رەش دادەگیرسا، خۆی لەخەڵك دەشاردەوە لەبەر نەنگی ئەو مژدە ناخۆشەی کەپێی دەدرا (بیری لێدەکردەوە) ئایا بیهێڵێتەوە لەسەر نەنگو ریسوایی یا بیکات بەژێر خاکەوە) * ژنەکانی کۆمیان دەبووە برین چونکە ئاغا بەدواوە لەگەڵی دەکردن پاش شەوی یەکەم، ئەو پەڵە برینانە چاك نەدەبوونەوە مەگەر دووای مردنیان، یەکەم شەو قیژەی بوکێ لەم سەری زەویەکانی تا ئەو سەری وەك بریسکە دەڕۆیشت، لەتاریکیەکەدا تێکەڵ بە وەڕینی سەگو تەقەی پاسەوانەکانو چاوەڕوانی زاوا دەبوو، دایکم دەڵێت ئاغا کە پیربوو کچە مارەکراوەکەی روت دەکردەوەو پاڵی دەخستو وەك ئەسپێکی پیر لەلایەوە دادەنیشت، دەستی بەناو ڕانیدا دەهێناو دەگریا، لەرز دەیگرت، لیك بەدەمیدا دەچۆڕا، گوێی لەپاڕانەوەی کچە نەدەبوو، چونکە دەبوایە خوێن ببینێت، خوێن تا ئەو شەوە لەپرخەدا نوقم بێت، پاش ئەوەی دەیبەستەوە بەپەنجە یاخود بە گۆچانەکەی کونی دەکرد ئەوسا پەنجەی لەخوێنەکەی وەردەدا.

– تۆش پەنجەت لەخوێنم وەردە.

دەیوت رۆژانێك بوو ژنەکانی لێی دەپاڕانەوە تاوازیان لێبهێنێت، لەژێریدا کچێك مرد، یەکێکیتر شێت بوو، دانەیەکیتر ئیفلیج و نەنکیشت باوکی ئەم کوێری کردو خۆشم تا ساڵێك لەجێگەدا کەوتم، تا ئەو شەوە دەیتوانی ماینێك بەچۆکدا بهێنێت، ئەو شەوەی خەسێندرا. کچێك تۆپەڵێك گڕبوو، پێستی مسیو لەکاتی دەست لێدانیدا دەبریسکایەوە، گڕبوو.

ئەو شەوە لە ئازاری هەموو عاشقە ئەتککراو ئیفلیج و کوێرەکان خەساندی. هیلاك نەدەبوو، نیوەشەو لەناو رانیدا کەوتو دەپاڕایەوە "بەسە وازبهێنە" بەڵام ئەو لە گەرمەی بریسکانەوەو داگیرساندا بوو ئەمیش نەیدەویست لەو لەشە دورکەوێتەوە هەموو ساتێك کیسەیەك لەزەتی لەلەشدا دەتەقاند و هەستی بە پڕبوونەوەی تاڵە بۆشاییەکانی لەشی دەکات.

دەمەو بەیان کەوتە گریان بەدەم ئازاری گونیەوە دەگریا.. گەشتبووە خوێن، لەگەڵ هەر دڵۆپێکدا دەیبۆڕاندو هەستی بە پووکانەوەی دەکرد. بەدەم گریانەوە دەهاتەوە یادی، منداڵ بوو بە دزییەوە سەیری باوکی دەکرد بەسەر سنگی کچەکەوە پەرکەم گرتی، کەف بەلا چەناگەیدا دەچۆڕایەوە سەرمەمکی، ئەو ورکەی کەوتەوە یاد کە بۆ بینینی خەتەنەکردنی کچان و درك خستنە دەرپێی عازەبەکانەوە گرتبووی.

+بۆ دەستگیرانەکەت نەدۆزییەوە؟

- ئەو شەوە نایەڵێت نێرینە لەناوچەکەدا بنوێت.

کەمێك لاربووەوە، سەیرێکی ئەم لاو لای کرد پاشان بە چاوێکی تیژەوە وتی:

- لە منداڵیەوە ئاغا دەرپێکانمان قوفڵ دەدات، تەنها خۆی و باوکمان دەتوانن بیکەنەوە. باوکم دەڵێت ئەوەی پێش چوونە لای ئاغا بیکاتەوە منداڵ دانی پڕ دەکات لە توتڕك.

+دانیشە ..کاتی گۆڕستان نییە.

دانیشتەوە، پرچە درێژەکانی بەسەر شانە روتەکەیدا بڵاو ببونەوە.

- گوێت لە دەنگیەتی دێت بۆ لام.. کات نییە.

پرچە درێـژەکانی بەسـەر شـانە رووتەکەیـدا بڵاوبووبوونـەوە، چـەند تاڵێکی کەوتبوونە سەر مەمکی کە بـە رووتـی رەق وەسـتابوون.. هیچـی لەبەردا نەبوو.

- وا دەرگاکەی کردەوە.. وەرە..

هیچم لەبەردا نەبوو کە راکشام لە تەنیشتیەوە. وتی:

- چـەند قورسـە لەسـەر سـنگم دەیـەوێت قاچـم بکاتـەوە... تـۆش قاچم بکەرەوە.

تونــد باوەشـــم پێـــداکردبوو، پـــیرە چـــەقۆ فرۆشـــەکە بەبـــەردەم پەنجەرەکەدا تێپەڕی.

+دەترسم خوێناوی بم.

- مەترســـە، پەلەکـــە، ئـــەو بەســـەر ســـنگمەوەیەو قاچـــی بـــەرز کردومەتەوە.

لە دوو لێوی گەورەدا راکشابووم.. دوو لێوی گەورە، هێمن.

- پەلەکە وا..

خوێناوی بووم.. خوێناوی بوین و بەپەلە لە باوەشی دورکەوتمەوە، بیرم لە لێوە خوێناویەکان دەکردەوە کاتێك بە نرکە نرك وتی:

- ئەها پەنجە لە خوێنەکەم وەردەدا تۆش پەنجەی تێوەردە.

*           *           *

---

* سورەتی (النحل) ئایەتی (56).

...پاشان بۆنی مردنم کرد لە لەشمەوە دەهات، بۆنێکی ناخۆش کە لەو مردوانەوە دێت چەند رۆژێکە لەژێر تیشکی خۆرو نمەی باراندا کەوتوونو زیاد لەخۆیان ئاوساون. بێئەوەی سەیری دەستم بکەم یاریم بەپەنجەکانم کرد، هەستم کرد تەڕو شێدارن، بگرە لینج بوون، ئەوکاتە ترسام لەوەی مردبم، بەناچاری هەوڵم دا قاچم بجوڵێنم، جێگا بزماری سەر دیواری ژوورەکەم ژمارد، بیرم لە دوێنێو پاش نیوەڕۆو تەنانەت زۆر رووداو و یاگاری کۆن کردەوە.

هەموو ئەمانەم بۆ ئەوە کرد تا لەزیندوێتیم دڵنیابمو ترسی مردن دووربخەمەوە، بەڵام لەبەردەم ئەو بۆنەدا بێسوودبوو کە لەشم، دەمارو سییەکانم، یادگاریمی پڕکردبوو، ئەگەرچی کەمێك دڵنیابووم لەوەی ماوم. بیرم لەجۆری ئەو جگەرەیە کردەوە کە دەمکێشا، پاش ئەوەی پاکەتە جێهێڵدراوەکەم لەسەر مێزەکەی تەنیشتم راکێشا بینیم نوسراوە (دالاس) بزە گرتمیو وتم ناشێت مردوو بیر بکاتەوە، بەڵام هێشتا لەبەرەدەم ئەو بۆنەدا پێویستم بەسەلماندنێکی یەك لا کەرەوە هەیە! ئەگەر تەنها بیر کردنەوەش بێت. نەمردوم یاخود زیندوم ئەوەتا دەزانم پێویستم بە نان خواردنە نەك ئەوەندە بەڵکو جۆری بەرچاییەکەشم دیاری کرد، هەروەها کراسێكو جوتێك پێڵاوی رەشی قەیتان دار، لێرەدا زۆر جۆری تر هات بەمێشکمدا، بەڵام تەنها لەسەر رەشەکەیان مامەوە، ئەگەرچی کەمێك زۆر لەخۆکردنیشی تێدا بووبێت، وەستام تاواز لە پێویستیەکانم بهێنم، بەڵام لەناکاودا چەترێکم لای کراسو پێڵاوەکە بینی، زانیم دوو ساڵ دەبێت حەز لەپیاسەی ژێر

چـەتردەکەم لـە ڕۆژانـی سـەرەتای بـەهاردا، بـەزۆر خـۆم لەهـەموو ئـەو شـتانەو زۆری‌تـر ڕزگـارکرد، یـا خود دوورخسـتەوە تـا بگەڕێمـەوە لای خۆم، پاش ئەوەی بەخۆمم وت: مردوو ئارەزوی نیە بەڵام جارێکی تر بۆنەکە سەرنجی ڕاکێشامەوە، ویستم پێناسەکەم دەربهێنمو جارێکی‌تر زانیاریەکانی بخوێنمەوە تا لەخۆم دڵنیابم، بەڵام لەو کاتەی دەبوایە دەستم بکردایە بەگیرفانمدا دەستم گیرایەوەو بیرم کەوتەوە کە دەستە لینج و بۆگەن کردووەکانم کراسەکە پیس دەکەن، بەناچاری وازم لەوە هێناو گۆڤارێکی عەرەبی نزیک خۆمم ڕاکێشا، دەستم کرد بەخوێندنەوەی شیعرێکی، پاشان وتارێك بێ‌ئەوەی سەرنجم ڕابکێشن چونکە خۆشی دڵنیا بوون لە زیندوێتی وای کردبوو دوور لەچێژ بیان خوێنمەوە، لەوەدا بوو بچمە سەر خوێندنەوەی، پێم وایە چیرۆکێك کەوەستام، کەمێك وەستام پاش ئەوەی بێ‌گومان بووم لەوەی مردوو ناخوێنێتەوەو نەشمتوانی وای بێنمە بەرچاو کەمردوومو توانای تێگەیشتنم لەهێماو مانای دێڕەکان هەبێت، هەستام بەژوورەکەدا کەوتمە گەڕان، بەنێوان قەرەوێڵە چۆڵەکاندا، ژوورەکەم پێوا بێ‌ئەوەی غافڵ بم لە بۆنەکە، بیرم لەژوورەکە دەکردەوە کاتێك شەڕی ناوخۆی گاور سورخم بیرکەوتەوە، ئەو شەڕەی پاش هێرشەکان بزماریان بەسەری دیلەکاندا دەکوتی، پڕیان دەکردن لەبەنزینو بەفیشەکی گڕدار دەیان تەقاندنەوە، تا تەقین هەوایان تێ‌دەکردن، حەزم کرد بڕشێمەوە، من دەمەوێت هەڵبێم، ڕامکرد تا گەشتمە بازاڕێکی جەنجاڵ کەبەرانبەر ژەمە خۆراکێك چاوو دەستو گورچیلەو زۆرجار دڵیشی تێدا دەفرۆشن، زۆر مندالم بینی چاویان فرۆشرابوو، کۆمەڵێك گەنجیش هێواش دەڕۆشتن پاش ئەوەی گورچیلەیەکیان فرۆشتبوو، ئەو گۆڕستانانەی سیخناخ کرابوو بە مردووی بێ‌دڵ، بەزۆر خۆم

گێڕایەوە، بۆلای خۆم، چونکە دەمزانی سامناکی ژیانو مردنی ئەویێ بەدەرە لەخەیاڵو مردووش دڵی تێکەڵ نایەت، دڵنیابووم لەنەمردنی خۆم، چەند ژمارەیەکم هێناو لەیەکمدان پاشان کۆم کردنەوە بەبەراورد کردنیان لەگەڵ ئەو ئەنجامەی پەنجەکانم دەیان دا بەدەستەوە دڵخۆش بووم، ئەگەرچی هەڵەشیان تێدابوو، جگەرەیەکم داگیرساندو نام بەسەر دەستمەوەو لە لوتم نزیك كردەوە لەگەڵ هەڵمژینی دوکەڵی پێستە سووتاوەکەدا هەستم بەئازارێکی خۆش کرد چونکە دەمزانی مردوو ئازار ناچێژێت، بەتەواوی دڵنیام لەوەی نەمردووم، بەڵام لەبەر بۆنەکە، کەهەروەك خۆیبوو، هەستام ژێر کورسیو قەرەوێڵەو مێزی ژوورەکە گەڕام نەوەك شتێك لەوێدا تۆپیبێت، یا خود مردار بووبێتەوە، هیچم نەبینی، گەڕامەوە جێگای خۆمو دانیشتمەوە ئەمجارە هەوڵم دا سەیری خۆم بکەم، رووەو ئاوێنە هەڵواسراوەکە چووم، حەپەسام، بیرم کەوتەوە من چۆن بیرم (لەو) نەکردەوە لەکاتێکدا بیرم لەو هەموو شتە کردەوە.. نەمزانی.. ئەو کاتەی سەیری خۆم کرد بینیم قاچێکی درێژ لە سەرو ئەژنۆوە لە گوێی راستمەوە هاتۆتە دەرەوەو بەسەر شانمدا شۆڕبۆتەوە، پێڵاوێکی رەشو شەرواڵێکی رەشی لەپێدایە، لەگوێیەکەی ترمەوە دەستێکی توکنی رەش لەسەرو ئانیشکیەوە هاتۆتە دەرەوە، دەستێك پڕ لەهێز، سەرسام بووم لەوەی چۆن ئەو قاچە ئەستوورو زلە لەو کونە بچوکەوە هاتۆتە دەرەوەو وەك بەسەر قەرەوێڵەیەکەوە شۆڕبووبێتەوە ئاوابوو، هیچ وەڵامێکم پێنەبوو، بەڵام هەر زوو ناسیمەوە ئەو قاچە بوو ئەگەر لە رۆشتنا گوێم لەتەقەی نەبوایە، لەدوامەوە یاخود لەتەنیشتمەوە، نائارام دەبووم.. دەبوایە لەگەڵم بێت، ئەو دەستەش زۆرجار توند مەچەکی گرتووومو بەتوڕەییەوە دەیوت چەقۆکە هەڵگرە، منیش لەژێر ترسیدا دەستم بۆ

چەقۆکە دەبرد، بگرە چەندین جار لە ڕان و قۆڵی خۆم دەدا یاخود پەنجەرەی ژوورەکەم دەشکاند، وردتر لەئاوێنەکە رامام بینیم دەست و قاچەکە رزیون و بۆنیان.. حەزدەکەم بگریم دڵنیاشم مردوو ناگری.. قوڕگم پڕ لەگریانە، گەڕامەوە لای خۆم و دامە پرمەی گریان، هاوارو هەنسکم دا، پێیەکانم دەدا بەزەویدا، ژوورەکەم تێك دا، بۆ پارچە گوێزانێك... چەقۆیەك گەڕام تا لەخۆمی پێبدەم.. دەزانم ئەو بەخوێنم ئارام دەبێت، تا قژمی راکێشایەو بەرزتر هاوارم کردایە ئەوەندە خۆشیم تێدەڕژا، بەڵام ئەوەی نەمدەزانی ئەو ناوە بوو لەبەر خۆمەوە بانگم دەکرد، لەگەڵ دەنگی وردو خاش بوونی ئاوێنەکە، کە هێندە توند فڕێم دا بیرم کەوتەوە ناوی خۆمە، کەمێك وەستام، سەرنجی ئەو خوێنەم دا لەڕان و سەرمەوە فیچقەی دەکرد، لەدەستیشمدا گوێزانێك هەبوو، بەردەوام دەمچەقاندە گۆشتەکەم.. دەنگێك لەدەرەوەی ژوورەکە گوێزانەکەی پێفڕێدام کە بەقیژەوە وتی:

– دیسان دەستی پێکردووەوە!

ئەوکاتە هێواش بوو بوومەوە بەردەوام خوێنیش دەهات، بیرم لە دیسان کردەوە واتا ئەمە یەکەمجار نیە، وەستام.. هاتەوە یادم کە من ماوەی چەند رۆژێکە رانی خۆم بەگوێزان بڕیوەو ئەو دەست و قاچەشم بینیوە لەگوێمەوە هاتۆتە دەرەوە، تەنانەت شکانی ئاوێنەکە چەند رۆژێکە بەڵام چۆن بیرم چوون، دڵنیا بووم ئەمە یەکەمجار نییەو ئێستاش نیە، نەمزانی چۆن لەیادم چووە... گریام.. پاش دەنگەکە دەرگاکە کرایەوەو ئافرەتێك زۆر بە دایکم دەچوو بە بەرگی سپییەوە خۆی کرد بەژوورا، دانەکانی دەرکەوتبوون نەك لەژێر پێکەنیندا بەڵکو تا بمترسێنێت، هیچم بۆ نەوترا راستتر نەوت، بەردەوام دەگریام

هاواری ناوێکیشم دەکرد کە ناوی خۆم بوو لەپیاوە ڕاکشاوەکەی ناوم نابوو..

-ناتوانێت بێدەنگ بێت!

یەکێك لەو دوو پیاوە بەرگ سپییەی پاش دایکم خۆیان کرد بەژووردا وای وت پاشان نزیك بوونەوەو هەڵیان ساندم ئەگەرچی خۆم ڕادەپسکاندو باوەشم بەزەوی.. قەرەوێڵەو کورسی ژوورەکەدا دەکرد، هەوڵم دا بەرزم نەکەنەوە، هاوارم کرد، دەستو قاچم ڕاوەشاند بەڵام ئەوان توندتر گرتمیانو بردمیانە دەرەوە ویستم بپرسم کات کەیە بەڵام لەبەر پێکەنین بۆم نەوترا.. گریام تا دەنگێکی هێمن سەری پێبەرزکردمەوە، دەنگی پزیشکێك بوو بە بەرگی سپییەوە لەبەردەممدا ڕاوەستابوو، ویستم دەستی بۆ درێژ بکەمو بڵێم.. ئەو کاتە زانیم بەستراومەتەوە، نازانم هەموو ئەم شتانەم چۆن لەیادچوو. ئەوە هەمان ئەو پزیشکەیە چەند جارێکیتر سەردانیم کردووە ڕاستتر ئەو سەردانی کردووم. لەژێر لێوەوە چەند شتێکی ووت هیچی لێتێنەگەیشتم ووتم دەبێت بە زمانێکیتر بووبێت. بردمیان پاڵیان خستم پاش ئەوەی جلەکانیان لەبەرداکەندم، بەڕووتی لەو ژوورە ساردەدا هاوارم کرد، سەرمامان دەبێت. چونکە دەمزانی ئێستا پیاوەکەی ناوم ڕووتە بەڵام کەس گوێی پێنەدام، هەوڵمدا ڕوتێتی دەستو قاچەکەی ناوەوەم لەبیربەرمەوە بەڵام هەرچۆن نەمتوانی ئەوەی خۆم لە یاد بکەم ئەویشم نەتوانی، شتێکی لاستیکیان خستە سەردەمو لوتم.. دەنگێکی ڕەق وتی: قووڵ هەناسە بدە منیش هەستم کرد زیخێك لەقوڕگمدایەو هەناسەم بۆ نادرێت، دەرزیەکیان کرد بەقۆڵمدا، لەوێدا زانیم ژووری نەشتەرگەریە پاش ئەوەی هاتوو چۆی هێمنی ژوورە ساردەکەم بینی، دەمامکی پزیشكو ئامێرە سەیرەکانی هەڵدڕینو

دورینـەوەو برینـەوە.. واهـات بەمێشـکمدا کـەدەبێت ئەنـدامێك یـاخود پارچـەیەکی لەشـم مردبێـتو بۆگـەنی کردبێـت ئـەوە نیـە بـۆنی مـردنم لـێدێت، بەترسـەوە تکـام لەپیاوەکـەی نـاوەوەم کـرد ئـارام بێـت پـاش ئەوەی دەستو قاچ جولاَندنی وەرسیان کردم، قیژاندم. ئارام بە.. بەلاَم ئەو زیاتر پەلەکانی دەجولاَند، چاوم بڕیـەوە دەرزی بەدەستەکەو پێش ئەوەی شلە ساردەکەی ناوی بڕژێنێتـە دەمارەکانمـەوە پاڕامـەوە لەگـەڵ ئـەوەی بـەخۆمم دەوت پاڕانـەوە نەنگیـە، وتم هـەموو شـتێك دەڵـێم تـەنها واز لـەو پیـاوەی نـاوم بهێـنن، هـاوارم کـرد گـوێم لـێبگرە، هەسـتم کـرد پزیشکەکە لێم نزیك بووەوە، بەئەسپایی هـەتا کـەس گـوێی لـێنەبێت، وتم: من تەنیایی دەیخواردم ئەو نەبوایە، ئەوبوو لەئێشك گرتندا شەوان لـەلام دەمایـەوە، لـەهێرش بردنـدا پـاڵی پێـوە دەنـام و سـردووی دەوت، ئەوبوو لەسوتانی دیلەکاندا پـەرەمێزی دەدایـە دەستمو لێنەدەگـەڕا واز لەمردووەکان بهێنم تا سەرییان پان نەکەمەوە ئەوبوو کەبـەپێی قاچـی پێلاَوم دەکرێ و کت و مت بـەخۆم دەکات ئـەوەتا دەسـت و قاچـی هـەر بـەهی خـۆم دەچـێتو بێشـەرمانە پـێم پێدەکـەنێت. مـن تـەنیا بـووم تـەنیاتر لـەپیاوی نـاو وێنەیـەك تـا ئـەوم لەخۆمـدا دۆزیـەوە ئـەویش لـەو رۆژەوە بـەجێی نەهێشـتووم، دێـتو ژوورەکـەم پڕدەکـات لـەکۆتر کـە بێزاریش دەبێت لێیان بەدەستی من ملیان هەڵدەکێشێت یاخود زۆرجار سـەگی درِم تێبـەر دەدات، بـەجێی نەهێشـتووم بگـرە رۆژ بـەڕۆژ زیـاتر خۆشـم دەویـت و ئـەویش لەگـەڵ خۆشەویسـتیمدا گـەورە دەبـوو، لەدرەختو خانووەکانی داڵغەم گەورەتر، لەدەریاو شاخەکانم، لەهەموو جوانیـەکانیش ناشـرین تـر بـوو، گـەورە دەبـوو. جـارێکیتر پزیشـکەکە دوورکەوتەوە چاوم لەدەرزیەکە بوو شـلەیەکی رژانـدە دەمارەکانمـەوەو هێـواش هێـواش بردمـی، چـاوەکانمی پێنوقانـدم، دوور بردمـی تـا

گاورسورخ، لەدەشتێکی تۆخی پڕ لەشەرمەزاری فڕێیدام، جۆگایەکی لێڵ لەتەنیشتمەوە تێدەپەڕی، لەو لامەوە تەنها شەقامێك هەبوو بەتەنیا دەسوتا، ئەوێ پڕ باڵندەو مرۆڤی سەیربوو، سیخناخ بەقین و چەقۆو تفەنگ بوو، لەوێدا جوانی نەمابوو، لەدوورەوە کۆمەڵێکم بینی دەماغ کراو لەوپەڕی دڵڕەقیەوە گەڕابوونەوەو بەدەوری مردویەکدا کەلەخۆم یاخود باوکمی دەکرد، چیچکەیان کردبوو، دەمبینین دەست و قاچیان دەکرپاندەوە تەنها یەکێکیان سەرنجی‌دام و روەو من جیابووەوە. ناسیمەوە بەپێڵاوو بەرگە رەش و دەستە توکنەکەیدا، هاوارم کرد: ئەوەتا ئەو تەرمە فڕێ دەن لەناومدایە، بۆنی کاسی کردم، ئەویش وتی: دەبێت تۆڵەی خۆت بکەیتەوە..

– کام تۆڵە؟ من دەمەوێت لەگاورسورخم بفڕێنیت.

بەتوڕەییەوە ووتی:

– تۆڵە پرسیاری ناوێت، لەهەموویان.

– باڵندەکانیش؟

– درەختەکانیشت بسوتاندایە..

دەستی‌برد چەقۆیەکی دەرهێناو روەو من وتی:

– ئەوەتا دەتوانیت خۆت بکوژیت؟!

دەمزانی ئەمە یەکەم جاری نیە چەقۆم بداتە دەست، بیرم لە هەڵهاتن کردەوە بەدەشت و روبارو شاردا بەسەر مەیتە رزیوو یاسا سەختەکاندا ئەویش لەدوامەوە چەقۆکەی رادەوەشاند، بەردەوام رام دەکرد تا لەگاورسورخ.. لەتاڵیەکان دەرچم ئەگەرچی دەمزانی ئەو لەزەیندایەو سنوورەکانی بێکۆتاییە، لەناکاو شتێکی تیژ چەقیە گۆشتەکەم کەناچاری کردم چەند نرکەو هاوارێکی کپم لێ‌دەربچێت، گوێم لەپزیشکەکە بوو بەئامێرە تیژەکەی دەستیەوە قیژاندی.

– بێهۆش نیە!!

جارێکیتر دەرزی بەدەستەکە گەڕایەوە بەڵام خێراتر، شلەیەکی ساردی کردە خوێنمەوەو.. هاوارم کرد وەك چەند بۆڵەبۆڵێك لەگەروم هاتە دەرەوە، ناچار بەپەنجە سستەکانم لەسەر دۆشەکەکە نوسیم:

–مەمکوژن بێئەو ناژیم..

چەند جارێك دووبارەم کردەوە بەڵام کەس سەرنجی نەداو ئاگاداری جوڵەی خاوو لاوازی پەنجەم نەبوو دڵنیاش بووم پاش ئەوەی دەستو قاچە دەرهاتووەکە دەبڕنەوە من تەنیا دوور لەچاوە سوورەکانیو دەستە زلەکانی ناژیم، دەمویست بگریم چونکە دەمزانی ئیتر نایەت چەقۆکە باتە دەستم، قامچیەکەی هەڵگرێتو خوێن لە پشتم بهێنێت بەدەم ئافەرینی ئەوەوە سەرم تا شەق بردن بدەم بەدیواردا یاخود شەوێك بێتەدەرەوەو گوریسێکم بە بن میچی ژوورەکەوە بۆ هەڵخاتو هەڵم بڕێت تا دەیکەمە ملمو.. ئاخر من لەوە ترسنۆکترم بێئەو بژیم، بێئەو بمرمو ئازاریش چێژی نامێنێت، بێئەو پیاوە ناشرینەی ناوم کە کتو مت لەخۆم دەچێت ناتوانم دەستم بەجگەرە بسوتێنم، بکەوم بەسەر پێڵاوداو شوشەیەك بشکێنم، مەلێك سەربڕم، ئەوبوو هەردەم چەقۆکەی دەدایە دەستم تا کوێرانە بکوژم، لەنیشانەدا توند مشتی دەگرتم تا نەلەرزم لەکاتێکدا دەبوایە خۆیم بکوشتایە ئەگەر نا نیشانەم لە نێوان هەردوو برۆم بگرتایەتەوە بەڵام دەمزانی بێئەو نەدەژیام هەربۆیە ئەو حەپانەشم فڕێدەدا ئەویان بیر دەبردمەوە گریام.. گریانێك کەپاش چەند رۆژ لەچاو کردنەوەمو بەجێهێشتنم لەم ژوورە چۆڵەدا بەردەوام بوو، گوێم لەیەکێك بوو هاواری کرد:

–لێدانی دڵی خاوبۆتەوە!

پاش ئەوە گوێم لەهاتوچۆی پەلەو جوڵەی نائاسایی بوو لەدەورم، دەرگای ژوورەکەم دەکرایەوەو دەهاتنە ژوورەوە، گەڕانەوە سەر ئامێرو پێوەرەکان.. تەواوبوون.. کەسێك نەیدەزانی چی ڕویدا جگە لەخۆم.. هەوڵم دا بەپەنجە بنوسم بەڵام ئەو کاتە زانیم لەوەتەی لەژووری نەشتەرگەریەکەوە هێناومیانەتەوە توند بەستراومەتوە، دەمویست بنوسم: ئەو مەیتەی ناوەوەم کرم تێی داوە و بۆگەنی کردووە، دەمارەکانم پڕبووە لەکرم.. فڕێی دەن بەڵام بێسوود نەمدەتوانی پەنجەکانم بجوڵێنم هەر لەو ڕۆژەوە هێناومیانەتەوە، پاش ئەوەی چاوم کردەوە پزیشکەکە هاتە ژوورەوە شوشەیەکی سەر داخراوی پێبوو وتی:

– ئەوە ئەو قالۆنچەیەیە کە چوو بووە گوێتەوە...

دەمزانی درۆم لەگەڵ دەکات چونکە لەو ڕۆژەوەی دەستو قاچەکەیان بڕیوەتەوە من ڕەنگم زەردبووەو هیچم بۆ ناخورێت ئەگەرچی نەیان بردووم بۆ لەکارەبا دانو سەرسنگم بەلینجاوو کەفی سپی تەڕنەکردووە، یەکێك، پاش ئەوەی لەپشکنینی ئامێرەکان بوونەوە مەچەکی گرتمو ووتی:

–لەشی سارد بوەوە!

–جارێکی تر هەوڵم دا بنووسم، نیوەم کوژراوەو لەشم پڕبووە لەکرم و بۆن، ئەو پیاوەتان کوشت لەخۆم گەورەتر بوو، کە کتومت لەخۆمی دەکردو جێی نەدەبووەوە لەمنداو لەشی پڕ دەکردم لە ئازار هێشتا ڕستەکەم تەواو نەکردبوو دەرزیەکی درێژیان هێناو چەقاندیانە دڵم، کەمێك خوێنیان لێدەرهێنا منیش هەوڵم دەدا بنوسم بەڵام دەنگی لەناکاوی یەکێکیان وەستاندمی کە وتی:

– دایپۆشن مرد!

*          *          *

##  نەخشەی شارێکی نەبوو

پــێڵاوە مۆدێــل بــەرزو چــەرم ســەیرەکان لەســەر مەڕمــەڕە خۆڵەمێشــییەکە نائــارام دەلــەرزین، لــەجێگای خۆیــان دەجــووڵانو نیگــەرانی لــەبێ وەســتانیاندا بــوو. تیشــکی ژوورە بەشــەوقەکەش لەسەریان دەبریسکایەوەو بۆنی بۆیاخی تیمساحیان لێدەهات. جار هەبوو دەنگی خشەو لەرزینی بەکۆمەڵی قاچەکان سەرنجی خۆیانی رادەکێشا، لەگەڵ ئەوەشدا لەرزین لەجێگایەکی تاریکەوە دەڕژایە ناو ماسولکەو ئێسکی قاچیان.

هۆڵەکە لاکێشــەییو دیوارەکـانی بەمەڕمــەڕی ســپی رازابــووەوە، زەوییەکەشی هەمان بەرد، بەڵام خۆڵەمێشی بوو.. دوو دەرگا دەهاتنە ســەر هۆڵەکــە: یــەکێکیان دەرگایــەکی ئەلــەمنیۆمی بچــووكو دەرگــا ســەرەکیەکەش ساجی نەخشێنراو بوو. لەم دەرگایەوە فەرشێك تا بەردەم مێزە مەڕمەڕیە رەشە هێلکەییەکە راخرابوو، پانی مێزەکە دوو مــەتر دەبــوو، بۆشــاییەکیش بەهــەمان شــێوەی مێزەکــە بــەڵام بچــوکتر لەناوەڕاستیدا مابووەوە. پەڵەی ئاوو چا لەشێوەی بازنەی ناڕێكو تێکەڵ لەسەری وشك بووبووەوە. بەدەوری مێزەکەدا هەژدە کورسی تەختــەی نەخشــێنراو هــەبوو، بــەدیوارێکی هۆڵەکــەوە نەخشــەیەکی رەنگاورەنگی جیهانو دانەیەکی تری رەشو سپی هەبوو کەنەخشەی

گاور سورخ بوو کە لەئاسمانەوە گیرابوو. هەردوو نەخشەکە بەقەبارەی گەورە بەتەنیشت یەکەوە هەڵواسرابوون. لەبەردەم دیواری نەخشەکاندا مێزێکــی تەختــە دانرابــوو، لــەرۆژگاری ئاســاییدا پارێزگــاری لــێدادەنیشت، لەســەری تــۆپێکی زەوی و چــەند فایلێــك و کاغــەزی پەرش و بڵاو و قەڵەمدانێك دانرابوو. هیچ شتێك لەهۆڵەکەدا بەکامێرای TV یەکەشـەوە – بـۆنی زیـادەو نەشـازی لـێنەدەهات، تەنانـەت ئـەو کـورە گەنجـەی لەگـەڵ لێـدانی زەنگـدا دەهاتـە ژوورەوە و پەرداخـە ئاوەکانی پڕ دەکردەوەو سەرلەنوێ چاو کاکاوی بۆ دادەنان.

لەو هۆڵـە ساردەو لـەژێر مێـزە مەڕمـەڕە ڕەشـەکەدابوو پێڵاوەکان نا ئـارام دەلـەرزین، لـەجێگای خۆیـان بێئـەوەی کـەس گوێیـان پێبـدات دەجووڵان.

بــەیانیی ئــەو ڕۆژە جگــە لــەدووکانی لاکــۆڵان هــیچ یــەکێکی‌تر نەکرایـەوە. عەرەبانـەکان دەرنەچـوونە بـازاڕ، فەرمانگـەکانیش بـەپێی بڕیاری شەوی پێشوو کرابووە پشووی ڕەسمییـان. هۆکەشـی ئـەوەبوو، وەك لەڕاگەیاندنەکەدا هاتبوو، کەئەمڕۆ دووایەمین ڕۆژی گفتوگۆ کردنە لەسەر ئەو پڕۆژانەی پێشکەش کراون بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی گاورسورخ، هەر بۆیە لەسـەر سـووچ و بـەردەرگا بەکۆمـەڵ دانیشـتبوون. جگەرەیان دەکێشاو لەسـەر خۆڵەکە کۆمـەڵیان بەسـتبوو، لەدەوریشـیان منداڵان یاریـان دەکـردو ژنـانیش بێئـەوەی هـیچ لەنوێکردنەوەکە بگـەن باسیان دەکرد.

ئامـادەبووان دەقیقەیـەك ڕاوەسـتان، پاشـان فایلـەکانیان کـردەوە، هەموو پڕۆژە هەڵبژێردراوەکان سیان بوون کـەڕۆژی پێشـووتر دوانیـان نیشـان درا. یـەکێك لـەو پڕۆژانـەی دوێنـێ لەلایـەن شـاعیرێکی پـیری وورگنـەوە بـوو کـە کراسـێکی شـینی بەسـەر پانتۆڵەکەیـدا دادابـووەوەو

جووتێك پێڵاوی سووکی لە پێدابوو. لەپرۆژە پێشکەش کراوەکاندا ئەم تەنیایان بوو کەپرۆژەکەی قەسیدەیەکی نووسراوی نەوەد بەیتی بوو لەسەر (بەحری طویل). هەموو بەیتەکانیش وەسفێکی درێژو پڕ حەشووی شوێنەکان بوو. بەشی (صدر)ەکەی باری ئێستایان‌و لە (عجز)یشدا هی داهاتوویان بوو.

واتە پرۆژەکە دەکەوتە بەشی (عجز)ەوە نەك هەردوولای بەیتەکە بەڵکو دەتوانرێت بەشێوەی دوودژ سەیریان بکرێت. بۆ نموونە لەسەرەتای پرۆژەکەدا گاورسورخ تیوارەو لەکاتی کەوتنی تیشکی خۆردا رەنگی جیاجیا دەگرێت کە لە (صدر)ەکەیدا لەناو بەردو خۆڵ‌و گەرماو مێشوولەدا نغرۆیە.

گاورسورخ قوببەیەکی گەورەیە بوورجێك لەناوەڕاستیدایەو بەخوێن هەڵدەچێت. سەر بورجەکە کافیتریایەکی شووشەبەندە کە لێیەوە بەسەر گڵە زەردەدا کەنداوی لیدیارەو دەتوانرێت بۆ زیکر یاخود سینەما یان بۆئەو نەخۆشانە تەرخان بکرێت کەپێویستیان بەپەستانی کەمە. شەقامەکان بە کەپری بەرز سەریان گیراوە. زانکۆ دەکەوێتە نێوان دابەشبوونی وەرزی پایزو زستانەوە، بەڵام لەزۆر جێگادا کاری جوانکاری‌و غروری زمان شتی سەیری پێکردبوو، بۆ نموونە کاتێك وێنەی پارکی ئازادی کێشابوو کردەی (الحذف)ی بەکارهێنابوو کە هەموو کورسی دانیشتن‌و فوارە سەرەکیەکەی فڕێدابووە دەرەوەی پەرژینی پارکەکەوە. واتە لەسەر شەقامە گشتییەکەی تەنیشتی. وە لە وەسفکردنی بەردەرکی سەرادا لەنگییەك لەکێشی ئەو بەیتەدا جێگای شەقامی نەهێشتبووەوە. لەبەیتێکی تردا کردەی (التذییل)ی بەکارهێنابوو کەهەموو فەرمانگەکانی خستبووە سەریەکتر. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو سەرسامی ئەو داڕشتنە زمانەوانییە بوون کەجێگاکانی

بە باخچەو شەقامی سەیرەوە، بەفوارەی هەڵچوو وەك خەون، پردە خێراترەکان لەبینین کە لەنێوان خەیاڵو شتەکاندایە، بەرجەستە بوونی کار لەشوێنە جیاجیاکاندا، بڵاوکردنەوەی پارەی نوێ کە بریتیبوو لەهەڵچوونە ناوخۆییەکان، کێشانی فولکەکان لەسەر بنەمای دەروونی... هەموویانی سەرلەنوێ دروست کردبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەفرمانی بێهێز، فرمان لەهیچ رستەیەکیدا نەبوو.

پرۆژەی شاعیرەکە لەو پرۆژانە بوو کە دەوترا بەڵام لەزەیندا ئاسەوارێکی جێنەدەهێشت چونکە وێنەکان بەرجەستە نەکرابوونو هیچ شتێکی لەیادەوەری ئەوانەوە رانەدەکێشا. بەڵام پرۆژەی دووەم لەلایەن ئەندازیارێکی پێڵاو بریسکە دارەوە بوو. هەستاو مۆدێلە بچوك کراوە $(1\text{،}5\times1)$م ە کەی خستە سەر مێزە هێلکەییەکە، بەڕاستەیەکی کورت لە رێگاکانی دەرچوون لەگاور سورخەوە دەستی پێکرد کەچوار شەقامی پانو بە هەر چوار لادا کشابوون لەگەڵ رێگایەکی باریك لەبەشی رۆژئاوەوە بۆی دەهات. ئەو رێگایانە لەچوار باخچەی گەورەوە دەرچوو بوون کەگاور سورخیان پێکدەهێنا. هەر باخچەیەك پڕ لە داری بەرزو ژمارەیەکی زۆر کورسیو حەوز بوو، لە هەر یەکێکیاندا تا ناکۆتا مەمەڕی تێدابوو کە ئەندازیارەکە نەیتوانی هۆی بوونیان روون بکاتەوە. درەختەکانیش کە نیوەی رەگەکانیان لەسەر زەوی بوو، لەگەڵ ساتی کەوتنی تیشكو گۆڕانی وەرزەکان دانرابوون یاخود راستتر هەر باخچەیەك کاتژمێرێکی گەورەبوو کە بەکەوتنی تیشکی خۆر بۆ سەر درەختەکان کات دیاریدەکرا. لەهەر وەرزێکیشدا باخچەیەك بە سەوزی دەمایەوە. ئەوانی تریش هەریەکەو لەگەڵ وەرزێکدا دەبن. پارکی ئازادی دەکەوێتە باخچەی رۆژئاواوە کە چەند رێگایەکی باریك دەچێتەوە سەری، بەردەرکی سەراش دەکەوێتە نێوان گۆشەی هەرچوار

باخچەکەوەو پەیکەرێکی برۆنزی گەورەی تیادا دانراوە کەرەمزی سەرکەوتنە.

گاورسورخ لەم پرۆژەیەدا لەسەر یاسای زمان نەخشەکراوە. درەختی گەورەو بەرز بەسێبەری چڕو فێنکیەوە، ڕێگاکانی هاتوچۆو خۆکوشتن‌و خزمایەتی هەموو شتێك لەوێدا لسەر بنەماو یاسای زمان دانراوە. گەورەترین باخچە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتەوەو تایبەتە بەناو و جێناو و ئاوەڵناو.

لەم باخچەیەدا شتەکان بوونێکی ماددیان نییە. لەباخچەی باشووری ڕۆژهەڵاتیشدا وشە زیادەکانی ڕستە کە بەلابردنیان بنچینەی ڕستە ناشێوێنێت لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی‌و هێماو فرمانی بێ‌هێزو زاراوەکانی تێدایە. باخچەی سێهەمیش شوێنی وشە کۆن‌و بەسەرچووەکان کە بەکارناهێنرێن لەگەڵ ئامێرەکانی داتاشینی وشەیە.

چوارەمین باخچەش دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاواوە و جێگای فرمانە کە درەخت‌و ڕاڕەوو کورسیەکانی لەسەر زەمەنە جیاکانی فرمان دانراون، هەر بۆیە هیچ شتێك لەم باخچەیەدا بەوەستاوی نامێنێتەوە بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە. لەنێوان چوار باخچەکەدا دوو ڕاستە شەقامی یەکتر بڕ هەن کەکۆمەڵێك فولکەی پڕ لەنەخش و ڕازاوەی لەسەر هەڵتۆقیوە.

بەدرێژە پێدانی ئەندازیارەکە هەستیان بەگێژبوون دەکرد لەناو ئەو پەیوەندیە سەیرانەی دەیدۆزیەوە، هێشتنەوەی گەنجێتی، ڕژانی خۆشەویستی، نەمانی کوشتن بەلابردنی هەموو ئەو وشانەی بۆی بەکاردێن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا دەترسـان لەنـەبوونی پـارە و گـۆڕانی بـۆ وشـە و نەمانی لەزەت و تەنها هێما بۆکردنی. کاتێکیش تـەواوبوو، بە تـەواوی گێـژبوو بـوون و هیچـیان بـۆ نـەووترا. ناچـار دانیشـتنەکەیان خسـتە ئەمڕۆ.

دوا پــڕۆژەش ئــەوەی ئەمڕۆیــە کــە لەلایــەن ئەنــدازیارێکی پــێڵاو ئاڵتونییەوە پێشکەش دەکرێت. پڕۆژەکەشی مۆدیلێکی بچوککراوەیە لەســەر پارچــە تەختەیــەکی (8×8م) کــە بەشــێوەی پارچــە پارچــە هێنـابووی و لەسـەر مێزەکـە ڕێکـی خسـتن، پـاش دڵنیـابوون لـەدانانی پارچەکان بەڕێکی، جانتاکەی کردەوەو راستەیەکی قەدکراوی دەرهێنا. لەبەر گەورەیی مۆدێلەکە دانیشتوان لەسەر کورسیەکانیان هەستان و بەدەوریدا بەپێوە وەستان. نموونە بچو کراوەکە بریتیبوو لەقەڵایـەکی بەرزی سەخت کە لەبەردی لاکێشەیی گەورە هەڵچنرابوو. چوار دەرگای گــەورە نــاوەوەی بــەدەرەوە دەبەســتەوە. لەســەر ئــەو ڕێگایانــەی لێیدەردەچــوون ژمارەیــەکی زۆر خــاڵی گــومرگی شووشــەیی بڵاوبووبووەوە. دەوری ڕێگاکـانیش بەتـەڵی دڕکـاوی تـەنرابوو. لـەڕێگای رۆژ هەڵاتیانـەوە کـە دەچـووەوە سـەر دەرگـا پـڕ لەقوببـەو ئەڵقـەڕێز دارەکەوە چوونە ژوورەوە. هەندێکیان دەستیان لەبـەردە لاکێشـەییەکان دەداو ئـارامی پیایانـدا بڵاودەبـووەوە، پـاش ڕەتبوونیـان بەدەرگاکـەدا هەستیان بەبێ ترسی دەکرد. لەسەر ئەو راستە شـەقامەی سـەتڵی خـۆڵ بەعەمودەکانیـەوە هەڵواسـراوە، قیرەکـەی ڕەش ڕەشـەو هـیچ لادانێکـی لەسـەر نـەکراوە بـەردەوام بـوون تاگەیشـتنە ناوەڕاسـتی شـار. لەوێـدا پۆلیسخانەیەکی حـەوت نهۆمی بـەردین هـەبوو. لەحەوشـەکەیدا کـەمێك وەسـتان. کـامێرای (TV)یەکـەش لەنزیکـەوە وێنـەی دەگـرتن. لـەو زەوییە پانەدا ژمارەیەکی زۆر بۆری هەوا بـەپێی ژمـارەی ئـەو ژوورە یـەك

مەتریانەی لەژێر زەویدا بوون و لەناو پۆلیسخانەکەوە بەقادرمەی باریك بۆی دەچوو روێنرابوو. پاشان چوونە ناو بیناکەوە، بەیەك یەکی ژوورەکاندا گەڕان، لەکاشیەکەی وورد بوونەوە، پلاکی گڵۆپەکانیان تاقیکردەوە، چوونە ئاو دەستەکانی و تا بێزاربوون تێیدا دانیشتن، بۆری ئاوەکانیان بەکارهێنا. هەموو شتێکیان بینی بەووردی دانرابوو، پاشان شۆڕبوونەوە بۆ ژێر زەمینەکەی و بەناو ژووره باریك و ڕاڕەوە تەسکەکانیدا سووڕانەوە، قولاپی هەڵواسین و ئامێری لە کارەبادان و ئوتوکردنەکانیان تاقیکردەوە. لەوێوە بەڕاڕەوێکی درێژدا رووەو رۆژئاوا رۆیشتن تا لەپارکی ئازادییەوە سەریان دەرهێنا ئەمیش لەچەند شەقامێکی ونکەر پێکهاتبوو لە شێوەی زیندانە پێچاوپێچە کۆنەکانی ئینگلیز. دەوری شەقامەکان بەڕیزە درەختی پێکەوە نوساو گیرابوو، تێر بەناویدا سووڕانەوە، لەسەر حەوزو فوارەکەی دانیشتن، لەبەر رەنگی بۆری کورسیەکان، پێشنیاریان کرد بەسپی بگۆڕدرێن، لەبەردەم ئەو دیوارە گەورەیەی بۆ نووسینی یادگاری جەنگاوەرە کۆنەکانە، وەستان و دەستیان بەنووسین کرد تا هەستیان کرد کات زۆر تێپەڕیوە. بەیەکێك لەرێگا شاراوەو زۆرەکاندا رۆیشتن کە بۆ دوور خستنەوەی مەترسیەکانی شەڕی ناوخۆیەو گەیشتنە کۆمەڵگای فەرمانگاکان. هەر فەرمانگایەك لەسەر زەویە تەختەکە بەشێوەی ئەندازەیی هەڵچووبوو. بۆ نموونە باجی داهات لەشێوەی سێگۆشەداو طاپۆش بەشێوەی بۆری بەرز بووبووەوە. یەك یەکی ژوورەکان گەڕان و خۆشییەك پێیاندا تێپەڕی. لەوێوە بەرەو زانکۆ رۆشتن.

هێشتا مابوویان بگەنە ئەوێ چەند کەسێکیان تەواو هیلاك بووبوون. زانکۆش بریتیبوو لەچەند هەڵچوونێکی دەروونی و لەسەر ئەو بنەمایەش بەشەکان جیاکرابوونەوە. لەوێدا تاوێك باران دای کرد

که ناچاری کردن هەموو بەشەکان بگەڕێن. بەناو هۆڵ و تاقیگاکاندا سوڕانەوە. کاتێکیش هاتنە دەرەوە زەوی توێژاڵێکی تەنکی ئاوی لەسەربوو کە وەك زیو دەبریسکایەوە. لەوێوە، لەژێر ئاسمانە رەنگاوڕەنگەکەدا بەرەو بەردەرکی سەرا دابەزین کەدیوارێکی گەورە بوو بۆ بەتاڵ بوونەوە ، باڵندەی شووشەیی لەسەر قەراغەکانی هەڵنیشتبوو. شەقامەکان بەشێوەیەك دانرابوون تا مەترسی هەر مانگرتنێك دووربخەنەوە، فولکەکان ناوی سیانیان لێنرابوو. پاشان چوونە سەر ئەو ئاوەی لەگۆیژەوە بەناوەڕاستی شاردا هێنرا بوو، لەسەر پردە کەوانەییەکانی وەستان و سەیری بەلەمە کاغەزییە گەورەکانیان دەکرد کە هەر خۆیان لەنگەریان گرتبوو. لەوێوە بەلای خانووە تەسك و چۆڵەکانی یەکێتییە کارتۆنییەکاندا تێپەڕین کەچەند ژورێکی تاریك بوون تاگەشتنەوە ئەو هۆڵەی پرۆژەکانی تێدا پێشکەش کرا کە لەناو باخێکدا بەمس و ئەلەمنیۆم بەرزبوو بووەوە. بێبوونی ترس دانیشتن و سەرسامی دیواری مەڕمەڕ و زەوی و ژوورەکە بوون.

ئەندازیارەکە بە درێژی باسی تێچوون و لایەنە باشەکانی پرۆژەکەی کرد، پاشان داوایان لێکرد لەسەر بانك بدوێت، ئەویش وتی:

- پاش دەرچوونمان لەزانکۆوە بەرەو سەرا ئەو دەکەوتە سەر راستە شەقامەکە، بینایەکی شەش پاڵوویی سێنهۆمییە، رەگی لەژوورە یەك مەتری و زێرابەکان زۆر قووڵترە.. ئەو تەنها رێگایەکی چوونە ناوەوەی هەیە بەبێ هاتنە دەرەوە، شوێنی پارە و کەل وپەلەکان بەرجەستە نین، هەربۆیە ئارامی دەبەخشێت.

دانیشتووەکان سەیری یەکتریان کرد و لە ناو ئەو قەڵا سەختەدا ئارام بوون.

هەر ئەو کاتە لە دەرەوە و لەسەر سووچی کۆڵان و بەر دەرگاکان پیاوان و ژنان دانیشتبوون، بێزارییان تێکەڵ بە گەرما دەکرد، روویان نەخشی گەرماو چاوەڕوانی لەسەر هەڵکەنرابوو، یەکێك پاش ئەوەی رووی دانیشتنەکەی گۆڕی، وتی:

– باوا بزانین ئەو رۆژە لەدایك دەبین!

– بەڵام ئازار بەگۆڕینی نەخشەکان بن بڕ ناکرێت..

– بێکاریش.

ئەوەی وای وت لەگەڵ قسەکەیدا یاری بەتەزبیحەکەی دەستی دەکرد.

پاش تەواوبوونی ئەندازیارەکە لەقسەکردن، کامێراکە لەناو دڵنیاییدا گەڕایەوە دواوە.

نوێنەری دارایی یەکەم کەس بوو بۆ گفتوگۆ هەستا، هەموو تێبینییەکانی لەبارەی بودجەی ساڵانەوە بوو کەبەردەوام کەم دەهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی تێچوونی پرۆژەکە و نەبوونی هیچ هیوایەکی قەرز وا دەکات نرخی پشکنینی خەستەخانەکان بەرێژەی (500٪) زیاد بکات، باجگر لەسەر شەقامەکان دابنرێت بۆ وەرگرتنی باجی رۆیشتن لەگەڵ گەلێك رێگە چارەی تر کە هەمووی پێویستی بەکۆکردنەوەو لێکدانێکی زۆر بوو.

پاشان نوێنەری کارەبا بە درێژی باسی ژمارەی عەموود و سیمی کارەبای کرد، بە بەراوردکردنی لەگەڵ بڕی پێویستدا، کەمییەك دەردەچوو کە دەتوانرا، وەك لە پێشنیارەکەیدا هاتبوو، بەدارچنارو کەلوپەلی کۆنەی ماڵان لەفافۆن و مس پڕ بکرێتەوە.

پاش ئەویش بەڕێوەبەری ئاوو ئاوەڕۆ هەستا، بەشێوەیەکی گشتی کەم‌وکورتی نەبوو جگە لەبچووکیی بۆری زێرابەکان.

کــامێرای (TV) ەکــە بــەردەوام وێنــەی دەگــرت، رۆژنامــە نووســەکانیش بێئــەوەی هــیچ بڵــێن پــەڕەکانی بــەردەمیان رەش دەکردەوە.

دوایەمین کەس نوێنەری تاپۆ بوو کە هیچی نەبوو بیڵێت چونکە هــەرکاتێك بیانــەوێت نەخشــەکان هەڵدەوەشــێننەوەو بــەو شــێوەیەی دەیانەوێت دایدەڕێژنەوە.

لەدەرەوە دوور لە هۆڵەکە دەنگی شۆفلۆ بیلدۆزەر و گەلابە دەهات، کاتێك یەکێك قسەکانی پێبڕین‌و بەدەنگێکی لەسەرخۆ وتی:

- بەلام لەوێدا مرۆڤێك نییە!!

* * *

## □ دوا مەرگی سەربازە پەلاماردەرەکە

لـەژێر خـۆری ئـەو پـاش نیـوەڕۆ گەرمـەدا کـەوتبوو، خـوێن لـە سـنگیەوەو لـەناو گۆشـتە شـیتاڵ بووەکەیـەوە قـوڵپی دەدا. بـۆن ترشاویش لەخوێنە مەیوە تۆپەڵ بووەکەوە دەهات. بێجوڵە راکشابوو، دەیزانی کەسێك لە بیری ئەمدا نیە و پەل کوتانیش بێهودەیە چونکە لـەو زەویـە بـێ کۆتاییـەی دوور ناخاتـەوە کـە هـەزاران ساڵە هێرشـی لەسەردەکات و بۆ دوایەمین جار لەسەری دەمرێت هەربۆیە بەدەم لرخە لرخەوە چاوەکانی دەتروکاند بێئەوەی هیچ نائارامیەکیان تێدابێت، لە قاچە لاوازەکانیـەوەو بـەدەمارە موولولەییەکانیـدا سـەرما تێکـەڵ بـە ئازارێکی خۆش سەردەکەوت.

لەوێـدا، لـەو راکشـانە بێکۆتاییەیـدا و لـەناو هێنانـەوە زۆرەکـانی یادەوەریـدا تینوێتیـەکی گـران لـە گـەروە وشـکەکەیدا بـوو ئەگەرچـی دەیزانـی جگـە لـەخۆی لـە بـیری هـیچ کەسێکدا نیـە. خـوێنێکی گـەش قوڵپی دەدا بەڵام تەنها شتێك لە نێوان ئەو وێنـە زۆرانـەی یادەوەریی دەیهێنایـەوە ئـەوەبوو کـە نەیـدەزانی (خـۆی) کێیـە یـاخود راسـتتر ئـەم کامیانـە، ئـەو سـەربازە باڵابـەرزە سـورەیە کـە لـەکاتی هێرشـدا پـڕ بـە خۆشـی دەقیـژێنێت یـاخود رەشـتاڵە خاوەکەیـە کـە تـەنها شـتە گـران

بەهاكانی پاش هێرشی لە بیرە یاخود ورگنە سەرسپییەكەیە كە لەكاتی ڕۆشـتندا ئـارەقی لـێدەچۆڕێت و خیـزە لـە سـنگیەوە دێـت یـاخود ئەسمەرە باڵا كورتەكەیـە كـە بـە بینینـی خـوێن ئارام دەبێت یاخود ... نەیـدەزانی و لـەناو وێنـەی سـەد سـەربازدا ون بـوو بـوو خـۆی بـۆ نەدەدۆزرایـەوە و نەیـدەزانی ئێستا كـێ دەمرێـت. دەستی خستە سـەر برینەكە و گـەرمیی خوێنەكە هێمنیـەكی پـڕ لـە ترسـی پیاگێڕا، ترسـی ڕووبەڕووبوونـەوەی مـردن بـوو كـە تـەنها ئەوانـە دەیـزانن لـە شـەڕگەكاندا جێدەمێنن و دەڕژێنـە نـاو بـێدەنگی ناوچـە حەرامەكانـەوەو قورسـایی تینوێتی دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابوو لە ناتەنیایی خۆی كە لـەژێر قورسایی مردندا چاوەڕوانی هیچی دەكرد و هـەوڵی دەدا بـۆ دوورتـرین مـاوە بڕوانێـت تـا بزانێـت چـەندی تـر لـەو تەنیاییـەدا شـی دەبنـەوە و دەنگیان ناگاتە هیچ شتێك. هـەركاتێكیش جوڵـەی ماسولكەكانی مل و پشـــتی دەبوونـــە بەربەســـت لەبـــەردەم بینینیـــدا بەناچـــاری ســـەری دەخستەوە سەر خۆڵەكە و چاوی لە شینایيە قوڵەكەی ئاسمان دەبڕی و دڵنیـا دەبـوو لـەوەی كـە هـەموو شـتێك بەسەرچـوو، چـاوە ڕەشـە گـــەورەكانی لـــەوە بـــێهێزترن شـــەڕگەكە بپشـــكنن، گـــوێو دەم و دەستەكانی لەوە بێتواناترن كە پێویستە. دەیزانی هەموو شتێك تەواو بووە و هەر لەوكاتەی لەناو غەڵبەغەڵبو هەڵزنان بە چیاكەدا كت و پـڕ گـەرمی بەلەشـیدا بڵاوبـوەوەو پـاش چـەند مـەترێك كـەوت بێئـەوەی ڕەوگـەی هـاتنی پارچـە كـانزا گەرمەكە بزانێـت كـە بـە سـنگیدا نوسـاو تۆپەڵـە لۆكـەی لـەو شـوێنەدا كـە پارچـە كانزاكـە جلـەكانی دڕانـدبوو هێنایـە دەرەوە. پەنجـە تەختەییـە بچـوك و سـڕەكانی بێتوانـا بـوون لـە گێڕانـــەوەی لۆكـــە دەرهـــاتووە خوێناویەكـــە بـــۆ نـــاو ســـنگ و پشـــتی، هەوڵیدا كڵاوەكە بكاتەوە سەری تا بۆ دوایەمین جار بە شكۆی نیشانە

زەردەكانیەوە پێشوازی مردن بكات بەڵام هەر لەوكاتەدا و لەناو سەرە بچوكەكەیدا چوون بەناویەكی وێنەكان رویدا بەهۆی ئەو كڵاوە زۆرەی دەهاتنە بەرچاوی، هەر لە كڵاوە ئاسنینە قوت و پڕ لە نەخشەكان تا پەڕۆییە سێگۆشەو خڕەكان كە نیشانەی جۆراو جۆر لە پێشیان دراوە.

بەوپەڕی بێزارییەوە دەستی بۆ كڵاوەكەی دەكوتا چونكە نیگەران بوو لەوەی نەیدەزانی یادەوەری هێناویەتیەوە یاخود خۆی لەم داڵغە قورسەیدا دروستی كردون. لەوسەرە بچوكەیدا شتەكان مانـاو ریزبەندی مێژوییان لە دەست دەداو لەشە ون بوەكەی لەناو بێمانییو پەیوەندیە نوێیەكاندا سارد دەبوەوە و بێ جوڵە چەند مەترێك دوور لە كڵاوەكەی و لەسەر (نەخشە) سەربازییەكە كەوتبوو، خوێنیش لە سنگیەوە قوڵپی دەدا و ئازارێك گەورەتر لە دەمارەكانی لەشی پیای دەگەڕا، لەگەڵ ئەوەی بیری دەكردەوە بەڵام نەیدەزانی چۆن یاخود رێگاكانی تێپەڕین لە ئازار دەكەوێتە كوێوە.

سەربازە بریندارەكە لەو پاش نیوەڕۆ گەرمەدا لەسەر یەكێك لە كۆنترین نەخشەی سەربازی كەوتبوو، ئەو نەخشەیەی سەدان هێرشی خوێناوی لەسەر كردبوو هەر لەوكاتەوەی توانرا وێنەی شتەكان بكرێتەوەو لە جیاتیان نمونەی لەبەر دروستكراو بەكاربهێنرێت، ئەو نەخشەیەش لەبەر دروستكراوەیەكی وردی دەربەندی بازیان بوو بەدرەخت و دەوەن و تولە رێگا و بەرزو نزمی و درز و داڕوخاویەكانیەوە كە تێیدا بچوكترین شت لەبیرنەكرابوو، تەنانەت لەگەڵ گۆڕانە جیۆلۆجیەكاندا بەردەوام ئەمیش دەگۆڕدرا (لەبەرئەوەش بوو پێیان دەوت – نەخشە زیندوەكە –) نەخشەكە لەناو هۆڵێكی گەورەی سەر جەمالۆندا بوو، لەدەوری كۆمەڵێك ئەفسەری پلە بەرز

بــەخۆیان و ئەســتێرە و داڵو شمشــێرەکانی سەرشــان و ســنگ و ناوچەوانیانەوە راوەستابوون، لەدەستێکیشیاندا دارێکی گرنج گرنج هەبوو، چاویلکە و قەڵەمە گران بەهاکانیان لە گیرفانیانەوە دەبینرا. بەبێگرژی لەدەمو چاویاندا سەیری هێرشی سەربازە پەڕۆییە بچوکەکانیان دەکرد کە هەریەکەیان لەبری سەد سەربازی زیندوو دانرابوون. سەربازە پەڕۆییەکان بەخۆیان و کەلوپەلی شەڕەوە کە لە خۆیان قورستر بوو هێرشیان دەکرد.

ئەفسەرێك چاوی لەسەر تۆپە پڕ لە ناڵەکان بڕیبوو، پاش ئەوەی بەدەست هێمای بۆ شوێنێك کرد وتی:

- ئالێرەوە..

ئەو ئەفسەرەی قسەکەی کرد سەرپەرشتیاری هێرشە نوێیەکە بوو، ئەو شوێنەش ئاماژەی بۆ کرد دەکەوتە بەشی رۆژئاواوە. لەگەڵ ئەوەی قسەکەی تەواو نەکرد بەڵام مەبەستی بوو هێرش لە خۆرئاواوە بەناو رەزو باخەکاندا بکرێت کە پاشان دەگاتە تاوێرەکان و لەوێوە بە شاخەکەدا هەڵزنێن. بێئاگا لە شەکەتی سەربازەکان چوار سەربازو یەك تۆپی هەڵگرت کە لە راستیدا نمونەبوون بۆ چوار سەد سەربازی زندو لەگەڵ پێنج تۆپو گواستنیەوە بۆ بەرە نوێیەکەی شەڕ، لەگەڵ دابەزینی سەربازەکان شەماڵێکی فێنك یاری بە جلەکانیان کردو پاش سەرتەڕکردنیان لە جۆگایەکی بچوك، هێرش دەستی پێکرد و شریخەی تۆپەکان رژایە نزمایو دۆڵەکانەوە.

نەخشەکە لەبەر دروست کراوەی هەڵکەندراوێکی مێژوویی بوو بۆ گاورسورخ کە باران و شێ کاری خۆی لەسەر کردبوو، هەروەها زیادکردنی پڕۆژەی هێرش و نەخشەکانی دواتر و بە وێنەکردنی

هـەموو ئـەو دەقـە هەڵکەندراوانـەی لەسـەر هێـرش و سـەرکەوتنەکان بەسەر گاورسورخ دا نوسراون، گۆڕانیان بەسەر نەخشەکەدا هێنابوو.

سەرپەشـتیاری بـەرە نوێیکـە، هـەر ئـەو ئەفسـەرە بـوو هێمـای بـۆ رۆژئـاواکرد، لەگـەڵ چـوونە پێشـەوەی سـەربازەکان بـەناو بـاخ و رەزە سـەوزەکاندا دەم و چـاوی سـەنگینتر دەبـوو بێئـەوەی هـیچ بـارێکی دەرونـی پێـوە دیاربێـت، تۆپـەکانیش بـەردەوام چـیاکەیان دەسمـی و تاوێرو خۆڵیان دەڕمانە خوارەوە.. تا ئەو ساتەی لەبەرەو ژورکەکانـدا و لەناو بەردو تاوێرەکانەوە شکان دەستی پێکرد و سەربازە شـەکەتەکان هێواش تر لەوەی پێویست بوو گەڕانەوە.

ئەفسەرەکە پاش ئەوەی چرچ کەوتە ناوچەوانی داوای لـە تۆپـەکان کرد بێدەنگ بن و فـەرمانی گەڕانـەوەی تـەواوی سەربازەکانیشـیدا کـە جگـە لـە برینـدارە سـەخت و مردووەکـان هـەموویان گەڕانـەوەو هـیلاك لەسەر زەویە خۆڵەکە خۆیان دەدا بەزەویدا و عارەقیان لێدەچۆڕا.

وەك دوای هـەر هێرشـێك کەوتنـە ژمـاردنی زیانـەکان، لـە گوللـەی تفەنگ و تۆپ و پێڵاوی دڕاوو قۆپچەی کەوتوو بۆ برینـدارو کـوژراو کـە زۆر زیـاتر بـوو لـەوەی قەبڵانـدبوویان ئەفسـەرەکە بەبێزاریـەوە سـەیری شـەڕگەکەی دەکـردو نائاسـایی عـارەقی دەردەدا. ئەفسـەرێك هێشـتا بەساردیەوە سـەیری سـەربازە بـەجێماوەکانی ژێرخـۆرە سـوتێنەرەکەی دەکرد، وتی:

- ئەوانەی ئەو بەر سوپا نین...

هێرشـەکە پـێی نـابووە هەفتـەی سـێهەمیەوەو بـەردەوام هێرشـی جۆراوجۆر دەکرایە سـەر دەربەندەکە هـەر لـە پیـادەوە بـۆ زرێپـۆش، لـە تفەنگەوە بۆ تۆپو فڕۆکە بـەڵام گاورسـورخ دوورتـر لـە بۆچوونەکانیان بەخۆیو تـاوێرو بـەرزیو رەشـەباو سـەختیەوە راکشـابوو. ئەفسـەرێکی

پیر كە هەموو ژیانی سەربازی لەم ناوچەیەدا بەسەر بردبوو، لە گەڕان و پشكنین تا خوێندنەوەی ئەو نووسراوانەی بە زمانە مردووەكانی (سامی) لە سەری نوسراوە، لە نەخشەكە نزیكتر بووەوە پاش دڵنیا بوونی لە شكستی هەموو هێرش و ئەگەرە جیاجیاكان، بە قورسیەوە كەوتە قسەكردن و واش ناسرابوو كە پیتێكی زیادە نییە لەژیانیدا، تەنها پیتێك، لێكۆڵینەوە سەربازیەكانیشی لە دەزگا تایبەتی و نهێنیەكاندا دەخوێندرێت كە دوایەمینیان ئەو دەرئەنجامە بوو دەیویست لێرەداو لە گەرمەی هێرشەكاندا جێبەجێی بكات. پاش چەند كۆكەیەك گۆچانە رەشەكەی لە زەوی گیركردو بەدرێژی كەوتە باس كردنی شەڕ لەم ناوچە تەسكەی بەردەمیاندا هەر لەسەردەمی یەكگرتنی خێڵەكانەوە بۆ دروست بوونی شارو ئیمپراتۆرەكانی پێدەشت تا گرتنی لەلایەن ئینگلیزەكانەوە، قسەی دەكردوو وشەی سەیر سەیری ئەكەدیو سۆمەریو ئاشوریەكانی بەكاردەهێنا كەتایبەت بوون بەجەنگ و ناوی پادشاو ساڵی هێرش و چۆنیەتی سەركەوتنیان، هەرچەندە دەیزانی كەسیان لەو وشە مردوانە تێناگات تەنها شوێنەواریان ماوەو سەرسامی بۆ نیشان دەدەن. ئەفسەرە پیرەكە سەیری دەكردن و بچوك دەیبینین هەر هێندەی ئەستێرەو نیشانەكانی سنگ و شانیان.

پاش چاوگێڕان بە نەخشەو سەربازە لەت و پەتەكاندا قومێكی لە كوپەكەی دەستی داو هاتە سەرمەبەستی لەو گێڕانەوە دوورو درێژە مێژووییە ئەویش ئەوەبوو، لەماوەی مێژوی نوسراودا نزیكەی هەر پێنج سەدەیەك ئەم ناوچەیە هێزێك داگیری كردووە وەك لە نوسراوە بەجێماوەكاندا هاتووە. لەو ماوەی پێنج سەدەیەشدا شەڕو شۆڕو هێرش هەبووە بۆ سەر دەربەندەكە بەڵام هەموویان بە شكستەوە

گەڕاونەتەوە تا دۆزینەوەی ئەوخاڵەی لێیەوە دەتوانن بچنە ژورەوە کەبەدوایدا گاورسورخ شکستی هێناوە ئەویش گواستنەوەی شەڕبووە لە هێرشی سەربازییەوە بۆ ناو زمان. لەو خاڵەوە بەدرێژایی مێژوو سەرکەوتنەکان دەستی پێکردووەو گاورسورخ لە زەلکاوی تێکشکاندا نغرۆ بووە، ئەم رایەش بەشێوەیەکی سەرەتایی لەسەر پارچە خشتێکی سورکراوە دۆزراوەتەوە کە گاورسورخ تەنها بە (وشە) پێناسە دەکات، پاشان بە بەراوردکردنی شکستە دوابەدواکانی گاورسورخ بەدرێژایی مێژو ئەو دەرئەنجامە دروست دەکات کە بە شەڕی زمان ناوزەد دەکرێت، ئەم شەڕەش لەرێگای کوشتنی هەموو وشەکانی (هێرش) و (بەرگری) و هاوماناکانیەتی کە هاوکات لەم کردەیەدا زۆر وشەی تر پێویستیان بە کوشتنە... پاشان سوپا بێ هیچ ناڕەحەتیەك دەگاتە زەویە ئەفسانەییە پڕ لە بەفرو باخچە چوار وەرزیەکان و شوێنەوارە نەدۆزراوەکان، کانزا گران بەهاکان و میوە ئاڵتونیەکان. هەر وشەیەکیش لەوانەی دەکوژرێن پێویستیان بە 100 – 150 ساڵ هەیە تا جارێکی تر زیندوبکرێنەوەو ئیشیان پێ بکرێتەوە کە زۆرجار مانا فەرهەنگیەکەی خۆی لەدەست دەدات.

لێرەدا ئەفسەرە پیرەکە کەمێك وەستا تا لە سیمای ئەفسەرەکانی تر وردبێتەوە پاشان بە هێمنی وتی:

- باشترین نمونە لە مێژووی نزیکی گاورسورخدا هاتنی ئینگلیزەکانە کە هاتن و راستەوخۆ – پاش چەند شەڕێکی خوێناوی – وشەو هاوماناکانی خیانەتیان کوشت و لەو رێگاکورتەشەوە چوونە ناوەوە. تا ئێستاش ئەو وشانە بە مردوویی ماونەتەوە ئەگەرچی هەندێك جار بەکاردەهێنرێن بەڵام دور لە مانا فەرهەنگیەکەی خۆیەتی هەربۆیە لەم هێرشەدا ئەم وشەیە

پێویستی بەوە نی‌یە کار بۆ کوشتنی بکرێتەوە تەنها بۆ دڵنیابوون نەبێت چونکە ئەگەر تائێستا بەکار بهێنرێت ئەوا دژ بە مانا فەرهەنگیەکەی خۆی بەکاردێت.

– هەموو ئەم کارانەش لەرێگای چەند تیمێکی تایبەتەوە دەبێت کە لە بۆشایی رستەکانەوە دەچنە ژورەوەو دەکەونە هەڵوەشاندنەوەو گۆڕینی ماناو خوڵقاندنی مانای تر بۆیان. لە ئێستاشدا دەبێت هەر تیمێک لە خولەکێکدا لایەنی کەم دوو رستە دابڕێژێتەوە پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەو رستانەی لەبارەی بەرگری و خاك و نیشتمان و باوەڕەوەن، ئەوکات سوپا دەتوانێت پاش چوار رۆژ لە دەربەندەکەوە بێ‌هیچ کوسپێك تێپەڕێت

ئەفسەرێك قسەکەی پێ بڕی‌و وتی:

- کەی تیمەکان ئامادە دەبن؟
- چاوەڕوانی بڕیارن!

ئەفسەرەکان پەرۆشتربوون لەوەی چاوەڕوان دەکرا هەرچەندە نەیاندەزانی پاش سەرکەوتن مەدالیا ئاڵتونیەکان بە سنگی کامیاندا هەڵدەواسرێت.

دوور لەمانیش لەژێر خۆری ئەو پاش نیوەڕۆ گەرمەدا سەربازێك لەسەر زەوی نەخشە سەربازییەکە کەوتبوو" چاوی هەڵتۆقیو و لەشی ئاوسابوو. خوێنیش لە سنگیەوە قوڵپی دەدا بێ ئەوەی لەبیری کەسێکدا بێت هێمن لە ئاسمان رامابوو.

*   *   *

## □ مردنی سەربازە هەڵهاتووەکە لە گێڕانەوەی هاوڕێکانیدا

—گەورەم وا گەڕامەوە پێش ئەوەی هیچم لێبکەیت نانم بەرێ!

کۆمەڵێك سەرباز لە پەناگایەکی سەر چینکۆی بە لم داپۆشراو، لە درێــژەی ئــەو ڕۆژەدا قســەیاندەکردو بێــزاریش لەچــاویاندا تێکــەڵ بەبێــدەنگی و ســام دەبــوو. ئــەوان لــە تــاریکی تۆقێنــەرو ڕوونــاکی خنکێنــەری بیابانــە بێکۆتاییەکــەدا بــەدوای ئــەو تاڵانــەدا دەڕۆیشــتن بــەردەوام لەترســی دووردەخســتنەوە. تــرس کوشــندەترین ووشــە بــوو بـــەردەوام لـــە نـــان خـــواردن و خوێندنـــەوەی نـــاوی ئامـــادەبووان و ئێشــکگرتن و پشــوویاندا لێیــان نــەدەبووەوە. ئــەو تاڵانــەش لــەترس و ئێستای دووردەخستنەوە تەنها لەو حیکایەتانەدا بوو دەیانگێڕایەوەو هەرگیز لێی بێزارنەدەبوون.

پاش ئەو رستەیە سەربازەکە کەمێك وەستا، لەوەدەچوو بیەوێت بەشێوەیەکی باشتر رستەکان ڕێکبخات. دوای چاوگێڕانێکی خێرا بە بازنەی سەربازە دانیشتووەکانی دەوریدا چاوی لەسەر ئەو سەربازە ڕەنگپەڕیو و سپی هەڵگەڕاوەی بەرامبەری ڕاگرت و بەردەوامبوو.

—ئەمە دوایەمین قسەیە سەربازە هەڵهاتوەکە دەیەوێت بیڵێت، کاتێك لە ناوەڕاستی دەرگای سەربازگاکەدا بەدەمدا دەکەوێت و بەدەوریدا

بیابانێکی مسین درێژبۆتەوە. چوار سەرباز پڕ بەسەرسامی لەدەوری دەوەستن ئەمیش رووت رووت بەرامبەر ئاسمانە کراوەکە درێژبووە. لەناو چاڵو پەناگا لمینەکانیشەوە بەردەوام سەرباز دێنە دەرەوە تا بە دەوریدا بازنەیەك دروستدەکەن.

پاش رەشەبا هەوای بیابان قورس دەبێت، هەوای خنکێنەری، ئەو بەیانیەش هەموو شتێك، تەنانەت کەوتنەکەی ئەمیش، لەناو دەرگای سەربازگەکەدا هێواش دەکاتەوە کە بواری زۆربەمان دەدات پێکەوە ببیبنین.

کەوتنی ئەو سەربازەی بە ڕوتی دەگەڕێتەوە، دوای پێنج رۆژ لە هەڵکردنی رەشەبا لمیەکە دەبێت. ئەو رەشەبایەی هەوڵی داپۆشینو سڕینەوەی هەموو شتێکی سەر لمەکە دەدات (پاش ئەوەی بیابان چەكو تەقەمەنیو سەربازی زیاد لەپێویست هەڵدەگرێت) و بەتوڕەیی ناودەبرێت کەجار هەیە کتوپڕ بە رامالینی ئەوەی بێتە رێی دەستپێدەکات. لەناو ئەم توڕەییەدا سەخترین شوێن دەبینرێت کە مرۆڤ بێتوانایە لە ملکەچکردنیدا. دواهەمین قسە سەربازە هەڵهاتوەکە دەیەوێت بیڵێت، پاش پێنج رۆژ لە هەڵکردنی رەشەباکە دەبێت، کە لە هەڵکردنیدا هەموومان بەسەربازە زیندانیەکانەوە کە کاتێك لەناو ژورە چینکۆ تەسکەکاندا دەریان دەهێنین ناتوانن بەپێوە بوەستن لەبەر تواندنەوەی ئێسکیان، دەمانبەن تاچاودێری کەلوپەلو شتەکان بکەین تا لم دایان نەپۆشێت یاخود هەڵیانکەنێتو زەویەکانمان تێکەڵ بەزەوییەکانی دەرەوەبێت. سەربازە زیندانیەکانیش تاکە شتێك بیری لێنەکەنەوە هەڵهاتنە، چونکە دەزانن لەکاتی وادا بیابان هەوڵی سڕینەوەی هەموو شتێك دەدات: رێگا، ئۆتۆمبیل، تەلبەندو سەربازە هەڵهاتوەکانیش، لەهێمنیشدا بیابان لەئافرەتێکی گەنم رەنگی راکشاو

دەچێت کەخۆشترین خەونی لەسەر دەبینین، ئەگەرچی هەموو شتێك لەسەری وەك خاڵی رەش یاخود بۆر دەنوێنێت، تەنانەت ئەو هاوڕێیەی شەوانە لە پاڵتدا دەنوێت. لەناو چاڵە لمیە خنکێنەرەکانداو لەبێدەنگی چاوەڕوانی جەنگدا لەرەگی درەخت دەکەین، تفەنگەکانمان بەشانماندا هەڵدەپسێرین و لەو بێدەنگیە رادەمێنین تاچاو بڕکات لەبەردەمماندا درێژبۆتەوە. یەکێك بەکزییەوە دەڵێت:

- دەڵێن کوللە و زەرومان تێبەردەدەن؟!

- سەربازەکانیان زیندوکراونەتەوەو جارێکیتر نامرنەوە!

لەشوێنێکی ترەوە سەربازێك وا دەڵێت.

ئێوارانی پێش جەنگ مرۆڤ ناتوانێت لەتفەنگەکەی جیابێتەوە، بۆنی باروت و سامناکی لم و جەستەی بیابان، نەبوونی باڵندەیەك زیاتر دەتنوسێنێت بەتفەنگەکەتەوەو دەیکاتە ئەندامێکی تری لەشت.

سەربازە چوار خەتە رەشتاڵەکە، تەنها ئەو رۆژە پێکەنین لەسەر لێوی دەبینن کەمۆڵەتی گەڕانەوە وەردەگرێت، چەکەکەی هەڵدەگرێتەوە پاش ئەوەی لەپشکنینی دەفتەری رۆژانەی سەربازەکان دەبێتەوە. دەگەڕێتەوە لای سەربازە هەڵهاتوەکە، کە ئەوکاتە فەرماندە لەنزیکیەوە وەستاوە بەرامبەر فەرماندە دەوەستێت و لەسەر شانیەوە سەیری قوڵایی بیابانەکە دەکات. بەدەنگێکی گڕ دەڵێت:

- گەورەم هەشت رۆژە..

ئەمە ئەو تەنها رستەیەیە لەسیمەکان دەپەڕێتەوەو ناگەڕێتەوە (هەشت رۆژە هەڵهاتووە) بەدرزو کونی پەناگاکاندا دەچێتە خوارەوەو هەموو سەربازگاکانی ناوچەکە، تەنانەت ئەوانەی ئەوبەریش، لەیەك کاتدا گوێمان لێی دەبێت، تەنها کەسێك گوێی لێنابێت و سەرنجی راناکێشێت سەربازە هەڵهاتووەکە خۆیەتی کە لەناو دەرگای

سەربازگاکەدا کەوتووەو بەهێمنی لە ئاسمان دەڕوانێت، جگە لەو هەموومان گوێمان لێیبوو، گوێمان لەدەنگی ئەو گوللانە دەبێت لەژێر هەوا قورسەکەدا بەکپیو هێواشی دەکەونە ئەم لاولای قاچیەوە. پاش ئەوەی لەسیمەکان دەپەڕێتەوە. فەرماندە کەمێک لەنیشانگرەوەکان نزیک دەبێتەوە پاش ئەوەی وەک پەڵەیەکی رەش لەقولایی بینیندا دیارەو نازانرێت دەگەڕێتەوە یاخود نا، سەیریان دەکاتو بەهێمنی دەڵێت:

- بەسە دەگەڕێتەوە.

نیشانگرەوەکان کەماوەیەکی کەم دەبێت بەخۆیانو دڵرەقترین فەرمانی لیژنەی ئیعدامەوە گەشتوون بەبێزارییەوە دەگەڕێنەوە. بێزاری (نەکوشتنی) کەدەبوایە بیان کوشتایە. دەبوایە بکوژرایە تا ئەو جێگا پێیان لەو زەویەدا جێنەمێنێت، کە تەنها شتێك بوو لەو چۆڵیەدا لەگەڵم بوو، وەستام پاش وونبوونی سەربازگاکە لەچاوم بەهەر چواردەورمدا روانیم، گەورەم ئەوکاتە زانیم من بۆ جێگایەك دەگەڕێم تێیدا بمرم. کە بەسەر لمەکەدا رای دەکێشنە بەردەم ژووری فەرماندە بەپشتا پاڵی دەخەنو بەتانیەکی کۆنیش دەدەن بەناوقەدیدا. لەژێر پێستە وشكو سوتاوەکەیداو لەچاوە هەڵتۆقیوە شینەوەبووەکانیدا ترس وەك پەڵەی زەرد دەبینین.

– گەورەم هەشت رۆژە بەتەنیا لم دەخۆم!

سەربازەکان بەردەوام هەست بەدووبارەبوونەوەی ئەم رستە وشکە دەکەن، سەیری یەکتر دەکەنو چاو دەخەنەوە سەرپەڵە زەردەکان، ئەوکاتە بۆنی مردن بەخەستی لەنیگاو جەستەیانەوە دێت.

(بیابان، ئەو مردنە گەورەیەی لەبەردەمیاندا راکشاوە، هەر لەیەکەمین پێخستنە سەریەوە مردن بەدەمارەکانیاندا دەگەڕێت، جوڵەو دەنگو بۆیاخی پۆستاڵو تەنانەت ئەو خواردنەی دەیخۆن هەمووی تامو بۆنی مردن پەخشدەکات. بۆنی مردن لەخۆرە

سوتێنەرەکەو ئەو دەنکە لمە سورەوە بوانەوە دێت چەقیونەتە پێستە ڕەش داگەڕاوەکانیان و دەبریسکێتەوە. هەموو شتێك دڵنیایی مردن دەهێنێت بیابان تورەییە دەتشێوێنێت و ناناسرێیتەوە. لێرەدا جیاوازییەکە ئەوەیە لەپێش مردن و لەپاشانیشدا ناناسرێیتەوە).

لەناوەڕاستی دەرگاکەدا بەپشتدا کەوتبوو، بەدەوریدا کۆمەڵێك سەربازی سەرتاشراو رادەوەستن، هەندێکیان دەستیان لەگیرفانی پانتۆڵە خاکیەکانیاندا دەبێت و هەندێکیشیان جگەرەی پێچراو دەکێشێت، لەوپەڕی گوێپێنەدانەدا دەوەستن. یەکێك لێی نزیك دەبێتەوەو پۆستاڵەکانی لەپێ دادەکەنێت، چونکە وای دەبینێت تەسکتر بێت لەوەی جێگای قاچە ئاوساوەکانی تێدا ببێتەوە، لەگەڵ دڕانی گۆشتی قاچیدا، بەدەم راکێشانی پۆستاڵەکەوە، ماسی وشککراوەی ناو سنوقە تەختەییەکانی دێتەوە یاد. ئەوکاتە تیشکە زیویەکە بەخواری دەیدات لە لەشە باریك و وشکبوەوەکەی، دەنکە لمەکانی دەوری دەبریسکێتەوەو ئەولایەی لەخۆرەکەبوو هێڵێکی تیواری بەدەوردا دروست دەکات، ئەوەی لای سەریەوە وەستاوە مردنی باوکی هاتەوە بەرچاو، یەکێکیتریش سەفەری گەڕانەوەی لەپشوو، چوار خەتەکەش ژنەکەی بیردەکەوێتەوە.

فەرماندە سەیریان دەکات تا بەتوڕەییوە دەڵێت:

– بیبەنە شوێنێك!

لەگەڵ قسەکەیدا دەڕوات، تا لەتاریکیەکەدا دیارنامێنێت.

ئەو دوانەی شەوان لەتەنیشتیەوە دەخەون دەچنە ژێر باڵی و بەرزی دەکەنەوە، یەکێکیش لەدواوە پۆستاڵەکانی بۆ هەڵدەگرێت، پێیە خشاوەکەی دوو هێڵی تەریب لەسەر لمەکە دروستدەکات بەلام بێئەوەی گوێی پێبدات بەسەر شانی دوو سەربازەکەوە قوڵ لە

تاریکیەکە دەڕوانێت. ناوەستن تا لەدەرگای پەناگاکە دەینوشتێننەوەو دەیبەنــە خــوارەوە، ئــالێرەدا لەســەر جێگاکــەی پــاڵی دەخــەن (ئــەو سەربازەی قسەیدەکرد بەدەست هێمای بۆ جێگایەکی نزیك خۆی کرد پاشان بەردەوامبوو) ناو پەناگاکەو دەرگاکەی پڕدەبێت لەسەرباز کە بۆ بینینی هاتوون. یەکێك لای دەرگاکەوە بەپێکەنینەوە هاواردەکات:

- بزانە جگەرە ناکێشێت؟

– نا.. ئەو پێنج ڕۆژ زیاترە نانی نەخواردووە!

یــەکێك ئــاوا وەڵامیدەداتــەوە. (لێــرەدا ســەربازەکە لەگێڕانــەوە دەوەســتێت تــا بواریــان بــدات تێــر پێبکــەنن جگــە لــە ســەربازە ڕەنگپەڕیوەکەی بەرامبەری کەسەیری پێکەنینەکان دەکات).

جارێکیتر دەست بەقسە دەکاتەوە:

– دەگەڕێن بۆ فافۆنەکەی ملی بەڵام نایدۆزنەوە.

یەکێك قسەکەی پێبڕیو بەبێزاریوە وتی:

– چاوەڕێی چین چاوی داخەن!

– چاوەڕێی مۆڵەتی فەرماندەین!

–ئەی چەکەکەی کوا؟

لەوکاتەدا سەربازێك خۆی دەکات بەقەرەباڵغیەکەداو دێتە خوارەوە، لەناوەڕاستی پەناگاکە دەوەستێتو دەڵێت:

– فەرماندە داوای دەکات!

هەر ئەو دوانەی پێشوو دەچنە ژێر باڵی و دەیبەنە دەرەوە پاش ئەوەی پۆستاڵەکانی بەیەکەوە گرێدەدەنو دەیکەنە ملی. فەرماندەش بەئارامی لەجێگاکەیدا هاتووچۆ دەکات کە لەبەردەمیدا دایدەنێن. سەربازە ڕاکشاوە ڕوتەکەی بەردەمی چاوە کراوەکانی بەرەو تاریکیەکە کردبووەوەو نەیدەزانی فەرماندەکان لەیەکتر جیابکاتەوە، ئەوەی بەناو

دڕكدا لەسەر سنگ دەیبرد، یاخود ئەوەی رۆژێكی تەواو قاچێكی پێ بەرزدەكردەوە، ئەوەی لەسەر سەری وەستاوە یاخود ئەوانەی لەوێنەو شەقامەكاندا بینیونی، ئەوانەی لە TVدا قسەدەكەن یاخود ئەوانەی سەربازگاكانیتر بەوانەی بەرامبەریشیانەوە، نەیدەتوانی لەیەكیان جیابكاتەوەو بیان ناسێتەوە، چونكە هەموویانی وەك لەبەرگیراوەی وێنەیەكی تەڵخ دەهاتە پێش چاو.

كزەی ئێوران دەستی بەهەڵكردن كردبوو، و لەنێوان سیمەكانەوە دەهاتە ژورەوە تا بۆشایی ناو سەربازگاكە پڕكاتەوە. فەرماندە بەهێواشی، پاش ئەوەی لەشە وشكبووەوە رەش داگەڕاوەكەی بەردەمی هەستی تێكچوونی پێدا بڵاودەكاتەوە، دەڵێت:

– بیكەنە شتێكەوە!

لەتاریكیەكەدا دەچنەوە ژێر باڵیو دەیبەنەوە بەردەم پەناگاكەی پاش ئەوەی یەكێك دەڵێت:

–با ئەم شەو لەدەرەوە بێت هیچ نییە تێی بكەین.

لەسەر لمی بەردەم پەناگاكە پاڵی دەخەن، لەلای سەریەوە پۆستاڵەكانی دادەنێنو بە بەتانیەك دایدەپۆشن.

سەبازێك بەگوێ پێنەدانەوە دەڵێت:

– كەسی ناوێت بەدیاریەوە بێت ئەو هەشت رۆژە تەنیایە!

لەخوارەوەو لەناو چاڵەكەدا بەدەوری فتیلە دوكەڵاویەكەدا كۆدەبینەوەو چاوەڕوانی بەیانی دەكەین.. بەدەم گێڕانەوەی هەڵهاتنی سەربازەكەوە،پاش پێنج رۆژ لەهەڵكردنی رەشەبا لمیەكە، جگەرە دەپێچینەوەو دڵنیای گەڕانەوەو راكشانی دەبین لەسەر لمەكە كە ساردی لمەكە دەگاتە ئێسقان. (**لەكە پێبڕین لێی مەحاڵە، بەدرێژای هەشت شەو و رۆژ رۆشتم تا لەبیابانەكە دەرچم بەلام لێرە شتێك نیە ناوی دەرچون بێت،**

پاش ئەوەی چوارجار رووی رۆشتنکەم گۆری هەر دەگەیشتمەوە دەرگـای سـەربـازگاکە، لەسەر ئەم لە مسیە رەوگەکان ون دەبن و لە دەرەوەت هـەموو شـتێك لەیـەك دەچـێت و مانـــای خـــۆی لەدەســـت دەدات، لـــەناو بۆشـــایی لـــدا ونبـــووم، هێلنجمـــدەدا لـــم هەلدەهێنایـەوە، دەرۆیشـتم بـەردەوام دەکەوتمـە نـاو زۆنگاوەکـانی تینوێتیـەوە، تـــەنیابووم..) ئەوکاتـــەی لەچـــاڵەکەدا دادەنیشـــین و باســـی هـــەڵهاتنی سـەربازەکە دەکـەین دوور لەئێمـە فەرمانـدە نووسـتوەو نـوقمی پرخەیـە. لەسەرەتادا پاسەوانەکان وا دەزانن دەنگی ئۆتـۆمبیلێکی رێبزرکـردووە تا لەپشت دەرگای پەناگاکەیدا خۆیان ماتدەدەن، ئەوکاتە دەڵێن:

– دەشێت خەوببینێت!

لەودیوەوە فەرمانـدە بەخەونـدا رۆچـووەو خـەو بـەرەگی تفـەنگ و ئـەو ســـەربازانەوە دەبینێـــت لەســـزادا پەرکـــەم دەگـــرن، ئـــەو شـــەوە بـــۆ میزکـردنیش نایەتـە دەرەوە، پرخـەی دێـت و خـەو بـەقولایی مردنـەوە دەبینێ، بەلاشەی کرماوی وشکبووەوەی سـەربازە هەڵهاتووەکـەوە. دوو سـەربازە پاسـەوانەکە بـەدەم پێکەنینـەوە چـاویان لەسـەربازێك دەبێـت لـــەنزیك هەڵهاتووەکـــەوە کـــەمێك دەوەســـتێت و پاشـــان دەگەرێتـــەوە پەناگاکە، هێشتا دانەنیشتووە دەڵێت:

– پەڵە زەردەکانی لەتاریکیدا دەبریسکێتەوە!

– ئەوە پەڵەی ترسە.. ترسی بەتەنیا مردن!

کەسێك هـەوڵنادات بزانێت کێیـە وادەڵێت، چـونکە دڵنیـان دەنگەکـە لەسەربازە رەنگپەریوەکەوە دێت، بـەلام لەگـەڵ قسـەی سـەربازێکی تـردا کەدەڵێت: (دەشێت لەو خراپترین) ترس لەهەمویاندا دەبینرێت، ترسی بەتـەنیا مـردن و دوور لەفرمێسـك هەربۆیـە نەیانـدەزانی چـۆن و لەچـی بیردەکەنەوە تا یەکێك بەسوکی دەڵێت:

– ئەو باشبوو کەس گوێی لەهاواری نەبوو!

تا تاریك و لێڵ لەژێر دوكەڵی تۆخ و جگەرە پێچانەوە دادەنیشین تا ئەوكاتەی فەرماندە هاواردەكات:

– دووریخەنەوە لێرە!

لگەڵ هاوارەكەیدا رادەكەینە دەرەوە، دەبینین فەرماندە سیمای ساردو چاوی خامۆشە ئەمیش لەسەر لمەكە چاوە نائارامەكانی بەقوڵایی ئاسمان هەڵداوەو پەڵە زەردەكانیش تۆخ تر دەنوێنن. ئەوەی پێویست دەبێت بۆ شاردنەوەی دەكرێ و فڕێیدەدەینە دوای ئۆتۆمبیلێكی سەربازییەوە. رێگا تەنها بەسەربازێك دەدرێت لەگەڵیدا بگەڕێتەوە ئەویش ئەو سەربازە بوو كە نەیدەتوانی بیر لەوەبكاتەوە دەمرێت و جگە لەبیابان كەسی بەلاوە نابێت. هاواری لێ‌دەكەین:

– تا دەتوانیت قسەی بۆ بكە ئەگەرنا.. گوێی لێ‌بگرە!

بەدرێژایی رێگا پانزە كاتژمێرییەكە، لەوكاتەوەی دەكەونەڕێ، قسەی بۆ دەكا، باسی زۆرشت، تەنانە ئەو نهێنیانەی یەكەمجارە بێ‌شەرم دەیانلێت، هەرچی دەزانێت بۆی باسدەكات، ئەویش چاوە نائارامەكانی لەشیشی ئۆتۆمبیلەكە بڕیوە، لەدواشیانەوە دوو هێڵی تایەی ئۆتۆمبیلەكە دەكشێت و قسەی سەربازەكە تێكەڵ بە خۆڵ و تۆزە بەرزبوەوەكە دەبێت.

لە دووری پانزە كاتژمێرەوە، لەو شوێنەی دەرچوون، گاورسورخ لە ناوچەیەكی شاخاویدا راكشاوە (لێرەدا هیچ یەكێك لە سەربازەكان پرسیاری ئەو شارە ناكات، چونكە لەگەڵ ناوەكەدا هەریەكەو ئەو شارە لەزە ینیدایە كە بۆ دواجار بۆی دەگەڕێتەوە) كە لەمانگی ئابدا تەپۆڵكەكانی زەردو وشك دەنوێنن، شنەبا بەسەر وەڕسی و سستی رۆژە گەرمە درێژكراوەكانی ئەو مانگەدا هەڵدەكات. گاروسورخ، وەك چۆن لە ئەندێشەی سەربازە هەڵهاتووەكەدایە، خوڕەی ئاو و بۆنی سەوزبوون

لەدەمارەکانیەوە دێت، تیشکی خۆر بەشێوەی دڵۆپی ئاڵتون بەسەریەوە دەبریسکێتەوە، لەژێر قوببە نیلیەکانیدا خەونی ئارام دەبینرێت. گاورسورخ ئاوا لەوێدا راکشاوە، لەرابردوودا کە پەتا کوشندەکانی وەك نەفرەت بە ناوچەوانیەوە دەدرەوشێتەوە. لەژێر شینایی ئەو ئاسمانە خۆڵەمێشیەدا بەراکشاوی، لەدوای ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا، دەگەڕێتەوە جگە لەپیرێژنە رەق و چرچەکان، کە پێشتر خەونیان پێوە بینیوە، کەسێکی‌تر چاوەڕوانی نییە، ئۆتۆمبیلەکە لە بەردەم دەرگایەکدا دەوەستێت و خەڵکی کۆمەڵەی لێ‌دەکات، بە سەرنجەوە گوێ لەقسەی سەربازەکە دەگرن کە باسی خۆشەویستی بۆ هەڵهاتووەکە دەکات. هەندێك، بێ‌ئەوەی کەس پێیان بڵێت، ژنانی لێ‌دووردەخەنەوە، چونکە دەترسن رووتبێت، ئەویش چاوە نائارامەکانی بەرەو ئاسمان کراوەتەوەو قاچی لەدوای ئۆتۆمبیلەکەوە هاتۆتە دەرەوەو پڕ بە پڕی ئیڤاکە گەورە بووە. سەربازەکە قسەی بۆ دەکات، ژنانیش فریای پرچ رنین و یەخە دڕاندن تا خوار ناوکیان دەکەون. سەربازەکە دەیەوێت بڵێت:

– بریا سنوقێکمان دەست کەوتایە!

کاتێك هاوار دەکات:

–زۆر گەورە بووە، ئاگاداری بن لە داگرتنا بریندار نەبێت!

شەو بەشنەی باو بێدەنگیەوە دێت. ژنان بەکراسە تاسەر ناوك دڕاوەکانیان لە نوزەنوزێکی هێواشدا کۆمەڵدەبن و جێگا چنگ و چەپۆك لەسەر روومەت و سنگ و بەشێکی مەمکە دەرکەوتووەکانیان دیاردەبێت. لە سەرەتاداو لەگەڵ پیاکێشانە بێ رەحمەکانیاندا جێگاکەی سپی دەبێت تا پاشان خوێنی تێ‌دەزێت و دەئاوسێت. جارجار سنگە رووتەکان دەکەونە گۆشەی بینینیەوە کە لە حەوشەکەدا پاڵیانخستووە.

بەدەوریدا ریزێك لەپیرە مات و داڵغە قورسەكان دادەنیشن و بەدار جگەرە زەردباوەكانیان سەرقاڵی جگەرە كێشان دەبن، لەدواشیانەوە گەنج و هەرزەكارەكان دەوەستن، منداڵانیش لەسەربانەكانەوە سەیردەكەن، ئەمیش چاوە ئارامەكانی دوور لەمردنی خۆی بەرەو ئاسمان كردۆتەوە. ئەوەی كاغەزی وەرگرتنی هەڵهاتووەكەی ئیمزا كرد، دەڵێت:

– سەربازەكە وتی زیاد لە هەشت رۆژە هەڵهاتووەزوو بیشارنەو.

یەكێك، پاش ئەوەی بەسەر گۆچانێكدا دەنوشتێتەوە، دەڵێت:

–ئەی چۆن دۆزیانەوە.؟

– وتی هەر خۆی بە رووتی گەڕاوەتەوە!

پیرەكان لە بێدەنگیدا دەمێننەوە تا یەكێك پرسیار لە پەڵە زەردەكانی پێست و سەر بلیبیلەی دەكات، ئەوكاتە زۆر بە هێمنی لەبەرخۆیانەوە دەڵێن:

– ترسە.. ترسی بە تەنیا مردن!

دەمەوبەیان شەونم وەك مرواری بریسكاوە لەسەر پێستە رەش داگەڕاو و پەڵاوییەكەی دەبینن.

–تەنها وەرزی ئاوڕنگ نییە!

یەكێك وا دەڵێت بێئەوەی چاو لەسەر لاشە درێژ بووەكە لابەرێت كە دەستەكانی پڕ بە گەورەیی ئاسمان كردۆتەوەو دەبینن لەگەڵ خشانی با بەسەریدا گەورە دەبێت، سەر پەنجە شینەوەبوەكانی سورهەڵدەگەڕێت، دەیبینن سپیترو تەڕ تر دەبێت.. گەورە دەبێت و ترس بە وەستاواندا بڵاودەكاتەوە، پاش ئەوەی دڵنیادەبن لەوەی پەلەكانی بەرەو سێبەری دار هەنجیرەكەی حەوشە دەكوتێت، ترسی

جێگـا نەبوونـەوەی. فێنکـی ئـەو بەیانیـە لـە ژێـر پێسـتیدا دەبزوێـت کەجارێکی‌تر لە خۆدانی ژنان دەست پێدەکاتەوەو شەونمەکانی سەر لاشە تەڕەکەی شەوق دەدەنەوە، بازنەی سەیرکەرانیش بەردەوام زیاد دەکات، مامۆستاو فەرمانبەران لادەدەنە لای، کرێکارو دەست گێڕو دوکاندار هەموویان دێن تا شەونمی مردن و هەڵکشانی بالای ببینن. پیاوان تەنها سەیری ئەو دەستو بازوانەی دەکەن لە خەونەکانیان گەورەترە، ئافرەتەکانیش رەنگی سیحراوی لێوی سەرسامیان دەکات کە هەرگیز لەو رەنگەیان بەکارنەهێناوەو تیواری پێستیشی وایان لێدەکات هەست بە بێنوێژی بکەن، لە ترسو شەرمدا قاچیان توند جووتدەکەن، ئەگەرچی چەند دڵۆپێك خوێن بەرانیاندا دەچۆڕێت‌و سەرنجی منداڵەکان رادەکێشێت، بەڵام ناڕۆن تا تەنیا جێی نەهێڵن، منالانیش لەیاریەکانیاندا جێگایان بۆ دادەنا. ئەمیش لەژێر نیگای ئەواندا چاوە ئارامەکانی لەئاسمان بڕیبوو.

یەکێك لەژێر لێوەوە وتی:

– جێگای نابێتەوە، بۆ نایئنێژن!

– سەربازەکەی هێنایەوە وتی دەبێت چاوەڕێی بروسکەبن، چونکە چەکەکەی نەگەڕاندۆتەوە!

– دەتوانین پارەی چەکەکەی بۆ کۆبکەینەوە!

– دەبێت چەکەکەی خۆی بێت!

ئەوەی لەسەرەتادا قسەیکرد جارێکی‌تر بەنزمیەوە وتی:

– ئاخر زۆر ئاوساوە جێی نابێتەوە!

– ئەوە پڕە لەقسە!

ئەوکاتە ئەو قسەیە دەکرێت کە ژنان داوای دەکەن تا سێ‌رۆژەی بۆ بگرن. لەوێدا پاش ئەوەی حەوشەکەیان بۆ چۆڵدەکرێت تەنها منداڵان دەیانبینن چۆن بەدەم لەخۆدانەوە لەچکەکان دەکرێنەوەو پرچە درێژو قوڕاویەکان بەردەبنەوە، جارێکی‌تر یەخەکان تا سەرناوك دەدڕێنەوەو مەمکەکان بێ سرەوتن شەڕ لەگەڵ تیشکی خۆر دەکەن، ئەمیش چاوە ساردەکانی بەقوڵایی بینین کردۆتەوەو سنگە رووتەکان دەکەونە گۆشەی بینینیەوە، لەشی بەفرمێسك تەڕدەکەن‌و سەر پەنجەکانی سورو نیگاکانی هێمندەبن.

جارێکی‌تر ئەوەی پێشوو دەڵێت:

– زۆر ئاوساوە .. پڕە لە قسە!

منداڵەکانی لێ‌دووردەخەنەوە تا گوڵاو پرژێن‌و بن باڵ‌و لای سەری پڕ لەرێحانە بکەن ئەمیش پەڵە زەردەکانی سەرپێست‌و بیلبیلەی دیارنامێنن، لەجێگایان چرۆی ورد وردی رەنگاوڕەنگ هەڵدەتۆقن کە رەگیان لە قوڵایی دەمارەکانیدایە و جۆرەها گوڵی بۆندار دەگرن، گوڵەکان هێندەی رەنگی سیحراویان بۆنی سەیر بڵاودەکەنەوە کەوا دەکەن وەستاوان بەدەوری سەربازە هەڵهاتووەکەدا دانیشن تا قسەیان بۆ بکات، باسی سەختی جەنگ و ئەو رێگایەی لەقوڵایی بیابانەوە تا باخە هەمیشە سەوزەکانی خورما درێژ بۆتەوەو سەربازی سوتاو و ئامێری تێکشکێنراوی لەسەر جێماوە یاخود پاشماوەی ئەو سەربازانەی لەسەرەتای شەڕەوە کرانە هەڵم، باسی جەنگە سەد کاتژمێریەکەیان بۆبکات. لەگەڵ ئەوەدا دەیانبینی بەردەوام گەورەدەبێت، دەست‌و قاچی بەسەر دیواروماڵەکاندا درێژ دەبێت،

بازوەکـانی جـوانتر دەنـوێنن و لەشـی جۆرەهـا گیـاو گـوڵ دەردەکـات، چاوەڕەشــە مەنگــەکانی هــێمن دەنــوێنن. بــەردەوام گــەورە دەبێــت، پەلـەکانی بـەناو کـۆڵان و سـەر دیوارەکانـدا دەڕوات، یاریگـای منـداڵان دەبڕێـت، بەدانیشـتنی سـاردی پیـاوان و زۆر بڵێیـی ژنانـدا رەتـدەبێت بێئـەوەی کەسـێك گـوێی پێبـدات، چونکە ئـەو دێـڕو رستانەی جـەنگ بردبوونی کە بە غەمبارترین شێوە دەیگێڕێتەوە.

تا دێت گەورە دەبێت.. هێندەی گاورسورخ خۆی.

لێـرەدا سـەربازەکە لەگێڕانـەوە دەوەسـتێت، یـەکێك کـە بەرامبـەری بەسیمایەکی زەردو رەنگی پەڕیوەوە دانیشتووە، بەناو دوکەڵی قورسی پەناگاکـەدا دەچـێتە دەرەوە. سـەربازێکیتر کـە تـا ئەوکاتـە چـاوی لـە قسەکەرەکە بڕیبوو، پاش ئەوەی پەنجەی بەرەو سنگی راگرت، وتی:

– بەڵام ئەو بیابانەی ئەو بە مردوویی باسی دەکات لەخۆماندایە!

ئەو رستەیە وەك چەند تەقینەوەیەکی بەردەوام لەناوەوەیاندا دەنگی دەدایەوە، بەڵام بیابان لەخۆماندایە.. بەڵام بیابان لەخۆماندایە..

لەگـەڵ ناڵـەی ئـەو تەقینەوانـەدا سـەربازێك بـە پەلـە خـۆی دەکـات بـە پەناگاکەدا، کە ئەوە نییە پێش کەمێك چووە دەرەوە، بەشـپرزەییەوە لـە ناوەڕاستی پەناگاکەدا وەستا، ووتی:

– گوێتان لەتەقەیە، ئەو سەربازەی لاتان چووە دەرەوە هەڵهات!

لەگەڵ چوونە دەرەوەی سەربازەکاندا یەکێك لێی پرسی:

– ئەی فەرماندە؟

– بەنیشان گرەوەکانی وت، بەسە.. دەگەڕێتەوە!

چــوونه دەرەوەو بــەردەوام رســتەی (بــەڵام بیابــان لەخۆماندایــە) لەناوەوەیاندا دەتەقیەوە.

*                *                *

دەشێت ژیان لە سادەییدا ئاڵۆزبێت یاخود بەپێچوانەوە، گرنگ نیە باوەڕمان بەکام دەستواژەیەیان هەیە هەر وەك (خێروشەڕ) کە لەو وشە دژانەن، راست تر لەو دوانانەن، کەڕۆژانە تەنانەت لەکڕینی کیلۆیەك سێو یاخود گفتوگۆیەکی سارد، ئەگەر لەگەڵ شۆفێرێکیشدا بێت، بەکاریان دەهێنین بێئەوەی ژیان بەپێی بۆچوونمان لەسەر مانا زۆرو دژ بەیەکەکانیان بڕوات، زۆرجار سەیری رەفەی کتێبخانەکە دەکەم (رۆژانە لەهۆڵی خوێندنەوەیدا لەسەر کورسی بەردەم پەنجەرە گەورەکەی، کەبەسەر شەقامەکەدا دەڕوانێت، دادەنیشم)لەو هەموو پەرەجۆراوجۆرە، لەقەبارەو شێوەدا، وورد دەبمەوەو سەرسامم دەکەن بەوەی ئەم ژمارە زۆرەی کتێب (ئەگەرکتێبی کتێبخانەکان هەمووکۆبکرێنەوە بەوانەشەوە کەدەکەونە شارۆچکەیەکی دوورو لەبیرکراوی ناوچە بیابانیەکان کە سەرە ڕێگای خێڵە کۆچەریەکانە و کچێك بەدێڕێك شیعری (خیلاعی ) دەگۆڕنەوە ، هەروەها کتێبخانەی ئەو ناوچە نزیك لە ئەفسانانەی کەددانیان بەبارمتەی تەلیسمێکی نووسراو دادە نێن لەگەڵ ئەو پارچە چەرمانەی لە باوەڵ و ناو نوێنەکاندا loولکراون وئەو خشتە سوورکراوانەی بە هەڵکەندن لە سەریان نووسراوە ، دەشێت ژمارەیان لە رەها نزیك بێتەوە بە وەی ژماریی مرۆڤ کەمترە لەوەی تا بێکۆتا مانایان لێك بداتەوە کە جارێکی ترئەو

مانایانـــەش دەبنـــە نووســـراوی نەخوێنـــدراوەو دەبێـــت جـــارێکی‌تر بخوێنرێنـەوە ) کاریـان ئەوەیـە ژیـان لـە تەسـکترین وفـراوانترین مانایـدا نیشـان بـدەن  بـەو کتێبانەشـەوە کـە کاریـان تـەنها گێرانـەوەی رووداوو ژیاننامەکانی ڕابردووە . خۆئەگەر ژیان تائەبەد بەردەوامبێت لەوانەیە ڕۆژێك بگەینە بێ مانایی‌و دەستەواژەیەك  تاژیان هەبێت بمێنێتەوە . بە واتایەکی‌تر مانای نوێ بەرهەم نەهێنرێت و هەموو وێنەو ئاماژەکان بسوێن پاش چەند جار بەکارهێنانەوەیان لە ژێر ناوی جیاوازدا وەك وێنەی سەردیواری ئەشکەوتەکان لە هوونەری شێوەکاریدا . مەزەندە کردنی ئەو ڕۆژە، کە ژیان بەوێنەی نەخشەی زەوی جێگیر بێت ، لە خـەیاڵ قوورسـترە هەربۆیـە لـە زەینمـی دەردەکـەم ونامـەوێت نـاوێکی لێبنێم بەوەی گەیشتنە بە جەوهەر یاخود هیچ ( جبێگیربوونی نەخشە پاش ئامێرەکان تا زەوی هەبێت ئەویش هەروەکو خۆی‌دەمێنێتەوە مەگەر گۆڕان لە سەر زەوی بە جۆرێك رووبدات کە کار لە شێوەکەی بکات ). قوورسی ئەو رۆژە وەك بیرکردنەوەیە لە کتێبێك کە هەموو نهێنی‌و مانایەکی لە خۆ گرتبێت .

زۆرجار وشەیەك یاخود رستەیەك بەشێوەیەکی سەیر دەمبات و هێشوویی وێنەو دەستەواژە لەلام دەتەقێنێتەوە وەك ئێستا لە هۆڵی خوێندنەوەی کتیبخانەیەکی کۆن دانیشتووم و وشەی (ژیان) بردمی، کتێبخانەکـە دەکەوێتـە سـەر شـەقامێکی باریـك‌و جـەنجاڵ‌و پەنجـەرە گـــەورەکانی وایـــان کـــردووە بەئاســـانی دەنگـــی هاتووچـــۆکەران‌و ئۆتۆمبیـل‌و هـاواری دەسـتگێڕ لەهۆڵەکـەدا دەنـگ بدەنـەوەو تێکـەڵ بەسـیحری خوێندنـەوە بـن، کتێبخانەکـە بـەپێنج نهۆمەکـەی سـەریەوە دەکەوێتـە نـاو حەوشـەی مزگـەوتێکی کـۆن لەپەرسـتندا بێ‌ئـەوەی راسـتەوخۆ دەرگـا لەنێوانیانـدا هـەبێت، جگـە لـە کتێبخانەکـە پێـنج

نهۆمەکەی سەری ماڵی فەرمان بەری تێدابوو کە بەخیلیم پێدەبردن بەوەی ئەوان لەسەرو کتێبەوە دەچنە پێخەفەوەو لەزەتی جوت بوون دەبینن و بەسادەیی بیر لە سوورکردنەوەی ژەمێك پەتاتە دەکەنەوە وەك ئەوەی ئەو بەو بێشوماری مانایەیەوە جێگای لە گوێ پێنەدانیاندا کردبێتەوە (نەك تەنها ماڵی فەرمانبەرەکان بەڵکو هاتووچۆکەرانی بەردەمیشی)، ئەم رایە تەنها ئامۆژگاری مامۆستاکان نایسەلمێنێت کەدەڵێن (کتێبخانە ئاوێنەیە)، رێبواران بەلایدا دەڕۆن بێئەوەی ئاوڕ لەو ئاوێنە گەورەیە بدەنەوە کە لێیەوە خۆیان نا بەڵکو رابردوو دەبینن، پێدەچێت خەڵك بووبنە ئاوێنەیەك بۆ مانا ساکارکراوەکانی کتێب. هەندێك جار حەماسی مامۆستاکان دەگاتە ئەوەی بەدڵ بیشوبهێنن بێئەوەی ئەو بوونەوەرە تەنیایە سەرنجیان رابکێشێت کە وێنەی ساکارو ئاڵۆز لەسەر دەرەوە دروست دەکات و جیهانێکی داخراوە ئەگەر چی دەرگایەکی ئاسنین بەدەرەوەی دەبەستێتەوە. لەوانەشە ئەمە رامانێکی سەرەتایی بێت لەو دڕندەیەی لەسەر زەمەن دەژی ئەگەرچی ئەو زەمەنی لەکتێبەکانیدا کوشتووەو پیربوونیشمان باجی ئەو مانایانەیە کتێب لە رێگای خوێندنەوەوە لێمان دەستێنێت.

کە جیرەی دەرگاکە هات تەنیا دانیشتبووم، بەبێزاریەوە ئاوڕم بەلایدا دایەوە واپێدەچوو رەشەبا یاری پێبکات بەوەی کەسم نەبینی لێیەوە بێتە ژوورەوە. هۆڵەکە چۆڵبوو، منیش بەبێزاریەوە لەناو دیوارە بەردەکانیدا دانیشتبووم کە کاریان پاراستنی کتێب یاخود شێوە دەربڕینی ماناکانە. هەوڵم نەدا جارێکی‌تر خۆم بەکتێبەکەی بەردەممەوە بخلافێنم، پاش ئەوەی هەستم بەتێنەگەیشتنی ئەو چەند دێرەی کتێبەکەی ژێر دەستم کرد کە کەوتنە ژێر بینینمەوە. هەندێك جار ئارەزووی خوێندنەوە بە رێگا دژوارەکانیدا ناتگەیەنێتە ئارامی

بـەڵکو لەتێنەگەیشـتندا یـاخود لـەناومانا زۆر و دژ بەیەکەکانیـدا ونـت دەکات، چی دەبوو گەر (نەنووسین) هەبوایەو مرۆڤ بەناو قسـەدا پـەرش ببوایـە؟ دڵنیـام کتێبەکـەی بـەردەمم بچـوکترە لـە وەڕسـی ئـەمڕۆم کـە لەوەناچـێت وەك ئـەوەبێت بەرامبـەر گریـانی منـداڵێك یـاخود بارانـە بەخوڕەکـەی دەرەوە دەمبێـت بـەڵکو لـە چـەند بارەبوونـەوەی خـەوێکی ساردەوەیە کە لە دوا ساتەکانیدا بە ئاگادێمەوە بێئەوەی بزانم چەندەم جارمـە، لەمنداڵێمـەوە، هـەمان خـەون بـە وردەکـاری رەنـگو بۆنیـەوە دەبیـنم، (پیـاوێکی نائاسـایی بەسـیماو جلـە کۆنەکانیـەوە بـەهێمنی دەسـتم دەگرێـتو دەمبـات، دوور دەمبـات بەرادەیـەك هەسـت دەکـەم شـەکەتی لـە لەشـم دەنیشـێت بـەڵام ئـەو بـیر لەوەسـتان ناکاتـەوە وەك لەسـیمایدا دیـارە دەڕواتو منـیش بەدوایـدا تادەمباتـە سـەر چـەند راڕەوێکی تاریكو ژووری نسرمەوە بێئەوەی هیچ بڵێین چونکە هەستم دەکرد لەوێدا قسە مانای نامێنێت. لە راڕەوەکاندا بیرم نایـەت جلمان لەبەردابووە یـاخود نـا چونکە هەستم دەکرد هـەوا شـێدارەکە لـەشمی دەبـڕیو دەمارەکـانمی پـڕ لـەبۆنی رزیـن دەکـرد، بـەدەم رۆیشـتنەوە سـەیری سیسـرکی سـەر بـەرگی کتێبێـك دەکـەم کـە لەسـەر نـاوی نوسـەرکەی راوەسـتاوە بێئـەوەی هەسـت بکـەم سیسـرکێکم دیـوە لـەم بچێت. لە سیسرکە بێوێنەکە رادەمێنمو هەست دەکەم گەیشتوومەتە راڕەوی یـەکێك لەکتێبخانـە گشـتییەکان. بـەتاریکی راڕەوەکـەدا ویسـتم بپرسم کەیە بەڵام پێش دەم کردنـەوەم بەچاو پـێی وتم گەیشتووینەتە ئـەودیو کـات. قـورس بـوو، لـەناکاو دەرگـای ژوورێـك دەکاتـەوە کەلەتەختـەی سـاجەو دەمباتـە ژوورەوە. لـەناو بـۆن سـاردو تـۆزی نیشـتوی سـەر رەفـەکان هەسـت بـە هەناسـە بڕکـێ دەکـەمو دەبیـنم لـە هەناسـەمەوە خاڵخاڵۆکـە بەشـێوەی رستـە دێنـە دەرەوە. هـیچ نـاڵێینو

لەناو ئەو بێدەنگیە قورسەدا دەست دەبات دەستنووسێکی زەردباو دەردەهێنێت. دەستنووسەکەی بەدەستەوەیەو لەتاریکیەکەدا لێی دەڕوانم، هەست دەکەم بەجلە سەیرەکەی بەری و کتێبەکەی دەستیەوە لەشوێنێکی‌تردا بینیبێتم. دەستنووسەکەی کردەوەو بۆنی شارێکی تەڕ لەژێر نمەی باراندا بڵاوبوەوە. لەوێدا بەئەسپایی دەستم دەگرێت و دەڵێت:

-گاور سورخ!

-لەدوورەوە درەختە بریسکاوەو قووبە رازاوەکانی، کۆڵانە کریستاڵی و کچە شەماڵیەکانی دەبینم تا دەگەمە خانوویەکی کۆن کە کتێبێك، یاخود وێنەی کتێبێك، لەسەر دەرگاکەیەتی. بەرەو ئەو خانووە دەچم کە هیچ شێوە ئەندازەیەکی ئاشنای نیە پێم. چەند هەنگاوێك دەمێنێت بۆ چوونە ژوورەوە بەئاگادێمەوە) جارێکی‌تر، وەك زۆر جاری‌تر، چاوم بەهۆڵەکەدا گێڕاو سەیری نەخشە زەردو شینە گەورەکەی زەویم کرد کەلەسەر دیوارەکەی بەرامبەرم داکوترابوو (ئەو نەخشەیەی شریف الادریسی – کەلەساڵی 560 مردووە – نەخشاندویەتی) بەهای ئەو نەخشە پێچەوانەو تێکەڵە، بەوەی شارو رووبارو چیای بەناوی سەیرو لەجێگای سەیردا دانابوو، لەوەوە دێت کە تێڕوانینمان بۆ زەوی لەو سەردەمەدا نیشان دەدات بێ‌ئەوەی ژیان لەسەر ئەو هێڵکاریە رۆیشتبێت و برسێتی و شەڕو ژمارەی کوشتارگاو کوژراوی گۆڕیبێت. هەستم دەکرد زیاد لەنووسین و خوێندنەوە حەز بەقسەکردن دەکەم و ئەو بۆن ساردە سەیرەش کە لە هۆڵەکەدایە لە نەخشەکەوە دێت. بۆنەکە لەبۆنی چاڵێکی داپۆشراوی دەکرد کە سەر لەنوێ هەڵبدرێتەوە یاخود بنی بیرێك، لەوانەش نزیکتر لەبۆنی گۆڕێکی کۆنی دەکرد کە جگە لەموو هەموو شتێك لەناویدا بووبێت بەخۆڵ. تا

ئەوکاتــە بــۆنی کتێبخانەکــە ســەرنجی رانەکێشــابووم کەلەپــەڕە زەردو پواوەکانیـەوە بۆ نـاو مەمـەڕە شـێدارو نسـرمەکانو هـۆڵی خوێندنـەوە، بڵاودەبــووەوە (ئــەو بۆنــە قورســە لــەو ژوورانــەوە دەهــات کــەکتێبی لـێ هەڵدەگیرێت)

یــەکێك لــەو ژوورانــەی کتومــت لــەگۆڕ دەچــێت بــەڕزینو پــوانی ئێســــــکیەوە ژوری دەستنووســــــە بــــــەنرخو دەگمەنەکانــــــە، ئــــــەو دەستنووسـانەی بـەئاوی ئـاڵتون نووسـراونو نەخشـێنراونو لـەناو سنوقی پڕ لەنەخش هەڵگیراون ئەوانەش کەلەبەریان گیراوەتەوە یـاخود نووســراوەتەوەو گومــانی فــەوتانو رزینــی لــێناکرێت لەســەر رەفــەی ئاسـنی پـان بـەپێی ژمـارەی تایبـەت ریزکـراون، ئـەو ژورە دابـڕاوو نغرۆیانە لـە بێدەنگیـەکی خنکێنـەردا بـەو بـۆن ساردەی لێیانـەوە دێت وای کـردووە جگـە لـەگۆڕ لەهیچـیتر نەچـن. کردنـەوەی دەرگـای ئـەو ژورانە هەنگاونانە بەرەو رابـردوو بەرەشـەباو سـەفەرو جەنگو باڵنـدەو دڵرەقیو تاڵیـەوە. لـەوێوە سـەفەر بـەرەو تـەکێو خـەڵوەتگاکان، بـەبۆنی میسـكو شمشـێری لـەخۆدانو بخوردیانـەوە، بـەناو ئـاوی ئـاڵتونو زەخرەفــەو جــۆری نوســین دەســت پێدەکــات تادەگاتــە نــاو پەنــدو بەسـەرهاتەکانی پێشـینانو ئەو زیندانـە شـێدارەی کەدەشـێت بـەمردن ناوببرێت، بەو رێگایەدا دەچیتە ناو ڕاڕەوە تاریكو نسرمەکانی رابردوو تـا لـەناو یاسـاو یاریـە زمانەوانیەکانـدا ونـت دەکـات کـە جەنگـەکانیان تۆمارکردو خۆیان لەناو تەپوتۆزدا حەشاردا، جوانیـان بەوەزنو قافیە دەپێـواو لەشـیان لەپشـت دێـرە سـەنگینەکانی ڕێزمانـەوە بەنـد دەکـرد، ئەو گۆڕانە گەنجینەی ئەو دەستەواژانەن کەمردن پاسەوانیان دەکات.

دەشـێت دەرەوەمـان رەنگدانـەوەی ئـەو بـارە دەروونیـە بێـت کـە لـە کـاتێکی دیـاریکراودا هەمانـەو بینینـەکانمان بـۆ شـتێکی دیـاریکراو

لەهەر ساتێکدا جیاوازبێت. کەوا دەڵێم لەوەوەیە من هەرگیز هۆڵی خوێندنەوەکەم بەو کۆنی و بۆن ساردەوە نەبینیوە: رزینی هەندێك شوێنی کومبارە راخراوە بۆرەکە لەژێر دڵۆپەدا، ئەو پەڵە بۆرانەی لەسەر دیوارەکەن و چینێکی سپی نەرم کە بەکەڕو دەچێت لەسەریان دروستبووە، بۆن ساردی کتێبخانەکە، تۆڕی جاڵجاڵۆکە لەبنمیچ و گۆشەکاندا، ئاوسان و خواربوونی مێزەکان، جیڕەی کورسیەکان.. من هەرگیز کتێبخانەکەم ئەوەندە ناشیرین و کۆن نەبینیبوو کە بە هۆڵی راگواستن و چاوەڕوانی زیندان یاخود ژوری جادوگەرێکی کۆن، کەتەنها ناوی لەکتێب دا هەیە، دەهاتە بەرچاوم. تەنانەت وێنەی مێژوونووس و شاعیرو زانا ئایینیەکان کەبەدیواری هۆڵەکەدا هەڵواسرابوون بەو چەند دێڕە پەخشانەی لەژێر ساڵی لەدایك بوون و مردنیانەوە نووسرابوو دیمەنی گۆڕستانیان دروست دەکرد. هەرگیز ئەوەندە قێزەون نەمبینیبوو. ئارەزووی قسەکردنم هەبوو نەك خوێندنەوە ئەگەر لەسەر ئاووهەوا بێت یاخود زاوزێی گیاندار یاخود ئەو خەونەی بەردەوام دەیبینم. تامی قسەکردن، ئەگەر لەسەر بێبایەخ ترین بابەتیش بێت، لەلام وەك جیاوازی نێوان جووت بوون و سەیرکردنی وێنەی جووتبوون بوو، قسەکردن گەرمیەکی تێدایە بەوەی دوورت دەخاتەوە لەتەنیایی بەلام نوسین هەوڵدانە بۆ تەنیایی ئەگەرچی لەدواجاردا رێگایەکە بۆ پەیوەندی، بەوەی دەگەڕێت بۆ خوێنەرێك لەزەمەن و شوێنێکی تردا. دەشێت نووسین ترسی تەنیایی دروستی کردبێت، لەگەڵ ئەوەی نهێنیەکانی نووسین کەمتر نیە لە قسەکردن و هەردووکیشیان تەنیایی دەکوژن، هەربۆیە کە دێڕێك لەکتێبێك دەخوازین دەنووسین فلان لەکتێبەکەیدا دەڵێت (نەك

نووســـيويەتی). حـــەزم لەقســـەکردنە تابچـــمەوە ســـەربابەتە قاڵـــب نەگرتووەکان کەبەردەوام لەگۆڕانی گێرەڕەوەدان.

ماوەیەکـە خـەریکی خوێندنـەوەو شـیکردنەوەی بـەردێکی کـۆنم، بەخواسـتی ئیشـەکەم، کەگرنگیـەکی ئـەوتۆی لای شوێنەوارناسـان نیـە بـەوەی رووداوێکـی گـەورە بـەناوی پادشـاوە ناگێڕێتـەوە. وێنەیـەکی لەبـەرگیراوەی بەردەکـەم دەرهێنـا (بەردەکـە پێـنج دێـڕی رێکـی لەسـەر هەڵکەنـــدرابوو بەکۆمـــەڵێك پیـــتو وشـــەی مـــردوو) جـــارێکیتر نووســـراوەکەیم خوێنـــدەوە کەجگـــە لـــەکۆنی بەردەکـــەو ئـــەو خەیاڵـــە شـاعیریەی دێڕەکـانی هەڵکەنـدووە دەمزانـی شـتێك سەرسـامم دەکـات بۆئەوەی بۆم دیاریبکرێت. لەسەر بەردەکە نووسرابوو (تۆ کەلـەقولآیی ئایندەدا چاوەڕوانمیت وەك هەڵهاتنی خۆر من بۆحیکمەت ئێوارەکانم جێدەهێڵم کە دەزانم ئازار ئاوابوونی نیەو عەزابی منیش ئەوساتانە دەمداتێ کە لە پیرێتیم نزیك دەخاتەوە لەم کوشتارگەیەدا کە ژیانە تۆ نیشتمانمی، ئەی تەنیایی، نامۆیم درێژەی کێشا لەولآتی دڕندەکاندا تا ئەوەتا دەگەڕێمەوە بۆتو چاوەکانم فرمێسك دەڕێـژن ئەی نیشتمان*) چـەند جارێـك دێڕەکـانم خوێنـدەوە، جگـە لـە رۆچـونێك بەخەیاڵـدا کـە تەنیایی نوسیویەتیو رامانێکە لەبوون نەمدەتوانی مانایەکی شاراوە لەدەرەوەی ئەو رامانە بدۆزمەوە بەوەی سـەردەمەکەی نـەدەزانرا. ئاوڕم بـەلای ئـەو ژوورەدا دایـەوە کـە رۆژانـە دوو ئـافرەتی پـیری زۆر بلـێی لـــێدادەنیشتو بەرپرســـن لـــە پێـــدانی کتێـــب، هەســـتم کـــرد ئـــەم ئاوڕدانەوەیەم لەشوێنێکیترو لەزەمانێکیتردا بینیوە. پاش دڵنیـابوون لەدووبارەبوونـەوەی ئاوڕدانەوەکـەمو گۆشـەی روانیـنم بـۆ ژوورەکـەو بینینی تابلۆ هەڵواسراوەکە تێیدا، زانیم ئەو کاتە بووە لـە خەونەکەدا پیاوەکە دەستی دەگرتمو بەرەو راڕەوە تاریکەکەی دەبردم. بـەرەو وێنـە

هەڵواسـراوەکە چـووم و بەسـاردیەوە لـێی رامـام. هەوڵمـدا نزیـك تـر ببمــەوە لــێی پــاش ئــەوەی ژوورەکــەم بەچــۆڵی بینــی. هەســتم کــرد جاریتر لەبەردەم ئەم وێنەیەدا وەستاوم. بەرەو ئەو دەرگایـە چووم کە ژوورەکەی بە ڕاڕەوێکی درێـژی پـڕ لـەکتێب دەبەستەوە. کـەدیوارەکانی بەڕەفــەی پــڕ لــەکتێب داپۆشــرابوو. لەســەرەتای ڕاڕەوەکــە وەك جارەکانیتر وەستام و چاوم بڕیە قوڵایی ڕاڕەوەکە. بەپێی یاسایەکی سەیر ریزکرابوون کەوای دەگەیاند نزیکە لەپۆلێن کرنی بونەوەرەکانی زەوی لەزانستی زیندەوەرزانیدا بەڵام لەنزیکەوە ئەو قەناعەتەت نەدەما کــەدەتبینی کتێبێــك لەســەر چــۆنیەتی دەرهێنــانی ئاســن دەکەوتــە تەنیشت کتێبێکی کۆمەڵناسییەوە ئەمیش بۆ خۆی دەکەوتە تەنیشت نامیلکەیەکی شیعری نغرۆ لەخەیاڵدا، ئـەم ریزبوونـەش تـەنها رێکـەوتی نـاوی دانـەرەکان دروسـتیکردووە بـەپێی پیتـەکانی ئەبجـەدی یـاخود ناونیشـانیان یـاخود ئـەو کتێبخانەیـەی لـێی بـەجێماوە کـە بەکۆمـەڵ لەژێر ناوی ئـەو کتێبخانەیـە دانراون وەك کتێبخانـەی بابانـەکان، شـاکر فتـاح.. کەئـەو کتێبخانانـەش تـەنها ئـارەزووی دروسـتکەرەکانیان ڕۆڵـی تێـدابینیوە. بەشـێکی تایبـەت هـەبوو کـەریزکردنی کتێبـەکانی بـەپێی ڕۆژەکانی ساڵ بوو (ئەم ریزکردنە بەڕێوەبەر لـەلای خۆیـەوە کردبووی) کورتترین ڕۆژ بچوکترین کتێبی بەرامبەر دانرابوو، چلەی هاوینیش ئـەو کتێبانەیە باس لـەبیابان و گەرمـەی شـەڕو هەڵچوون دەکـات، لـەم شـێوە ریزکردنـەدا سـاڵی کوبەیسـە** کتێبێـك بەرامبـەر ئـەو ڕۆژە زیادەیـەی ساڵ دەوەستێت کە کـۆکراوەی هـەموو کتێبەکانـە. ئـەو بەیانیـەش کـە بەڕێوەبـەری کتێبخانەکـە خـۆی تێـدا کوشـت دەکەوتـە بەرامبـەر مـانگ گـیران کـە کتێبێـك نـەبوو بیخاتـە شـوێنی جگـە لـەخۆی. زۆرجـار ڕێ ئەکـەوت کتێبێـك لەچـەند شـوێنێکداو لـەژێر چـەند جـۆرێکی پـۆلێن

کردنەکـەدا دووبـارە بووبێتـەوە بۆئـەوەی دەسـتەواژەکانی بگۆڕێـت کەچی دەتوانرا هەر کتێبێك مانای جیاوازی تێدا بدۆزرێتەوە بەدەر لەو پۆلێن کردنە.

ڕاڕەوەکە چەند دەرگایەکی لەسەربوو کە کراوەکانیان ڕوناکیەکی تەڵخی لێدەهاتە ژوورەوەو دەکەوتە سەر کتێبەکان، هەستم کرد بۆن ساردەکە قورسترە لەپێشوو بۆئەوەی دڵنیابم خەونەکەیە یاخود نا. دەستم برد کتێبێکم لە کتێبە ڕیزکراوەکانی سەر ڕەفەیەك هێنایە دەرەوە، لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو (گوڵستان) هەستم کرد جارێکیتر هەمان کتێبم لەهەمان شوێندا ڕاکێشاوەتە دەرەوە. بۆئەوەی سەیری لاپەڕەکانی بکەم گێڕامەوە جێگاکەی پاش ئەوەی وێنەی گوڵە سوورەکەی سەر بەرگەکەی بێزاریکردم کە بۆنی خۆڵی لێدەهات. چەند هەنگاوێك ڕۆیشتمو کتێبێکی ترم دەرهێنا بۆئەوەی مەبەستم هەبێت. کتێبەکەم کردەوە هەستم کرد جارێکیتر ئەم کتێبەم لەخۆڕا کردۆتەوە. کتێبەکەم گێڕایەوە شوێنی خۆی کە ناونیشانی سەربەرگەکەی (المنقذ من الظلال) بوو. بەگومانەوە چاوم بۆ ئەو پیاوە گێڕا کە جاریتر هێناومێتیە هەمان شوێن. بەبەردەم دەرگا کراوەکاندا ڕۆیشتمو وەك جارەکانیتر سەیری ژوورەکانم نەکرد جگە لەژووری بەڕێوەبەر، کەسەر لەبەیانیەك لەنێو کتێبەکاندا خۆی خنکاندو نهێنیەکی لەناو نهێنیە گەورەکەدا جێهێشت کەکتێبخانەکەیە، هەندێك دەڵێن ئەو پیرتربوو لەوەی چاودێری هەموو ئەو وشەو دەستەواژە مردووە بکات کەژیانیان بەلێکدانەوەکانیان قورس کردووە، هەشن دەڵێن ئەو ژیانی وەك کتێبێك بینی کە لە خوێندنەوەیدا بێزاردەبیت پارچە کاغەزێك دەخەیتە نێوان لاپەڕەکانی و دایدەخەیت بەڵام ئەو کاغەزەکەی دانەناو بۆ هەتا هەتایە دایخست بۆئەوەی بتوانێت

جـارێکیتر بگەڕێتــەوە ســەری، لــەو ژوورە تیپــەڕیمو دەنگــی بــاران ســـەرنجی ڕاکێشــام کــە لــە دەرەوە بــەخوڕ دەبــاریو هــەوای نــاو کتێبخانەکەی شێدارتر دەکردو وایدەکرد هەناسەدان وەك هەڵمـژینی هەوای ناو گۆڕێکی کۆن بێت. چەند سەیرە ژیان دووبارەبوونەوەیەکی بـەردەوام بێـت بـەوەی ئـارەزووی سەرسـام بوونمـان تێـدا دەکوژرێـتو هەموو شتێك نائاسایی خۆی لەدەست دەدات.

لەکۆتایی ڕاڕەوەکە لەبەردەم دەرگایەکی داخراودا وەستام بێئەوەی زۆر لـێی وردببمەوەو سەر بەرەو نووسینی سەر دەرگاکە بەرزبکەمەوە کـە لــێی نووسـرابوو (دەسـتنووسو بەڵگەنامـەکان) چـونکە دیمـەنی دەرگاکـەم بـەووردی دەهاتـە پـێش چاوو نووسـینی سـەر دەرگاکەشـم لـەجارەکانیتردا خوێنـدبووەوە. دەرگاکـەم کـردەوە کـە پـێش وەخـت دڵنیـابووم لـەوەی بـە کلیـل دانـەخراوە چـونکە جارەکـانیتر پیاوەکـە کردبوونیەوە، درزێکم خستە دەرگاکەو کەمێك وەستام، هەستم کرد ئەو پیـاوەی جارەکـانیتر هێناومیەتیـە ئێـرە هـەر خـۆمم. نـازانم ئەمـە چـۆن بەبیرمـداهات بـەڵام دڵنیـابووم کـە هـەر خـۆم دەسـتی خـۆم گرتـووەو بەخەونـدا خـۆم هێناوەتـە ئێـرە. کاتێـك چـوومە ژوورەوە هـیچ شـتێکی نـــامۆو جیـــاوازم لـــەجارەکانیتر نـــەبینی، بـــەدیوارە بـــۆرو بنمیچـــە تـــەنراوەکانی بـــەتۆڕی جاڵجاڵۆکـــە، ڕەفـــە پانـــەکانی، بـــۆن ســـاردە خنکێنەرەکەیو چوار سنوقە تەختە نەخشێنراوەکەی کە لـە سوچێکدا دانرابوون، هیچ شتێك جیاواز نەبوو، لەوە دەچوو بۆ پاك کردنەوەش کەس ڕێی نەکەوتبێتە ئەم ژوورە.

پـێش هاتنـە ژوورەوەم کاتێـك لـە ڕاڕەوەکـەدا بـووم گوڵەباخەکـەی حەوشەمانم بیرکەوتەوە کە گوڵێکی سوری بۆن فێنیکی دەگرتو دڵۆپـە شـــەونم لەســـەری وەك کریســـتاڵ دەبریســـکایەوە کەچـــی لەبـــەرگی

کتێبەکـــەدا بـــێبۆنو جوڵانـــدنی ئـــارەزوو دەڕزی. تـــا هەســـت بەگوڵێتیبکەین دەبوایە گوڵێکی راستەقینە بەگەڵاو رەگیەوە لەبەرگی کتێبەکـەدا بڕوێنرایـە. هەسـتم بـە بێزارییـەکی شـاراوە کـرد بەرامبـەر ئەوەی یەکەمین وێنەی کێشاو ئەوەش یەکەمین پیتـی نووسـی تاوێنـەی شـتەکان بکەنـەوەو ئـاوو سـەرماو ئـازارو هەمووشـتێکیتر ئەوەنـەبێت لەژیان خۆیدا دەچێژرێت یاخود هەیە. بۆ نموونە کەوتنەوەی تاعونی نـاو کتێبـەکان بێسامترە یـاخود ئەوەنیـە کەشـارەکان خۆیـان دەیبیـنن هەر لەسووتاندنی مردووەکانیانەوە بۆ هەڵهاتنی خەڵکەکانیان، دەبوایە بـــۆ ئـــازاری زیندانیـــەك خۆمـــان ژورە پـــڕ قـــولاپو ئامێرەکـــانی ئەشکەنجەدانمان ببینیایە، بۆ ئازاری شمشێرێکیش لەڕانی خۆماندا ژانیمـان بچێژتایە. لـە ڕاڕەوەکـەدا سـەیری ئـەو هـەموو پەڕانـەم دەکـرد دەرەقەتی ژیان نایەن بەئازارو جوانیەوە.

بـەرەو لای رەفـەکان چـووم‌و بەپەنجـە توێـژاڵی تـەنکی خـۆڵم لەسـەر بـەرگی دەستنووسـەکان لابـرد، کـە وەك پارچـە مسـی تـەنك لەسـەریان نیشـــتبوو، تـــابواری خوێندنـــەوەی ناوەکانیـــانیم هـــەبێت بێئـــەوەی سنووری خـەون‌و ناخـەون لێك جیابکەمـەوە. سیمای ئـەو مامۆستایەم هاتـەوە بەرچـاو کـە رۆژانـە لاپەڕەیـەکی لـە کتێبـی فیزیـا دەداینـێ تـا لەوانەی داهاتوودا هەریەکەو بەڕیز هەستێت‌و لەبەر بیڵێتەوە. ئەوەش کـە نەیزانیایـە لـەریز دەریـدەهێناو چـەند قەڵـەمێکی دەخسـتە نێـوان پەنجەکانیـەوەو تونـد دەسـتی دەگوشـی بەڕادەیـەك جارێـك لـەئازاری پەنجـەکانم کـە لەوەدەچـوو ئێسـقانەکانی بسـووتێت، هەسـتم بەچـەند دڵۆپـە میزێـك کـرد جلەکـەمیان تـەڕکرد. قوتابخانەکـەمان بـەو زیندانـە دەچوو کە سەر بە ئاسایشی گشتییەو، وەك دەڵێن، زیندانەکانی شێت دەکـرد یـاخود بـۆ هـەتا هەتایـە لـە بیرکردنـەوەی دەخسـتن ئـەویش لـە

ڕێگای لە بەرکردنی چەند کتێبێکی هەڵبژێراو بۆیان کە دواجار دەیرکدنە کۆمەڵێك تووتی تۆقیو. جگەرەیەکم داگیرساندو دستنووسێکم لەسەر ڕەفەکە هەڵگرت. بەرگە ڕەق و نەخشێنراوەکەی دیمەنی حوجرە نزم و تاریکەکانی هێنامەوە یاد کەتێیدا سزای فەقێکانیان بە لەبەرکردنی چەند لاپەڕەیەك لەم کتێبە دەدا بەسەرو بۆریەوە. ناونیشانی دەستنوسەکە سەرنجی ڕاکێشام کەبریتیبوو لە(چیم دی) بۆئەوەی مەبەستی ئەو ڕستەیە بزانم بەوەی گەڕانەوەیەکە بۆ سەرجەم ژیان لەماوەیەکدا یاخود گەشتێکی خەیاڵ ئامێزە بەرابردوو یاخود داهاتوودا. قورس بوو وەرگرتنی هەر گریمانێکیترو وەرگرتنی ڕاستترینیان پێش خوێندنەوەی، هەربۆیە دەستم بە خوێندنەوەیکرد تا لەو ئەگەرە زۆرانە دەربازببم ئەگەر چی خوێندنەوەی ئەو جۆرە خەتەی پێی نووسرابوو گران و تێکەڵاوبوو بۆم. بۆئەوەی دەرك بە کات بکەم لەخوێندنەوەی بەردەوام بووم تاتەواوم کرد. بەخۆشیەوە نەفەسێکم لە جگەرەکەی دەستم داو دەستنووسەکەم داخستەوە وەك چۆن دەرم هێنا هەر بەو شێوەیەش گێڕامەوە شوێنی خۆی. (پێش دانانەوەی دەستنوسەکە سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد بینیم هەمان کات بوو کە لە هۆڵەکەدا بووم لەگەڵ ئەوەی دڵنیابووم لەئیش کردنی کاتژمێرەکە).

هەستم کرد شێی ژوورەکە ڕۆچۆتە خانەکانمەوە، کەمێك لەژمارەی سەر دەستنووسەکان ڕامام کەرێکەوت خستبویە سەریان و کاری گەڕان و دۆزینەوەیانی ئاسان دەکرد.

ئەو ژمارانە جگە لەهێماکردنیان بۆ شوێنی کتێب هیچ نرخێکیان لەخۆیاندا هەڵنەگرتبوو ئەگەرچی سیستەمێك بوون بۆ ناسینەوە. خۆ ئەگەر کتێبێك شوێنەکەی بگۆڕایە دۆزینەوەی مەحاڵ بوو بەوەی

دەکەوتە ناو بێکۆتایی شوێنەوە تەنها مەگەر لەرێگای رێکەوت یاخود پشکنینی هەموو کتێبخانەکەوە ببینرێتەوە.

دەستنوسەکەم دانایەوەو ئەوەی تەنیشتم دەرهێنا کە لە راکێشانیدا هەستم کرد وەك بۆ نهێنی گۆرێك بگەرێم ئاوەها ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەم چونکە دەمزانی ئاسمانی بەرینو شنەبای ناو کتێبەکان جیاوازترە لەوەی ئاشناین پێی. هەربۆیە دەستنوسەکانم بەچەشنی گەنجینەی پڕ لەنهێنی دەبینی کە تێیدا ئاو مانای خۆی لەدەست دەداتو مردنیش دەشێت جگە لەخۆی زۆر مانایتر بگرێتەوە.

یەك لەدوای یەك گۆرە ریزکراو و هەڵچنراوەکانم دەکردەوەو بەهێمنی لاپەرەکانیم دەپشکنی راستر دەخوێندەوە جگە لەوانەی هەڵوەرین بووبووە خاسیەتێکی ئاشکرایانو مەترسی ئەوەی لێدەکرا لەژێر بینیندا ببنە خۆڵ. هەستم دەکرد لەژێر چنگی ئەو بۆن ساردەدا کەلەپیتە کاڵ بووەکانەوە دەهاتو لەپێستم دەنیشت نیگام خاوو رووم ساردبوو. جارێکیتر سەیری کاتژمێرەکەمم کرد، پاش هەست کردن بەهیلاکی، بینیم هەمان کاتی پێشووە بێئەوەی خولەکێك جولابێت.

خوێندنەوەی دەستنووسەکان، دوا بەدوایەك، لەو بێکۆتاییەی زەمەن دا کەپێدەچوو چرکەکانی تا رەها درێژبووبێتەوە وەك رۆشتن بەتاریکیەکی لەخەیاڵ بەدەر وابوو کە هەنگاو لەسەر شوێن نەنرێت بەڵکو بەسەر زەمەندا، یەکێك لەسنوقەکانم کردەوە کە بۆن ساردێکی قورسی لێوە دەهاتو پەرەکانی ناویشی بە شێوەیەك بووبوونە خۆڵ کە جیاکردنەوەی لەگەڵ خۆڵی کوپەیەکی کۆنی رزیو ئاستەم بوو ئەگەر ئەو چەند پارچە پەرەیەی ناوی نەبوایە کەهێشتا رزین زەفەری پێنەبردبوون ئەوا نەدەزانرا. ژورەکە دەگەرام بێئەوەی هیچ شتێك

غەریب بێت پێم چونکە هەستم دەکرد جارێکیتر ئەم شوێنەم بەهەموو وردەکارییەکیەوە بینیوە. بەرەو گۆشەیەکی ژوورەکە چووم، کە دیاربوو لە گۆشەکانیتر شێدارترەو هەموو جار بە خەون گەیشتبوومیە، ئەویش پاش بینینی شێوە دانانی دەستنووسەکان ناسیمەوە. بەدەست خۆڵی سەر بەرگەکانم لابرد کە زیاتر تۆپەڵ دەبوون. ئەم ژوورە ئەو هەستەی دروست دەکرد کە کتێبخانەکە لەژێر شیودا بێت نەوەك لەسەر زەوی، دەستم برد، وەك شارەزایەك کەپشت بەو وێنانە دەبەستێت پێشتر وەریگرتوون، دەستنووسێکی بەرگ چەرمم دەرهێنا کەبێ دوودڵی زانیم هەر ئەوەیە هەموو جارێك ئەو دەیدایە دەستم. هێشتا روم لە دیوارەکە بوو کردمەوە (بەهەستێکەوە کە تابووتێك بکەمەوە) دڵنیا نەبووم لەبوونی کەسێك لە تەنیشتمەوە لەو شوێنەدا کە پێدەچوو دەرەوەی کات بێت. یەکەمین لاپەرەم کردەوە بێئەوەی دڵنیابم لەبوونی مانایەك پیت دروستیکردبێتو لەسەر ئەو لاپەرانە مابێت کە نەناوو نەژمارەی کتێبخانەی پێوەبوو وەك ئەوەی هەردەم لەشەودا بووبێت یاخود نهێنیەك بێت وەك نهێنی خۆکوشتنی بەڕێوەبەری کتێبخانەکە.

خۆم بەزەرەنگەرێك هاتەپێش چاو کە لەقوڕدا بۆ رەونەقی کانزا دەگەڕێت. یەکەمین پەڕەم کردەوە، هەمان نووسینی سەر بەردە هەڵکەنراوەکەم لەسەر بینی بەهەمان شێوەو جۆری نووسینەوە. لەبەر دڵنیابوون چەند جارێکم خوێندەوە تا هەستم کرد چاوم بەلاپەڕەکەوە نوساوەو ناتوانم بەجێیبهێڵم. بەزۆر خۆم لەو لاپەڕەیە رزگارکرد ئەویش لەرێگای هەڵدانەوەی پەڕەکەوە. کاتێك پەڕەکەم هەڵدایەوە شارێکی وەستاو بە بێ رەهەندی زەمەن چاوەڕوانی دەکردمو لەژێر تیشکی خۆردا دەبریسکایەوە بێئەوەی هەستی ئاڵتوون لەلات

بجوڵێنێ. بەرزی لەوێدا مانای نەبوو تابڵێی: منارەیەکی بەرز، چونکە ئەو ماوەیەی چاو حوکمی تێدا بکردایە هیچ جۆرە پێوەرێکی بۆ دانەنرابوو. لەتەنیشت ئەو منارە رازاوانە بەزەخرەفەی رەنگاورەنگ قوببە پیرۆزەییەکان هەبوون کە زەویان بەیاد دەهێنایەوەو کۆترەشینکە لەسەریان هەڵنیشتبووە، بارانی ئەو شارە بەپێی ئارەزووی خەڵکەکە دەباری کەجار هەبوو وشە یاخود ئافرەتو خۆشی بوو بەبێبوونی وەرزی تایبەت پێیان دەباری، درەختی قەراغ شۆستکان بەردی بەنرخیان دەگرت چونکە لەوێدا پێویستی خواردن نەبوو تا رووەکی بەردار هەبێت، خانوەکانیشی لەسەر بنەمای رستە دروست بووبوون هەربۆیە کە وشەیەك كۆن دەبوو یاخود دەمرد ئەو خانوەش چۆڵ دەکرا کە لەسەر پێکهاتەی ئەو رستەیەبوو" ئەگەر رستەیەکیش زیندوێتی نەمایە لەئێستادا هەموو ئەو خانووانە هەڵدەوەشێنرانەوەو سەرلەنوێ دروست دەکرانەوە کە زۆر جار بەسەرچوونی رستەیەك پێکهاتەی شارەکەی هەڵدەوەشاندەوە بە پەیوەندییەکانیشەوە، ئەوەی لەمانەش سەیرتربوو شوێنێکی دیاریکراو نەبوو بۆ هەڵهاتنی خۆر هەربۆیە وشەی (ئاسۆ) لە فەرهەنگیاندا نەبوو، بێئاسۆیش وای کردبوو چوار ئاڕاستەکە نەك شارەزانەبن بەڵکو هیچیشی لەبارەوە نەزانن.

شارێك بوو لەسەرو خەیاڵو بینینەوە، هەستەکانیتر لەبەردەم دیمەنە تیوارەکانیدا مل کەچی سەرسامیەکی فێنك دەبوون، لەسەر شەقامێك کە بەگوێچکە ماسی دروست کرابوو، و بەچەشنی ئاگریش کڵپەی کردبوو تارماییەکم بینی لەدوورەوە نا چونکە ماوە لەو شارەدا مانای نەبوو، تارماییەکەم ناسیەوە، ئەوەبوو کە هەموو جارێك بەخەون دەیهێنامە ئەم شوێنە کە ناتوانرێت ناوی شوێنی لێبنرێت بەڵکو راستتر ئەم زەمەنە، جیا لەهەموو جارەکانیتر پێکەنینێك لەسەر

لێوی‌بوو. وەك ئەوەی کتێبێ بەو بمخوێنێتەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی دامەوە کە دەمویست لێ‌ی‌بکەم، وتی:

– بەڵێ هەموویان من نووسیومن تا بۆ ئێرەت بێنم!

بەسەرسامی‌یەوە پرسیم:

– بەڵام تۆ کێیت وا بەدوامەوەیت؟

– من تۆم، راستتر پیرێتی تۆم!

لەوەڵامەکەی هیچ تێ‌نەگەیشتم. ناچار بێ‌دەنگ بووم. ئەویش هاتە تەنیشتمەوەو بەهێمنی دەستی بەرۆیشتن کرد. بێ‌ئەوەی سەیرم بکات کەوتە قسەکردن:

– دەزانم ئەوکاتەی دەستنووسەکەت کردەوە بۆ ناوم گەڕایت بێ‌ئەوەی بزانیت کە خۆت نوسیوتە. دەشزانم پێت سەیرە مرۆڤێك لەسەردەمی ئەو نووسینەوە مابێت بەڵام تەنها ئەوەندەیە لەشوێن رزگارت بێت ئەو کات لەبێ‌کۆتایی زەمەندا هەموو شتەکان بازنەییان لێ‌دێت‌و سروشتی ستونیان لەدەست دەدەن.

بێ‌ئەوەی بوارم بدات لەقسەکردن بەردەوام بوو:

–کاتێك ئەو نوسینەم لەسەر بەردەکە هەڵکۆڵی، کە تۆ لەهۆڵەکەدا بەخوێندنەوەیەوە خەریکیت من لەدوای ئەسپەکەی نرام سینەوە دەڕۆیشتم‌و هەنگاو بەهەنگاویم دەنوسیەوە یاخود لەسەر بەرد دەنەخشاند تائێوارەیەکی پیربوونم، پیربوونم لەنووسیندا ئەو بەردەم بەرامبەر مردن نوسی‌و خۆم فڕێ‌دایە شەپۆلەکانی فەنابوون‌و بێ‌دەنگیەکی ئەبەدیەوە. ئەوکاتە نەمدەزانی ئەو بێ‌دەنگیە، کە دەشێت جۆرێك بووبێت لەمردن یاخود مردن خۆی، چەندی خایاند کاتێك خۆم لە کۆشکی خەلیفەیەکی عەباسیدا بینیەوە سەرقاڵی نوسینەوەی بەسەرهاتەکانی خەلیفەبووم، لەو کۆشکەدا جوانترین ژیانم بینی

لەجل‌وبەرگ‌و کوڕی جوان‌و میوەیەك کەلەدەرەوەی زەویەکانی میرەوە دەهاتن، شەوانانیش لەپێخەفی کەنیزەکە چاوبەکلەکانیدا گوڵی لەزەتم بۆن دەکرد تا ئێوارەیەکی پیربوونم لەپەنجەرەیەکی کۆشکەوە سەیری خۆرئاوابوونم کرد پاش ئەوەی بێشومار وشە لەپەنجەکانمدا سەوزبوون، هەستم کرد پریشکێك لەو ئاگرەبووم پێی دەڵێن بوون‌و بەرەو کۆتایی دەڕۆم، چەند سەختە تاڵێتی کۆتایی، هێشتا خۆرئاوانەبووبوو خەنجەرێکی ئاڵتونی چەقیە دڵم‌و کەوتم.. کاتێك چاوم کردەوە خۆم بەسەر ئەسپێکی رەشی زین کراوەوە بینی لەناو جەرگەی هێرش بەراندا بووم بۆسەر ئەرمەنەکان، قامچیم دەوەشاندو سەرە پەڕیوەکانم دەژمارد. دیمەنی جۆگەلە خوێنەکانیانم دەنوسیەوە، پارەم بەو قەسابانە دەدا کە لە دوورەوە هاتبوون‌و پارەیان بەپێی سەری پەڕیو وەردەگرت. من لەناو سەربڕین دا پیربووم‌و ئێوارەیەك بەرامبەر پیربوونم وەستام تا ئەم دەستنووسەت بۆ جێبهێڵم‌و جارێکی‌تر خۆم بەرمەوە سەری‌و نهێنیەکەی پێبڵێم! پرسیم، کام نهێنی؟

دەموچاوی گرژکردو بەسوکی وتی:

– نهێنی ژیان. تۆ نازانی چەند جار وەك ئادەمی بەئاگاهاتمەوە ئەوەندەش بەشێوەی ئاژەڵی ماڵی‌و رووەکی بەردارو دڕکاوی‌و گیای قەراغ گۆم زیندوو بوومەوە.

بێئەوەی بمەوێت یاخود راستتر تاهەڵچوون‌و نائارامیەکەی کە لە سیمایدا دیاربوو نەهێڵم پرسیم:

–ئەی ئەو کتێبخانەیەی بەردەوام منت دەبردە بەردەمی؟

بەساردیەوە دەستی راکێشا وتی:

–ئا ئەوەتا..

سەیری ئەو شوێنەم کرد کە بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد کە دەکەوتە تەنیشتمەوە. کتێبخانەکەم بەو کتێبە گەورەیەوە بینی کە لەسەر دەرگاکەی بوو. پاش سەیرکردنم بەسەرسامیەوە، لەوەی پێشتر من نەمبینیبوو، دڵنیای کردم کەلەم شارەدا هەموو شتێك بە بیر لێکردنەوەی ئامادەدەبێت. کتێبخانەکە ئەگەرچی لە بەرد دروست کرابوو وەك ئاوێنە شەوقی دەدایەوەو خۆم لەدیوارەکانیدا دەبینی بەڵام دڵنیانەبووم لەوەی پەنجەرەم لەدیوارەکانیدا بینبێت. سەیری کتێبخانەکەم دەکردو سەرنجم لای قسەکانیبوو کە دەیوت:

– ئەو کتێبخانەیە پیرێکی تەنیای لێیە کە تەنها خۆی شارەزای راڕەوە ون کەرو نهێنیەکانیەتیو جگە لەخۆی کەسێکیتر توانای هاتنە دەرەوەی نیە لەناو راڕەوە زۆرو ئاوێنە بەندەکانیدا. لەوێدا بەسەر دەفتەرێکی گەورەدا نوشتاوەتەوەو وشە دروست دەکات تا چارەنوسی پێبنوسێتەوە. دەشێ تۆش لاپەڕەیەك یاخود زیاترت لەو دەفتەرە داگیرکردبێت.

بەهەڵچوونەوە ئاوڕم بۆ دایەوەو وتم:

–ئەگەر ئەو وشە دروست دەکات کەواتە..

بەهێمنیەوە قسەکەی پێبڕیم و وتی:

– ناوی گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە هەموو لەو کتێبەوە دێین!

سەیری کتێبی سەر دەرگاکەم دەکردو ئەو رستەیەم بیرکەوتەوە کەدەڵێت: (هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد). شێوەی کتێبەکەش ئەو پارچە قوڕانەی هێنامەوە بەرچاو کە سەرچاوە عەرەبیەکان باسیدەکەنو ئادەم 200 ساڵ پێش مردنی لەسەریانی نوسیو پاشان سوری کردنەوە. کاتێکیش زەوی تووشی نغرۆبوون بوو هەر کتێبەو کەوتە لای نەتەوەیەك.

هێشتا چاوم لەسەر کتێبەکەبوو کە لەبەرخۆمەوە پرسیم:

—دەبێت شێوەی چۆن بێت؟

بەپێکەنینەوە وتی:

—نێرەموکە، درەختێکی بێرەگ، تاریکە یاخود فۆتۆن.. دەشێت هەموو شتێك بێتو هیچ شتێکیشیان نەبێت لەوانەی ئێمە دەیزانین. ئەو بەوەی لەدەرەوەی کاتدایە زۆر پیرە!.

تا دەهات لەدەرگاکە نزیك دەبوینەوە، توانیم قەبارەی کتێبی سەر دەرگاکە دیاریبکەم بەوەی هێندەی بچوکترین پیتی نەدەبووم، لەناکاو وەستام، ئەو وەك چاوەڕوانی وەستانم بووبێت خێرا وتی:

—دەتەوێت بگەڕێیتەوە؟

وەڵامم بۆ نەدرایەوە. جارێکیتر پرسیاریکرد:

—بۆ کوێ دەگەڕێیتەوە؟ خوێندنەوە سزای تۆ بوو، هەوڵبدە لەرۆیشتن بەردەوام بیت تابچینەوە سەر یەکەمین پیتو پیرۆزترین وشە، ئەوکاتە بەراڕەوی نهێنیەکانیدا دەگەڕێینو دەفتەرەکەی دەستی دەسوتێنین تا خۆمان ناوی شتەکان بنێینەوەو چارەنووسمان..

چاوی بڕیبووە چاومو توند مەچەکی گرتبووم. هەوڵمدا هەڵبێم بەڵام ئەو توندتر مەچەکی گرتم. هاوارم کرد:

– دەمەوێت هەڵبێم!

ئەو توندتر نەڕاندی:

– چەند هەنگاوێکی ترەو دەگەین!

چەند جارێك دەستم راوەشاند بەڵام ئەو نەیدەهێشت دەربازبم، پاڵم بەسنگیەوەنا کەچی ئەو دەیویست بەدوای خۆیدا رامکێشێت، قاچم لەزەوی گیرکرد ئەو توندتر رایکێشام. چاوم لێبوو دەستیبرد بۆ گیرفانی کەوای لێکردم زیاتر بترسمو هەوڵی دەربازبوون بدەم بەڵام

کەدەستی دەرهێنایەوە کتێبێکی بچوکم لەدەستیدا بینی نەوەك چەقۆ. کتێبەکە رەنگی بەئاودەچوو بۆئەوەی پیتەکان لەدیوی دەرەوە دیاربێ، ترسابووم دەمویست خۆم لەدەستی رزگاربکەم بەلاَم ئەو لەسەرخۆ کتێبەکەی خستە ناو دەستم و بەتوڕەییەوە ئەگەرچی جۆرێك لەئامۆژگاری تێدابوو وتی:

– ئەوە نهێنی ڕاڕەوەکانی و دێرە ئەفسوناویەکانیەتی.

گوێم بەقسەکانی نەدا، دەمویست لەنیگا تیژو دەستە رەقەکانی دەربازبم، لەشم دەلەرزی و سور هەڵگەڕابوم. دڵنیابووم هەلاَتن مەحاڵە ناچار دەستنووسەکەم داخستەوە.

دەستنووسەکە بەداخراوەیی لەدەستمدابوو. هەستم بەعارەقێکی سارد کرد بەناوچەوانمدا دەچۆڕێت و بیرم بەرامبەر شاری ناو دەستنوسەکە پەرش وبلاَوە. بەرەو دەرگاکە چوم پاش ئەوەی کتێبە بچوکە ئاویەکە، بێکردنەوەو تەماشاکردنی، خستمە گیرفانمەوە. لەناو دەرگاکەدا ئاوڕم بۆ ناو ژوورەکە دایەوە کە جگە لەبۆنی مردن بۆنی هیچی تری لێنەدەهات. چوومە ناو ڕاڕەوە تاریك و نسرمەکەوە کە زۆر درێژتر هاتە پێش چاوم وەك لەجاری پێشوو پێیدا هاتم، بەڕادەیەك درێژتربینیم کە کۆتاییەکەیم بۆ مەزەندەنەکرا. بەرۆیشتنەوە سەیری کتێبە ریزکراوەکانی هەردوولای ڕاڕەوەکەم دەکرد کە خەریك بوو تاریکی دایدەپۆشین. لەسەر بەرگی کتێبێك سیسرکێکم بینی کە لەسەر ناوی نوسەری کتێبەکە وەستابوو، بیرم کەوتەوە کە لەو سەرەوە هاتم لەهەمان شوێندا بینیومە بێئەوەی جولاَبێت.

ویستم کەمێك خێراتر بڕۆم تا تاریك دانەهاتووە لەگەڵ ئەوەی هەستم بەبچوك بوونەوەی قاچم دەکرد بەرادەیەك پێلاَوەکان دادەکەندران. دانەویمەوە تا قەیتانەکانیان توندتر بکەمەوە کەچی

مووەکانی قۆڵم بینی سپیبووبوون، ئەگەرچی لەڕودانی ئەم شتانە هیچ تێنەگەیشتم وەك ئەوەی لەشی خۆم نەبێت بەڵام دەمزانی پیربووم بەتایبەت کەهەنگاوەکانم قورس بۆ دەنرا. دەمویست خێراتر بڕۆم هەرچەندە ڕاڕەوەکە تەواو نەدەبوو. هەستیشم دەکرد زەمەنێکە بەم ڕاڕەوەدا دەڕۆم بێئەوەی کۆتایی ببینم، وەستام و سەیری رەفەی کتێبەکانم کرد، زانیم گەیشتوومەتە بەشی مێژوو، هەستم کرد لەرزین کەوتۆتە دەستم و پشتم کۆماوەتەوە، دانەکانیشم یەك بەدوای یەك هەڵدەوەرێن. دەستم برد کتێبە ئاویەکەی گیرفانم دەرهێنا پاش دڵنیابوونم لەوەی دەرگایەك لەپێشمەوە نیە ئەگەر تەمەنم هێندەیتر درێژبێت. کتێبەکە لەدەستە لەرزۆکەکانم دا بوو بێئەوەی جورئەتی کردنەوەی بکەم. دەترسام، بەخۆمم وت: چ زوو کتێب پیریکردم؟ نەمویست بیر لەکردنەوەی بکەمەوە هەربۆیە بڕیاری سوتاندنیم دا و ئاگرێکی زەردو دوکەڵێکی تێکەڵ بەتاریکی لێبەرزبووەوە. لەرەفەکە نزیك بوومەوەو کتێبە ئاگراویەکەم لەسەریدانا، بێئاوڕدانەوە لێی بەهێواشیی دەستم بەڕۆیشتن کردەوە. بەڕوناکی ئاگرەکە لەسەرکتێب و دیوارەکانی پێشمەوە هەستم دەکرد کتێب لەدوای کتێب دەسووتێت و پەڕەکانی لەژێر چنگی ئاگردا لول دەبن تادەبنە سووتوو. هەستم کرد پیرێتیم رێگە نادا دەست بەرەفەکانەوە نەگرم و بڕۆم. ئاگرەکەی دواوەم بەڕادەیەك زۆربوو کە کتێبێکم راکێشا تا لەبەر روناکیەکەیدا چاو بەلاپەڕەکانیدا بخشێنم. بەبێزاریەوە کتێبەکەم دانایەوەو ئاوڕم بۆ دوواوە دایەوە. چەند خولەکێك بوو چ وازوو پیربووم؟ وام بەخۆم دەوت ئەگەرچی سەرسامی زەمەنی ناو

ژوورەکـــەبووم بـــەوەی لـــەو بێکاتیـــەدا چـــۆن تـــوانیم هـــەموو ئـــەو دەسنوسەکان بووم بخوێنمەوە پاش ئەوەی کاتژمێرەکەم بینی ئاسایی کاردەکات، دەڕۆشتم و بیرم لەزۆر شت دەکردەوە تا روناکی دەرگایەکم لەدوورەوە بینی. هەستم بە جومگەکانم کرد زیاد لەپێویست رەق بوون. دەترسام نەگەمە دەرگاکەو بمرم. نازانم چەندم پێچوو تا گەیشتمە دەرگاکەو هەوڵی کردنەوەیم دا بەشێوەیەك جیرەی نەیێت، نەم زانی بۆ وام کرد لەکاتێکدا من کەسێکم نەبینیووەو لەوەش ناچێت بەفریای من، ئەگەر بسووتێم، یاخود کتێبخانەکە بکەوێت.

لەناو دەرگاکەدا وەستامو بینیم گۆڕستانێکی گەورە بەگۆڕە سپیە ریزکراوو دار ئەرخەوانەکانیەوە لەجێگای شەقامو ماڵو دوکانەکانی ئەوسایەوە. هەندێك لەگۆڕەکان گـژوگیای خۆڕسك داپۆشیبوون. بەسەرسامیەوە بەرەو دەرەوە چووم و واهەستم دەکرد هەر گۆڕێك کتێبێکی نەخوێندراوەی تێدا نێژرابێت بەڵام لەو بۆچوونەم گرنگتر ئەوەبوو کە ئێرە کوێیە؟

پاش دڵنیابوونم لەوەی کە جگە لەکتێبخانەکەو گۆڕستانەکەی بەردەمم شوێنەواری شاری لێنیەو تەنها کتێبخانەکە لەو دەشتە پانەدا بەرز وەستابوو، هەستم بە پەشیمانی کرد لەسووتاندنی کتێبە بچوکەکە کەلەوانەبوو رێگای گەڕانەوە یاخود روونکردنەوەی ئەوەی روویدا لەلاپەڕەکانیدا بووبێت. ئەو وتی هەموو نهێنیەکانی تێدایە. لەنێوان کێلەکانەوە کەسێکم بینی بێدەنگ دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. بەرەو رووی چووم و پرسیم:

–دەمێکە لێرەی؟

بەحەپەساویەوە سەیری کردمو وتی:

–زیاد لەسیساڵە، بۆ چ گۆڕێك دەگەڕێیت؟

لەوەڵامەکەیـــەوە پێدەچـــوو زێـــوان بێـــتو کـــاتی پشـــووی بەجگەرەکێشانو لەئاسمان رامان بباتەسەر، پێم وت:

–شارێك لێرەدا هەبوو؟

بەسەرسوڕمانەوە وتی:

– هێشـتا شـار لێـرەدا دروسـت نـەبووە، دەشـێت لەئاینـدە یـاخود لەکتێبدا بێت!

پرسـیارم لـەبارەی رێگـاوە لـێکرد، پـاش نەفەسـێك لەجگەرەکـەی وتی:

– بـەو ریگایـەدا بـڕۆ دەگەیتـە سـاڵی گرانیـە گەورەکـەو لەوێشـەوە پاش چەند قۆناغێك دەچیتە سەر مردنی مەحوی.

بەبەزەییەوە سەیری کردمو وتی:

– دەخیلـە تـۆ لـەوە پیرتریـتو رێگـا زەفـەرت پێدەبـات، ئاگاداربـە نەکەویتە نـاو شـەڕی عوسمانیەکانـەوە. زۆریتریش بێرەدا تێپەڕینو ون بوون یاخود لاشەکانیان قەلو داڵ خواردی.

وای وتو دەستی بەرەو گۆڕەکان راکێشا، منیش بەرەو ئـەو شـوێنە رۆیشتم کـە پێشـتر ئامـاژەی بۆکرد. رۆیشـتمو پیرتربـووم لـەخۆم، پـاش ئەوەی دڵنیابووم کـەمن بەسـاڵو رۆژەکانـدا دەڕۆمـەوەو خـۆم بەدەسـتی ئـەم رێگایـە کوشـت کـە تـا ئەبـەد ونم دەکـات. نـازانم چـەند رۆژ یـاخود مـانگ دوورکەوتبوومـەوە کـە بـیرم کەوتـەوە مـن دەبوایـە پرسـیارم لەکێیەتی زێوانەکە خۆی بکردایە بەڵام...

بێهوده دەڕۆم و هەست بەپەشیمانی دەکەم لەسووتاندنی کتێبە ئاویە بچوکەکە.

*          *          *

---

* ئەوەی هێڵی بەژێردا هاتووە لە (هکژا تکلم زرادشت) ی نیتشەوە وەرگێراوە.

** ساڵی کوبەیس: ئەو ساڵەیە کەمانگی (شوبات) تێیدا 029) ڕۆژە، ئەمەش بەچوار ساڵ جارێك ڕوودەدات.

*          *          *

دەبێت چ نهێنیەك (جگە لەکردەی نوسین) لە پشت ئەو دێڕەوە بێت کە رۆژێك لە کتێبێکدا خوێندمەوە، نوسرابوو (لە زۆری ژمارەی دەستنوسەکان ئاوی دیجلە شین بوو) زۆرجار بیرم لەم دێڕە سامناکە دەکردەوە، لە زۆری ژمارە و شین بوونی ئاوەکە نا بەڵکو لەو پاڵنەرەی — ئەگەر ئەم وشەیە گونجاوبێت — کە لە پشت کردەی کتێب فڕێدانە رووبارەکەوە وەستاوە. توانەوەو نەمانی هەتاهەتایی وشەو رستەکانم دەهاتە بەرچاو کە ئاوەلیخنەکە فەنایان دەکات یاخود بۆ ئەبەد هەڵیان دەلوشێت، ئەو جادوگەرانەشم دەبینی کە بە دزی پاسەوانەکانەوە دەچوونە سەر رووبارەکەو بەختی خەڵکیان دەخوێندەوە چونکە ئەوان توانای خوێندنەوەی دێڕە نغرۆکانیان مابوو. وام دەبینی کە دیجلەو گۆڕێکی بەکۆمەڵ نەك جیاوازییان نیە بەڵکو هیچ یاسایەکی دنیایی ناتوانێت لەپشت ئەو رەشەکوژیەی کتێبدا بوەستێت مەگەر لە لاهوت یاخود سرووتە ئاینیەکانی وەك عاشورادا بۆی بگەڕێین. نازانم چەند ساڵ لە نێوان خوێدنەوەی ئەو دێڕە و دانیشتنم لەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆدا هەبوو کە پێشتر هیچ جۆرە ناسینێك لەنێوانماندا نەبوو بەڵکو رێکەوت لەسەفەرێکدا خستینیە لای یەکەوە. کاتێکیش لێك جیابووینەوە دەرکم بەوەکرد کە ئەو مامۆستایانە — بەشێوەیەکی

گشــتی – هــەوڵ دەدەن ســەنگینی لــە راو بۆچــوونیان و هێمنــی لــە ســیمایاندا بپــارێزن ئەمــەش دڵنیــای کــردم لــە هــۆی بڵاونەبوونــەوەی خۆکوشتن لەناویاندا.

کاتێك رۆژنامەکەی بۆ گەڕاندمەوە من لە شوشەی ئۆتۆمبیلەکەوە سەیری دیمەنی پێدەشتەکەی دەرەوەم دەکرد کە چەند رەشماڵێکی دوور لەیەکی لێهەڵدرابوو. رۆژنامەکەم لێوەرگرتەوەو خەریکی لول کردنی بووم کە گوێم لە دەنگە لەسەرخۆکەی بوو وتی:

– جوانن!؟

بێئەوەی بە خۆم بزانم یاخود زۆر لەخۆم بکەم – تا ئێستاش وای بۆدەچم – قسە لەنێوانماندا دروست بوو، دەکرێت لە باشترین حاڵەتدا بیگێڕمەوە بۆ گەرمای ئەو رۆژە، قسەکان بەشێوەیەکی سەیر پەرش و بڵاوی کردین تا گەیاندینیە ئەوەی من بڵێم:

– پـێم وایـە مـرۆڤ بونـەوەرێکی وەسـتاوە لـە دووبارەکردنـەوەدا و بـــەردەوامیش بـــەدوای نـــاوی نوێـــدا دەگـــەرێت تـــا ســـیمای دووبارەبوونەوەکانی بگۆڕێت.

ئەو بە دوو چاوی کراوەوە لێم ورد دەبوەوە کەوای لێتێگەیشتم بۆچوونەکەم سەرسامی کردبێت یاخود هە رنەبێت قورستربووبێت لەوەی ئەو چاوەڕوانی دەکرد ناچار هەوڵی روونکردنەوەیم داو وتم:

– تـۆ جیـاوازی دەبینیـت لـەنێوان زینـدانێکی کـۆنکرێتی ئێسـتا لەگەڵ ئەشکەوت و ژوورە قوڕەکانی سەردەمی پێش تۆفان ( ئەوەم بۆ روون کردەوە کە من بەسەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی دەڵێم تۆفـان) هەرچــەندە شــێوەی دروســت کــردن و ئەشــکەنجەدانیان تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەڵام هەموویان ئەگەرچی لەژێر

ناوی جیاوازدابن له خاڵێکدا کۆدەبنەوە کە ئەویش دابڕینی مرۆڤە تا مەترسی لە ئێستا دووربخرێتەوە، یاخود چەوساندنەوە کە لە بوارێکی فراوانی ناولێناندا بەدرێژایی مێژوو کاری کردوە، هەروەها کوشتن و شەڕو پۆشین و چەك... من دەڵێم کەوڵ کردنی مرۆڤێك و سووتاندنی و سەر بەڕمەوە کردنی و گوللەباران کردنی خاڵی کوشتن کۆیان دەکاتەوە و گرنگ نیە چ ناوێکیان لێدەنرێت.

قسەکانی پێبڕیم و لەسەرخۆ وتی:

– بەڵام تۆ هەست بە جیاوازی یاخود پێویست بوون پێیان ناکەیت؟!

بەهێمنی پێشوومەوە – پاراستنی هێمنی ئامرازێکە بۆ باشتر بیر کردنەوەم چونکە من گفتوگۆ بە یاری شەترەنج دەبینم و لەو هێمینیەشەوە جوڵە سەرسام کەرەکان بەدەردەخرێت – وتم:

– تۆ دەتوانیت لە گۆڕینی بەردەوامی ناوەکانەوە سەیری کێشەکە بکەیت بۆ نمونە: ئەگەر ئاین یاخود هەر شۆڕش و راپەڕینێك تا دەگاتە کۆمۆنیستەکان دژ بە چەوساندنەوە وەستابێت ئەوا دواتر خۆیان زیندانەکانیان پڕ کردووە، پێت وانیە کە پێویستە سەیری ئەو ماف بەخۆدانە بکەین کە مرۆڤ لەژێر سایەیدا پیادەی دڕندێتی و ناونان دەکات.

لێرەدا روداوی لەناوبردنی کتێبم بیرکەوتەوە و هەوڵیشم دا لەوەوە باسی ئەوەی بۆ بکەم کە مرۆڤ بونەوەرێکی ترسنۆکە، پێم وت:

– دەزانیت بەدرێژایی مێژوو هەر لەو سەردەمانەی کە لەسەر چەرم و خشتی سوور کراو دەیان نوسی تا دەگاتە رۆژە سوورەکانی فتوحات و رۆژە تاریکەکانی کلێساو ئێستا مرۆڤ کتێبی سوتاندوە؟ رۆژانی قەدەغەکردنی هاتو چۆت لەبیرە کە چۆن

خەڵکی دەکەوتنە تێك شکاندن و سوتانی ئەو چەکە ترسناکەی پەڕەکان لە خۆیاندا هەڵیان گرتبوون، لە رووسیاش یاسایان بۆ خەیاڵ دانابوو کە زۆر کتێبی تووشی قەدەغەکردن و دەست بەسەراگرتن دەکرد، ئەو یاسایانەش لەبەرئەوە دانەنرابوون کە کتێب تەنها شتێکە نابێتە موڵکی هەمووان یاخود سوتێنەرانی بەڵکو لەبەرئەوەبوو کە ئەو رەشەبایانەی لەناو کتێبەکانەوە هەڵدەکەن لە هی ناو ژیان خۆی سەختترە و روخاندنەکانیشی لە کاولکاریەکانی شەڕ قورسترە.

بەهەمان لەسەر خۆییەوە وتی:

– مەبەستت لە دادگاکانی پشکنینە؟

دانیشتنەکەم چاککردو پێم وت:

– هەرچیەکی ناو دەنێیت گرنگ نیە بەڵکو گرنگ بوونی سزاکەیە، ئەگەر لە شەڕو سوتان و خاپورکردنی شارەکاندا کتێب وەك شتەکانی تر (بە مرۆڤیشەوە) تیاچووبێت ئەوا پاکانە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت بەڵام ئەو ساتە هێمنانە سەیرە کە بەوپەڕی هۆشیارییەوە سزایان دەدەن. من وای دەبینم کە مرۆڤ بەردەوام لە ترسی تێك دانی ئەو وەستاویەدایە کە کتێب لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت یاخود دەشێت پاش دۆزینەوەی نوسین مرۆڤ دەرکی بەوە کردبێت کە خۆی دەبێتە ناوەندێك و کتێبەکان شەڕی خۆیانی لێوە دەکەن ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو پرسیارەی ئایا مرۆڤ کتێب دەنوسێتەوە یاخود کتێب لەدەرەوەی مرۆڤ بیردەکاتەوە و لە رێگای ئەمەوە بەردەوامی بەخۆی یاخود بە نوسین دەدات.

بە هێمنی پرسی:

- بەڵام سزاکانیش لە مرۆڤ خۆیەوە دێن!

تا پەشێوی لەبۆچونەکانمدا نەبێت (چونکە ئەو رایە بەحەقیقەتێکی تاڵ ئاخنراوە کە سەرجەم نوسین وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە تاوانبار دەکات) وتم:

- تۆ وای نابینیت ئەو ساتانە ساتی دەست تێوەردان یاخود بەشداری کردنی مرۆڤ بێت؟ بەواتایەکی تر ئەو ساتانە بێت کە مرۆڤ دەیەوێت راستەوخۆ لەنوسیندا ئامادەیی هەبێت چونکە ئێستا هەموو شتێك لەدەرەوەی مرۆڤ دەژی و بیردەکاتەوە. ئەوەتا زانست خۆی بەدوای دۆزینەوەکانی‌دا دەڕوات یاخود شەڕ لە دەرەوەی مرۆڤدا دەژی و خۆی بەرپا دەکاتو پشوو دەدات، ئیدی مرۆڤ دەوری بە بوونەوەرە بێ گیانەکان گیراوەو کتێبیش یەکێکە لەو بوونەوەرانە.

چاوم بڕیە سیما سەنگینەکەی پاش ئەوەی هەستم بە پێویستی گێڕانەوەی یەکێك لە بەسەرهاتەکانی سزای کتێب کرد، پرسیم:

- تۆ گاور سورخ شارەزایت؟

بەسەرسوڕمانەوە وتی:

- نەمبیستووە!

ئارەزووم دەکرد پێی بڵێم بەدڵنیاییەوە نازانیت بەڵام لە دواساتدا قسەکەم گێڕایەوە و وتم:

- ئەوە ئەو شارەیە کە نوسین بیری لێکردۆتەوە یاخود راستتر لە یادەوەری نوسینەوە هاتووە و سێبەرەکەی لە ژیاندا دەبینیت نەوەك خۆی. لەو شارەدا تەنها کتێبێك هەبوو کە کۆمەڵێك پاسەوان لە خانوویەکی چۆڵدا دەیپاریزن و لە پەنجەرە

بچوکەکانیەوە چاودێری ژیان دەکەن. ئەوان بەڕادەیەك ڕۆچوونەتە ناو چاودێریەوە کە بێئاگا بوون لەوەی خانووە تەنگ و تاریکە شێدارەکە هەموو سووچ و کەلێنێکی بۆنی مردنی لێدێت و هەناسەدان تێیدا تاڕادەی خنکان قورسە. ئەو پاسەوانانە بەردەوام سەرقاڵی پێوانە کردنی شتەکانن (بە هەستو پەنهانیەکانی ناو مرۆڤ و دەرەوەشیەوە) بە پێوانەی ناو کتێبەکە بەڵام ڕۆژێك هەست بە تێك چوونی ژیان دەکەن، هەربۆیە وەك هەرجارێکی تری دەرکەوتنیان بەشێوەی پەڵەی شەو و نوتەك دێنە دەرەوە تا ژیان بگێڕنەوە ژێر پێوانەکان، بە شەقام و خێزان و ئاخاوتنەکاندا هەڵدەکەن و هەر شوێنێکیش پێی تێ دەخەن دەبێتە شەوە زەنگ. ئەوان کە دێنە دەرەوە بۆنی کتێبێکی تازە نوسراو کاسی کردون و پێدەشتە دڕکاویەکانی خەیاڵیانی شەونم ڕێژ کردووە و ژورە شێدارەکانیان ئاوێنە ڕێژدەکات. بەردەوام دەگەڕێن و لەو گەڕانە ڕەشەش دا بەدوای عبدالخالق ناو سەوزێتی باخچە و توێ توێی ئاو دەگەڕێن تا دەیدۆزنەوە و لە گۆڕەپانێکدا لە چوارمێخەی دەدەن و دەیسوتێنن.

بەڵام بەردەوام هاوارێك لە خانوەکەوە دەهات و لەناو کەللەیاندا دەنگی دەدایەوە کە هاواری کتێبەکەبوو داوای سوتانی کتێبەکەی عبدالخالقی دەکرد. پاسەوانەکان لە سیمایاندا تۆقین دەردەکەوت چونکە هاواری ئەو کتێبە لەناوەوەیاندا سەختترە لە ڕۆچوونی خەنجەرێکی ژەنگاوی بەدڵیاندا. جارێکی تر دەست بە گەڕان دەکەنەوە ئەویش تەنها بەدوای ئەو پەڕانەدا نا کە عبدالخالق نوسیویەتی بەڵکو یادەوەری هەریەکێك کە دێڕێکی لەو کتێبە هەڵگرتبێت تا لەفەوتانی تەواوی کتێبەکە دڵنیا دەبن شەقام و ناو ماڵو جێگای نوستنەکان پڕ

دەبێ لە کوژراو ئەوسا دەگەڕێنەوە خانوەکەو دەست بە دورینەوەو پینەکردنی ئەو شوێنانەی ژیان دەکەن کە کتێبەکەی عبدالخالق دورستی کردوە.

لێم گەڕا تا وەستام ئەوکاتە پرسی:

- بەڵام عبدالخالق کێیە؟

– نوسەری کتێبە نەفرەت لێکراوەکەیە.

پاشان بەدرێژی باسی گەڕانەوەی ژیانم کرد بۆ دۆخی جارانی، لێم پرسی: وای نابینیت ئەم شەڕە رەگەزپەرستانەیەی نێوان رەش و سپی لە سەروو ئێمەوە هەر بەردەوام بێت؟

هەوڵی نەدا وەڵام باتەوە چونکە ئۆتۆمبێلەکە وەستابوو. بەدەم دابەزینمانەوە ئەویش وتی:

– پێت وایە دواجار کتێبەکان نوسەرەکانیان دەکوژن؟

وای وت و چاوەڕوانی هیچی نەکرد بەڵکو بە سیمایەکی کراوەوە ماڵئاوایی لێکردم.

زیاتر لە دوو مانگ تێپەڕی کە بەرێکەوت رێم کەوتە زانکۆ ئەویش بۆ چەند پرسیارێك بوو سەبارەت بە چاپ کردنی کتێب. بەڵام لە دەرگای دەرەوەدا لافیتەیەکی رەشم بینی کە بەبێ بەروارەکەی سەری دەزانرا کۆن بووە. وەك هەر قوتابیەك یاخود دەستگێڕێك بەبەردەمیدا تێپەڕیم – بەدەم رۆشتنەوە بەخێرایی چاوێکم پیادا خشاندو وەستام. ئەوپەڕۆ رەشە خۆکوشتنی هاوڕێ مامۆستاکەمی لەسەر نوسرابوو، (دەبوایە پێشتر بموتایە کە ئێمە پێش جیابوونەوەمان ناونیشانی خۆمان دا بە یەکتر بەڵام دیار بوو کەسمان بیرمان لە یەکتر بینین نەکردبوەوە)

هەستم کرد پێویست ناکات داوای رونکردنەوە لە کەس بکەم تەنانەت بێزارتر بووم لەوەی توانای گوێگرتنم لە فەرمانبەری چاپخانەکە هەبێت کە هەرگیز بەو دەست و پلە چەورو رەشانەیەوە لە قسەکردن بێتاقەت نابێت.

بەدەم رێگاوە هەوڵی بیرلێنەکردنەوەیم دەدا بەڵام وشەی (جوانن..) کە یەکەم جار لەنێوانماندا وترا سنوری هەموو هەوڵێکمی دەبەزاند و بێئەوەی بمەوێت بێزاری دەکردم وەك ئەوەی ئەو وشەیە دڵڕەقانە کوشتبێتی.

زانکۆم بەجێ هێشت و بڕیارم دا تا هەست بە هێمنی دەکەم پیاسەیەکی درێژ دەکەم ئەگەر هەموو تەمەنیشمی بوێت یاخود پێویست بکات تابێکۆتا لەناو پیاسەیەکی بێدەنگدا درێژببمەوە.

*                    *                    *

## □ دوا حیکایەت

نوســینی ئــەم چــیرۆکە، بــەجیا لەوانــەی تــا ئێســتا هەســتاوم بەنوسینیان، ڕێکەوتێکی سەیر تێیدا بەشداربوو، کە دەڵێم ڕێکەوت مەبەستم لەو ڕووداوانەیە کە ناتوانین شیکارێکی عەقڵی بۆ رودانیان بکەین وەك دۆزینەوەی هێزی کێش کردن لە کەوتنی سێوێکەوە ئەگەرچی بۆچونێکی ڕۆمانسیانەیە لەو ڕوەوە کە ئەگەر ئەو کەوتنە نەبوایە ئەو هێزەش نەدەدۆزرایەوە؟ یاخود بەشێوەیەکی تر: هۆی کەوتنی ئەو سێوەش لەو سات و شوێنەدا جگە لەسات و شوێنێکی‌تر چی‌یە؟ (ناتوانین دەست نیشانی ئەوە بکەین جگە لەسات و شوێنی کەوتنی سێوەکە چەند سات و شوێنی‌تر هەیە بۆ کەوتنەکە چونکە دەشێت لەسەرو ئەندێشەمانەوە بێت) یاخود کوشتنی باوکم بەدەستی هاوڕێکەی، وەك بۆیان گێڕاومەتەوە، بەبێ‌ئەوەی مەبەستی هەبووبێت چونکە بکوژەکە دەیویست گوللەیەکی ترساندن (دەتوانم لە باشترین لێکدانەوەدا وابڵێم) بنێت بەهاوڕێی دووهەمیەوە کەرۆژی پێشوو بەشەڕ هاتبوون، کەچی بەر ناوچەوانی باوکم کەوت و مرد، لەگەڵ ئەوەی جۆگای خوێنیان بینی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو بەڵام کەس باوەڕی نەدەکرد، کەچی ئەو بەیەکجاری و بەرێکەوت مرد. منیش

دوێنێ شەو پاش هەست کردنم بەهیلاکی، کەوای بۆ نەچووم لەزیادە ڕۆییمەوە بێت لەخواردنەوەدا چونکە ئەو شەوە لەکاتی ئاسایم کەمترم خــواردەوە، ناچــار بەپیاســە بــەرەو ماڵــەوە ڕۆشــتم تــا کاریگــەری خواردنەوەکە نەمێنێت. بەتایبەت هەوای ئەو شەوە ساردو وشك بوو، بەدرێژایی ڕێگاکە بیرۆکەی چیرۆکێك لەخەیاڵمدا بوو، کەچەند ڕۆژێك بــوو بیرکردنــەوەمی داگیرکردبــوو، وای لــێکردم بێئاگــا لەتاریکیەکــەی دەورمو بــێ دوودڵــی بــڕۆم چــونکە لەمنداڵیــەوە ســامی تــاریکی لەدڵمــدا بوو ئەویش لەوەوە بوو کەهەردەم واهەستم دەکرد یــەکێك بەچەقۆیەکی کلــك نەخشــاوەوە تێیــدا وەســتاوە، کاتێــك دەگەمــە لای تونــد چــەقۆکە لەسەر شانم دەچەقێنێت، منیش هاوار دەکەمو ئاوڕ بەلایدا دەدەمەوە، ئەو هێشتا دەستی بە چەقۆکەوەیە کەچاو دەبڕمــە چاوی، گــوێم لــێی دەبێـت بـەدەنگێکی نـەرم وەك ئـەوەی لـەژێر لێـوەوە بـێ ویسـتی خـۆی دەریبکات یاخود بۆ یەکێکیتر قسەبکات کە لــە تاریکیەکەدا دیارنیــە، دەڵێت: ئەو نەبوو.. لەگەڵ ئەو ترسەمدا، ئەو شەوە بێئاگا لەتاریکیەکە دەڕۆیشــتم، کــاتێکش گەیشــتمە ماڵــەوە زانــیم ئــارەزوی نوســینم هەیــە، هەربۆیە قەڵەمو کاغەزم هێنا تاهەوڵی نوسینی چیرۆکەکە بدەم.

چیرۆکەکە لەبارەی خوێنەرێکەوە بوو کە ڕۆژێك لەیەکێك لەکتێبخانە گشــتیەکاندا داوای کتێبێــك دەکــات بــەڵام ئــەو فەرمانبــەرەی چــووە کتێبەکــەی بــۆ بهێنێــت زۆری پێدەچێت، ناچــار خــۆی بــەو ڕۆژژمێــرو پەنــدو دێــرە شــیعرانەوە خــەریك دەکــات کــە بــەدیواری ژورەکــەوە هەڵواسـراون تـا دەنگـی پێـی فەرمانبەرەکـە لـەقولایی هۆڵەکـەوە دێـت. فەرمانبەرەکە کتێبێکی بەرەو ڕوو دەگرێتو دەڵێت:

– زۆر گــەڕام بــۆ کتێبــی ئــەو ژمارەیــەی نوســیوتە بــەڵام دیارنــەبوو، لەشوێنیدا ئەم کتێبە هەبوو!

کتێبەکـەی دەداتـە دەسـتو بـە دوایـدا ئـەو پارچـە کاغەزەشـی بـۆ دەگێڕێتەوە کە ناو و ژمارەی کتێبەکەی لەسەر نوسیبوو.

پـاش گەڕانـەوەی بـۆ هـۆڵی خوێندنـەوەو دانیشـتنی لەجێگاکـەی خۆیـدا کـەمێك لـە بـەرگ و قـەراغی لاپـەڕەکانی ورد دەبێتـەوە تـا دڵنیـا دەبێـت لەنـەبوونی ژمـارەی ریزبەنـدیی کتێبخانەکـە بـە بەرگەکەیـەوە، یەکـەم لاپـەڕەی دەکاتـەوە سەرسـام دەبێـت، جـارێکیتر لاپەڕەکـە دەخوێنێتـەوە کەبەخـەتێکی کـوفی ناسـك نوسـراوە (ظولمـەت) لەژێریشـیداو بەهـەمان خـەت بـەڵام بچـوکتر نوسـراوە (مـەحوی)، جارێکیتر دەستنوسەکە دەپشکنێت (لەوێدا دەزانێت کە کتێب نیە) تابزانێـت ژمـارە یـاخود مـۆری کتێبخانـەی پێوەیـە یـاخود نـا، پـاش دڵنیابوونی... لەژێر سەرسامیدا دەست بەخوێندنەوەی دەکات.

ئـەو چـەند لاپەڕەیـەی لەچیرۆکەکەم نوسـیبوو هەوڵمـدا بـوو تێیـدا کورتەیـەك لەدەستنوسـەکە کـە لەشـێوەی رۆمانـدابوو وەك پێشـکەش کردنـی کتێـب پیشـان بـدەم کـە ئـەو خوێنـەرە لەدەفتەرەکەیـدا تۆمـاری کردووەو منیش لەوم وەرگرتووە. ئەو بەم شێوەیەی نوسی بوو:

ناوی کتێب: ظولمەت (رۆمان)

نوسەر (دانەر): مەحوی

قەبارە: 10×15سم

ژمارەی لاپەڕە: 170

پاشـان هـەوڵی نوسـینەوەی کورتـەی رۆمانەکـەم دا بەهـەردوو بەشەکەیەوە وەك چۆن لەدەفتـەری خوێنەرەکەوە وەرمگرتووە کـەپاش خوێندنـەوەی دەستنوسـەکە نوسـیویەتیەوە (پـێی نـاڵێم پاڵـەوانی چیرۆکەکەم ئەگەرچی ئامادەیی تەواو بەردەوامی هەیە چونکە پاڵەوانی سەرەکی کەسێکی ترە یاخود روونتر قسە بکـەم نوسـەری رۆمانەکەیـە).

بۆ نوسینەوەی کورتەیەك لەسەر رۆمانەکە دوو شێوە خوێندنەوەی جیا لەبەردەمیدا بوو، یەکەمیان: خوێندنەوەی بەش بەشی رۆمانەکەیە، کەپاشان هەموویان لە یەکەیەکی لێك دانەبڕاودا کۆکرێنەوە کە ئەو ئەم رێگایە پشت گوێ دەخاتو رێگای دووهەم هەڵدەبژێرێت ئەویش بریتیە لەپێچەوانەی رێگای یەکەم واتا لە کورتەی رۆمانەکەوە بەرەو بەشەکانی دەچێت کەدەرەنجامی سەیرو جیاواز لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمدا دەردەخات، رۆمانەکە لەسەر دێڕە شیعرێکی مەحوی خۆی دارێژراوە کە دەڵێت:

بەئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو
هەموو دەشچن بەخنکانو لەووشکیشە مەلەی مەخلوق

لەم دێڕەوە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دروست کراوە کەبەردەوام لەگەڕانو سەفەری سەرسوڕهێنەرو خەیاڵ ئامێزدایە بەدوای ئارامی یاخود دڵنیاییدا. بەناو دوو بەشی رۆمانەکەدا (هەریەکەیان سەربەخۆیەو ئەمانیش لەسەر دێڕە شیعری تر بنیات نراون) شۆڕدەبێتەوە کە گەشتێکی سەیرە بەشوێنی بەخەیاڵ خولقێنراوو زەمەنی وەستاودا. دێڕی یەکەم کەبەشی یەکەمی لەسەر بنیات نراوە بریتیە لە:

دڵ زیندووە بەعیشقو بژی تۆ لە مەرگ ئەمین
بەم دەردە بمرە تا ببیە حی لایموت

دووهەمیشیان بریتیە لە:

تەنکە توێژاڵێکی کشاوە بەڕوا قوڵزمی مەوت
وەك حەبابێ بەهەوا بەندە نرا ناوی حەیات

لەبەشی یەکەمدا بۆ نەمری دەگەڕێت ئەویش لەڕێگای عیشقی خوداوەیە ئەو سەفەرە سەیرانەش لەکاتی دەرچوونیەتی لە لەشی،

هەروەها سەرکەوتن بەپلەکانی ئەو عیشقەدا مانای فراوانی شوێن و زەمان، دەگۆڕێت تا دەگاتە توانەوە لەخوادا کە لەشێوەی خۆیدا دەیبینێت، بەڵام لە بەشی دووهەمدا پاش ئەوەی پیر دەبێت و دەگاتە سەراب بەرەو بچوک بوونەوە دەچێت، بەرادەیەك کە لەچاو وندەبێت و وەك تۆز لەناو دێڕەکاندا بڵاودەبێتەوە یاخود وەك شەونم بەدەم هەڵهاتنی خۆری مردنەوە دەبێتە هەڵم، لاپەڕەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەش دەنگێکی نامۆ دەینوسێتەوە کە لەشێوەی چەند حیکمەتێکدایە.

شوێن لە ڕۆمانەکەدا گرنگیەکی ئەوتۆی نیە ئەگەرچی وەصفی زۆرو وردەکاری وردی بۆ بەکار هاتووەو پاڵەوانەکە بەردەوام شوێن لەزەینیەوە بەرجەستە دەکات تاسەفەری پێدا بکات چونکە ئەوبێ لەو سەفەرانە دەمرێت، بەڵام زەمان چەقی کێشەکانەو پاڵەوانەکە لەزەمەندا تووشی نامۆیی دەبێت نەك لەشوێندا، هەربۆیە سەفەری سەیر بەرابردوو، داهاتوودا دەکات و تیایاندا شاری غەریب و ڕێگای زێڕین دەدۆزێتەوە، سەرجەمی گەشتەکانیشی، کەدەیانکات، لەبەشی یەکەمدا گەڕانە بۆ نەمری و لەدووهەمیشدا گەڕانە بەدوای مردندا پاش نەبینینەوەی مانایەك بۆ ئایندە کە تێیدا نەمربێت.

بەڵام سەبارەت بە کۆتایی چیرۆکەکە چەند کۆتاییەکی جیاواز لەلام هەبوو لەوانە: ئەو کتێبە یاری فەرمانبەرێك بووبێت تا لەوەڕسی ڕزگاری بکات پاش ئەوەی هەست دەکات کە کاتی ناو کتێبخانە قورستر تێدەپەڕێت، ئەویش بەبڕینی وشە وشەی دیوانەکەی مەحوی، پاشان هەموو وشە بڕاوەکان دەخاتە ناو زەرفێکەوەو وشەکان یەك یەك دەردەهێنێت و دەیاننوسێتەوە تا ڕۆمانەکە تەواو دەکات، پاشان دەیخاتە جێگای ئەو کتێبەی خوێنەرەکە داوای دەکات.

یاخود بەشێوەیەکی تر بیرم لە کۆتایی چیرۆکەکە کردەوە ئەویش ئەوەبوو کە ئەو فەرمانبەرە دەیەوێت دەستنوسێك لە کتێبخانەکە بدزێت (ئەوەی خوێنەرەکە داوای دەکات‌و لەشوێنەکەیدا نەماوە) ناچار کتێبێکی تر دەنوسێت تابیخاتە جێگاکەی، رێگایەکی ترم دانابوو بریتی‌بوو لەوەی: هەموو روداوەکە دالْغەی خوێنەرەکە خۆیەتی یاخود خەونێکە یاخود کتێبخانەکە مێشکی خوێنەرەکە خۆیەتی، پاش گەڕان‌و پشکنین بۆی دەردەکەوێت کە نەستی ئەو کتێبەی فڕێ داوەتە ئەوێوە یاخود دەکرا کۆتایی چیرۆکەکە ئەوەبێت کە مەحوی خۆی نوسیبێتی‌و خوێنەرەکەش بەدوای ئەو سەلماندنەدا بگەڕێت.

زۆربەی کۆتاییەکان سەیرو قورس دەهاتنە پێش چاوم کەناچاریان کردم بگەڕێمەوە بۆ دەفتەری تێبینیەکانم ئەویش دەفتەرێکی بچوك بوو پڕۆژەی چیرۆك‌و تێبینیەکانم تێدا تۆمار دەکرد تا لەبیرم نەچنەوە چووم دەفتەرەکەم هێنا کە لەناو شتە تایبەتیەکانمدا هەڵم گرتبوو بەو هیوایەی لەوێدا کۆتاییەکی جیاوازو گونجاوترم بۆ دانابێت.

پاش دەرهێنانی دەفتەرەکە لەخۆڕا کردمەوە یاخود بەڕێکەوت لاپەڕەیەکم کردەوە کە پڕۆژەی چیرۆکێك بوو لەژێر ناوی (دوا حیکایەت)دا، پاش خوێندنەوەی پڕۆژەکە هەستم کرد بەتەواوی سیمای چیرۆکەکە لەبەر چاومدایە یاخود راستتر ئامادەیی نوسینیم تێدایە هەربۆیە وازم لەو چەند لاپەڕەیە هێنا کە لەچیرۆکەکەی پێشوو نوسیبووم (دواتر چیرۆکێکی زۆر جیاوازی لێ‌دەرچوو لەژێر ناوی – نهێنیەکانی دەستنوسێك – دا نوسیم) و هەوڵی نوسینی چیرۆکەکەی ترم دا کەلەژێر ناوی (دوا حیکایەت)دا بوو، ئەویش بەم شێوەیە:

پاش داگرتن‌و روخانی دێهاتەکان، لەسەر رێگا دەرەکیەکانی گاورسورخ لەناوچە دەشتاییەکانی نزیك رێگاکە چەند ئۆردوگایەکی

زۆرەملــێ، کـە بـە (ئۆردوگـای نیشـتەجێکردن یـاخود شارسـتانی) نـاو دەبـران، هـەڵتۆقیبوون (ئـەوان دروسـت نـەکران بـەڵکو کـت‌وپڕ لەوێـدا بینــران). لەیــەکێك لــەو ئۆردوگــا نغرۆیانــە لــەبێکاری‌و مەشــەقەت‌و نەخۆشیدا دیوەخانێکی گەورە هەبوو، ئەگەرچی تەمەنی کەم بوو بەڵام هەیبــەت‌و شــکۆی دیوەخــانێکی کــۆن‌و بەسالاْچــووی هــەڵگرتبوو، بەڕادەیـەك ناوبـانگی چـەند رۆژێـك دوور لـەخۆی رۆشـتبوو، تەنانـەت توتنە بۆن دارەکەی کە لە هەنگوین‌و سێوی گەنیو هەڵدەگیرا دەماودەم بەئارەزوویــەکی ســەیرەوە بــاس دەکــراو خــەڵکی بــۆلای خــۆی کــێش دەکـرد، دیوارەکانیشــی بەهــەمان شــێوازی کــۆنی، بەکــەوڵ‌و پێســتەو تفەنگ‌و خەنجەرو بەڕەی رەنگاوڕەنگ‌و فەرشـی کاشـان رازێنـدرابووەوە تا ئەو یادگاریانە بپارێزێت کە لەبارەی دیوەخانەکەوە هـەیان بـوو، ئـەو چیرۆکە سەیرو سەرسام کەرو بەسەرهاتە نغرۆیانە لەخەیاڵدا کەلەوێدا دەگێڕدرانەوە وای لەهاتووچۆکەرانی کردبوو لەناوچەی دورەوە لـەژێر گەرمای تەمموز یاخود بەسەر زوقم‌و شەختەی زستاندا رێگە بگرنەبەر تابەدەم خواردنەوەی چا و کێشانی سیغارەوە گوێ‌ی لێ‌بگرن، ئەویش بـۆ خـۆی وەرزی تایبــەتی گێڕانــەوەی هــەبوو، بـۆ نموونــە: هاوینــان ئەوکاتەی بەسەر شەماڵدا دەکرێتەوە، لەژێر تریفەدا (شیرین‌و فەرهاد) بەدەنگێك کەگریانی لێ‌دەتکێ، دەگێڕدرایەوەو زستانانیش بەدەم نێڵە نێڵـی زۆپاکەیـەوە داسـتانی (رۆسـتەمی زاڵ) خوێنـاوی تـرو دڵەڕقانـە لەشەوە بێ‌کۆتاییەکانیدا دەگێڕرایەوە، جگە لەو بەسەرهات‌و چیرۆکە زۆرانەی رۆژانە باس دەکران.

دیوەخانەکە بەو رووبەرە بچوکەی لەدەشتەکەدا داگیری کردبوو وەك وێنەیــەکی بچـوك کـراوەی جیهـان سـەیر دەکـرا، یـاخود پەنجەرەیـەك لێیەوە بەسەر دنیادا دەیانڕوانی.

دانیشتنی ناو دیوەخانەکە، وەك هەر جێگایەکیتر، یاسای خۆی هەبو: لای دەرگاوە خزمەتکارو تفەنگ بەشانەکانی لێدادەنیشت، لەوێشەوە بەرەو سەرەوە ریزی میوانەکان دەست پێدەکات تادەگاتە لای ئاغا کەلەگۆشەیەکی نزیکیەوە رادیۆیەکی گەورە دانراوە، لەژێر دوو تفەنگی ئاڵتونیو خەنجەرێکی دەبان دانیشتووە.

بێدەنگ بێئەوەی دەست بۆ چاکەی بەردەمیان درێژ بکەن دانیشتبوون، وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئاغا بن، ئەویش پاش ئەوەی قومێکی لەچاکەی داو کەمێك یاری بەشەکرە کلۆکەی سەر زمانی کرد دووبارە قومێکی تری لێدا کە لەهێما دەچوو بۆیان چونکە بەدوایدا دەنگی زڕەی پیاڵەکانیتر بەرز بووەوە.

ئاغا کەشانی لەسەر پشتیەکی پەڕ دانابوو، رووی لەوەی تەنیشتی کردو بەدەنگێکی گڕو بەرز وتی:

- سێشەوە چاوەڕوانتین.. شتێکمان بۆ بگێڕەرەوە!

وای وتو چاوی لەسەر ئەوەی تەنیشتی راگرت.

ئەو شەوە سێیەم شەوی تۆفو زریان بوو کە بەفر بەشێوەیەك رێگاکانی گرتبوو دڵنیای کردن تا چەند رۆژێکیتر ناکرێتەوە، ناچار بەدەوری زۆپا دارەکەدا دانیشتنو سەرقاڵی پێچانەوەی جگەرەو خواردنەوەی چا بوون، هەیان بوو بەدرێژایی ئەو سێشەوە لە جێگاکەی نەجووڵابوو.

ئەوەی ئاغا رویتێکرد حیکایەتخوانی دیوەخانەکە بوو کە پیرێکی رەقەڵی سەرو ریش سپیبوو، چاوەکانی ئاوی سپییان لەسەر نیشتبوو بێئەوەی هیچ گوێیان پێبدات چونکە ئەو بەهەموو تەمەنی لەدیوەخانەکە دوور نەکەوتبوەوەو جێی نەهێشتبوو ئەمەش ئەو باوەڕەی لەلا دروست کردبوو کەپێکهاتەی دیوەخانەکە بەشێوەیەکی

وایە کەجگە لە قسەکردنو بیستن پێویستی بەچاو نەبێت، ئەگەرچی ئاغا بەدەنگێکی بەرز وتی: (چاوەڕوانتین) بەڵام هەستیان بەجۆرێك لەشەرمو لاوازی کرد لەپشت قسەکانیەوە چونکە دەچوو بۆ شەوی سێهەم لەو تۆفو کڕێوەیەدا کە وەرزی قسەکردنە، دیوەخانەکە ساردو وەڕسکەربوو بەوەی تەنها چیرۆکێك یاخود بەسەرهاتێکی سەیری تێدا نەگێڕدرابوەوە تا مەستیان بکات، بەڵکو بێدەنگ، کز لەتەنیشت ئاغاوە دانیشتبوو.

لەگەڵ ئەوەی بەشێکی ناوبانگی دیوەخانەکە، پاش خواردنە زۆرو هەمەچەشنەکانی و کەلوپەلە تایبەتیەکانی، پەیوەست بوو بەو شتانەی ئەم دەیگێڕایەوە، کەچی سێ شەوە بێ توانایە لەگێڕانەوەو گەرم کردنی دانیشتنەکان.

کەمێك جولا (پاش ئەوەی سێ شەو لەشەرمدا بێجوڵە لەسەر چۆك دانیشتبوو) بێئەوەی سمێڵە زۆرەکەی بواری دەرکەوتنی جوڵەی لێوی بدات وتی:

–هەوڵ دەدەم چیرۆکێك بگێڕمەوە کە بەهەموو تەمەنم شاردومەتەوەو خۆم لەگێڕانەوەی لاداوە، ئەویش دواین چیرۆکە کە حیکایەتخوانەکان پاش سەفەرو گەڕانە بێکۆتاییەکانیان بەخەیاڵدا دەگەڕێنەوە سەری، پاش بێتوانا بوونیان لەبەردەم نهێنیەکانی گێڕانەوەو پیربوونیان لەپەتای خۆ دووبارەکردنەوەدا.

دانیشتنەکەی چاککردو چاوی بەدانیشتوەکانی دەوریدا گێڕا ئەگەرچی نەیدەبینین، لە دەریشەوە دەنگی رەشەبا دەهات کە چلورەی بەلقی درەختو گوێسوانەکانەوە دروست کردبوو کەهەیان بوو تاسەر زەوی درێژ بووبوەوە، ئەوانەی لەدیوەخانەکە دانیشتبوون بەدیقەتەوە لێی ورد دەبوونەوەو سەرقاڵی پێچانەوەی جگەرە بوون. ئەوان خۆیان

دانابوو بۆ پێشەکیەکی دووردرێژ لەبارەی شارەزایی و گەڕانی بەناوچە جیاجیاکاندا، وەسفی زۆری ناوچەی روداوو ئەو کەسانەی باسیان دەکات بەشێوەیەك کە وردترین شت بەسەر دەکاتەوە، بەڕادەیەك، بەرگی مرۆڤ دەدات بەسەریاندا هەرچەندە دەیانزانی ئەو تەنها لەو دیوەخانە دانیشتووەو چاوەڕوانی پیربوونی کردووە بەڵام ئەو زۆرجار گێڕاویەتیەوە کەچۆن براوەتەوە سەر زیندەبەچاڵ کردنی کچ و بەچاوی خۆی موعجیزەی (پیرە)کانی بینیوەو هەنگاو بەهەنگاو لەدوای (مجنون)ەوە بەبیاباندا رۆیشتووە، بەڵام ئەمجارە خۆی لەهەموو ئەو شتانە لاداو بەدەنگێکی هێمنەوە بەردەوام بوو:

-وەك پێم گەیشتووەو دەیگێڕنەوە لەناوچەیەکی شاخاوی دوردا، بەدوری حەوت شەوو حەوت رۆژ، پاش برینی پێدەشتە سازگارو تەلأیی کراوەکانی بە سەوزبوون و برینی چیا نغرۆکانی لەهەوردا دەگەیتە حیکایەتخوانێکی کوێر کەپاش بینینی کتێب و ئامێری جۆراوجۆر توشی بێهودەیی دەبێت لەگێڕانەوە، چەندین شەو بێدەنگ دادەنیشێت بێئەوەی پیتێك گۆبکات تا شەوێکی تۆف چیرۆکێك لەبارەی گاورسورخەوە دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی چیرۆکەکەی سامناك و ساردە بەڵام هەوڵ دەدەم وەك خۆی، هەرچۆن لەزمانیەوە هاتووە بیگێڕمەوە.

بەدەستە شارەزاکانی جگەرەیەکی پێچایەوە، پاش چەند جارێك کوتینەوەی لەسەر نینۆکی نەفەسێکی توندی لێداو بەردەوام بوو:

-لەسەرەتادا وشە بوو، درەخت و چیاو پەیوەندی و شتەکانی بەناسکترین و دڵڕەقترین شێوە هێناو بڵاوی کردنەوە، ئاوەکانی هەڵقوڵاند، چیاو بیابانەکانی راخست، جەنگەکانی هەڵگیرساند، شەریعەتە سەختەکانی داڕشت، مندالانی کردە کوڕو کچ و لەسێبەری

پـیری باوکـدا گـەورەی کـردن، مـیرات و خێـڵ و چـینی دروسـت کـرد، بـەدەریش لەوشـەکان یاسـایەك نـەبوو، تـەنها ووشـەکان خۆیـان بـوون و هەموو شتێکیش رەنگدانەوەی ئەوان بوو، تەنانەت ئازار جەستەی نوقم بووی ناو خوێن و کێبڵ و برینـی بـەناو زمانـدا کێش دەکـردو خۆشـیش لەسـنورەکانی ئـەودا دەبینـرا نـەك لـە لەشـدا، هـەموو شـتێك، تـا نەبینراوەکانیش، لـەم فەرهەنگـە بچوکەدا کـە هـەر هێندەی مێشکە پڕ بخـوردو ئامـاژە سـەیرەکانی گـژوگیاو خەونـە، کـە بـەگاور سـورخ نـاو دەبرێت، بەپۆلاّیی ترین شێوە بەرجەستە دەبوو، گاور سورخ کۆمەڵێك وشـەو رسـتەی سـواو یـاخود چـەند لاپەڕەیـەکی زەردو پـواوەو وشـە لێکـدابڕاوەکانی پیربـوون، زاوزێ ناکـەن و تـەنها توانـای گێڕانـەوەی حیکایـەت و داسـتانیان هەیـە، وشـەکانی ئـەو فەرهەنگـە ئیفلـیج و پەککەوتەیـە کـە رزیـن بەناویـدا رۆدەچێت بـەپێی توانـای سـەرکوت کەرانـەیان بەسـەرماندا ریزبـوون و لەبیرکردنـەوە سسـت و روانینـە سادەکاندا بۆنێکی ناخۆش لەناوەوە دەهێنن پڕ بەترس، ترسی مردن کە چیتر جێگای مرۆڤو دۆزراوە نوێیەکان لەم زمانەدا نابێتەوەو ئەم بچـوکترە لـەوەی خـەون و پێشـبینیەکانی پێبنوسـرێتەوە، لێـرەوە داگیرکاریـەکانی مـەرگ دێـت.. لەڕووبەڕووبوونـەوەی موشـەکی کیشوەربڕو رۆبۆت بەهاو مانـا زۆرەکـانی رەشمـاڵ، لەبەریـەك کـەوتنی فۆتۆن و وەزارەت و رادیۆ بە وشـە مردوە زۆرەکـانی دروێنـەو ئاودێری، ئەو فەرهەنگە کە یادەوەریە هەڵئاوساوەکانی پێ‌ئاخنراوەو بەسەرهات بەرهەم دەهێنێت لەدوو بەش پێك هاتووەو بەپێی ئەبجەدییەکی سـەیر وشەکانی ریزبوون کـە شتەکانی لـەکات و شوێنە نەگۆڕەکاندا بۆ هـەتا هەتایـە دانـاوەو جێگایـەکی بـۆ گـۆڕان یـاخود گومـان نەهێشـتۆتەوە، یەکەمین وشە لەم فەرهەنگەدا (خوایە) کەتەنها وشەیە زۆرترین پانتایی

داگیرکـردووەو هـەموو وشـەکان بەشـدارن لەپێناسـەیداو بەپەیوەنـدیان لەگەڵیـدا دیـاری دەکـرێن هـەر لـەئاکار بـۆ جـوانی و خۆشـی و گـۆڕان بەمانای قوڵیەوە، لەبەرامبەریداو لەبەشەکەی تردا وشە دژەکانی بەشی یەکـەم هەیـە. وشـە هاوماناکـانیش بەپەیوەنـدیان بەدەوروبەریـەوە مانـای‌تر وەردەگـرن وەك: خـودا – یـەزدان، خوێنـدکار – قوتـابی و.. لێـرەوە پەیوەندیـەکی ئـاڵوز مانـا نـەگۆڕەکان بەرهـەم دەهێنێتـەوە کـە بـەردەوام فرمانـەکانی نـاو ژیـان دەکوژێـت و ئاسـەوارێکی خۆڵەمێشـی لەزمانماندا جێ‌دەهێڵێت وەك خۆشیەکانی لەش کە لەقسەدایە نەك لە خۆمانـدا، مـرۆڤیش لـەو جێگایـەی بـۆی دانـراوە، بـەخۆی و زمانیـەوە کەوەك ئەندامێکی رزیـو و بۆگەن کردو بەلەشیەوەیە، بواری پەلکوتین یاخود گومانی نیە، لەو زمانە پیرەدا کە جۆرەها کەڕوی رەنگاو رنگ‌و برینی لەسەر هەڵتۆقیوەو بێ‌هێزترە لەوەی هەستیشی پێ‌بنوسرێتەوە، گاور سورخ گیان دەدا.

یەکێك لای خوارووەوە دانیشـتبوو بـێ‌گوێ پێدان‌و بـەدەم بـەبادانی دوکەڵی سیغارەکەیەوە وتی:

–بەڵام تۆ تا ئێستا وتوتە کە (سەرەتا کردار بوو) ە؟

بێ‌ئـەوەی چـاوی لەسـەر ئـەو جێگایـە هـەڵبڕێت کەلـێی رامـابوو، و ئاوڕ بەرەو لای دەنگەکە بداتەوە، وتی:

–ئەمە ئەو نهێنیە تاڵە بوو ویسـتم بـۆ دواجـار بیڵێم، ئەگەرچـی مـن هەموو تەمەنم سەفەر بوو بەقسـەداو لەوێشـەوە شـارەزابووم بـە زەمـان‌و شـوێنەکان‌و لەقسـەدا پیربـووم، ئیـدی زەمـەنی گێڕانـەوەو دانیشـتنە گەرمەکان بەچاو سیغارو گۆرانی بەسەرچوو، ئێمە خۆمـان دایـە دەسـت حیکایەتـەکان‌و بـەجێماین لەناویانـدا، بێ‌ئـەوەی بـزانین لـەزمانێکی کەنەفتەوە دەڕوانین، دەشێت خواش پێش دروست کردنی گـەردون بـە

شەش رۆژ وشەی دروست کردبێت یاخود راستتر لەرۆژی یەکەمدا تەنها وشەی دروست کردبێت.

لورەی باکەی دەرەوە بەشێوەیەك تێکەڵ بەقسەکانیان دەبوو کە هەست بە پروشەو سەرما دەکرا لەقسەکانیانەوە دێت. یەکێك کە پەنجەکانی سەرقاڵی یاریکردن بوو بەتەزبیح، وتی:

-بەڵام پێش وشە سەربڕینو کوشتارو راو هەبووە، نەخۆشیو رۆیشتنو جووت بوونیش هەبووە..

یەکێکیتر قسەکانی پێبڕیو لەسەرخۆ، وتی:

-لێگەڕێن باچیرۆکەکەی تەواوبکات!

ئەویش بێ گوێپێدان دوکەڵەکەی بەبادەداو بەردەوام بوو:

-دەمویست بەسەرهاتی ئەو شارە بگێڕمەوە کەتێیدا هەزاران ساڵە گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوەو سوارە ئەندێشەییەکانی ئەسپەکانیان تێدا تاو دەدەنو مشتێك نموونەی خەروارێکەو هەموو شتێك رەنگی مردنی گرتووە، ئەویش پاش ئەوەی زمانە هەڵئاوساوو بریناویەکانیان دەبینن کە بۆنی زبڵدانی لێوە دەهاتو سیمایەکی مردوانەی دەدایە گوڵەکان بەڕەنگی ئاڵیانەوە، جۆگاکان بەخوڕەو مانگ بەتریفەیەوە، دەترسان.. بەتایبەت پاش بیننیی وتارو نوسینەکان کە لەدووبارە بوونەوەیەکی بەردەوامی مانادا بوونو دڵنیای کردن لەوەی کە زمانیان پیرترو درێوترە لەوەی ئێستای پێبنوسرێتەوە.

کەمێك بێدەنگ بوو کەوای لەیەکێك کرد بپرسێت:

-بڵێ چیان بەسەرهات؟

- چاوی بەرەو دەنگەکە گواستەوەو لەسەرخۆ وتی:

-پاش ئەوەی چیرۆك گێڕەوەکە برینو کێمی زمانە هەڵئاوساوەکەیانی پیشان دان، هەموو بێزار بوون..

ئەوەی پێشتر بەبێزاریەوە وتی:

-دەڵێی ئەو چیرۆکە باسی ئێمە دەکات؟

زۆربەیان بە ئاغاشەوە سەریان بۆ راوەشاندو بێدەنگ بوون، بێدەنگییەك بێزاری لێدەچۆڕا، ناچار ئاغا خۆی راستکردەوەو بەدەنگێکی بەرز وتی:

-بڵێ چی بەسەر حیکایەتخوانەکە هات؟

-ئەوان نەیان دەتوانی گوێ لەو چیرۆکە سامناکەی بگرن کە لەزمانیانەوە مردنی نیشان دەدان هەر بۆیە بردیانە حەوشەو بێدەنگ کوشتیان، لێی گەڕان (با) لەژێر درەختێکدا یاری بەجامانەو توکی سنگی بکات.

بەوپەڕی ساردیەوە وای وت، چاوەکانیش لەنێوان ئەو و ئاغادا دەهاتن‌و دەچوون تا ئەوکاتەی ئاغا هەستایە سەرپێ کە هەموویان بەدوایدا هەستان‌و چاوەڕوانی بوون، ئەویش چەند جارێك یاری بەتەزبیحەکەی کرد، پاشان بەشێوەیەك کە پیتەکان بەگران لەنێوان دانەکانیەوە دەهاتنە دەرەوە، وتی:

-بڕۆ.. تاشەوی ئێرە بەقسەکانت پیس نەبێت‌و ئاگرەکەمان خامۆش نەبێت!

بێئەوەی هیچ بڵێن تەنها چاوەڕوان بوون تا حیکایەتخوانەکە بەناویاندا رەت بوو، بەدەستەکانی رێگاکەی بەردەمی دەبینی، کە گیشتە ناوەڕاستی دەرگاکەو گوێی لەدەنگی کرێوەکە بوو، ئاوڕی دایەوەو وتی:

-بەڵام ئەوان لەحەوشەکەدا کوشتیان!!

کەس هیچی نەوت، تەنها چاوەڕوان بوون ئەگەرچی ترسیان لە وشەکانیدا بینی بەڵام هەریەکەو لەجێگای خۆی دانیشتەوە، ئەویش

پـاش بـێهیوا بـوونی لـەوەی کـە نـایکوژن  چـووە ئـەودیو دەرگاکـەو بەهێواشــی کەوتــە ڕۆیشــتن هەرچــەندە دەیزانــی تــاریکی شــەو هــەڵی نالوشێت بەڵکو سپێتی بەفر قوتی دەدات و خوێنی دەکاتە شەختە.

*                    *                *

زۆرجار بەخۆم دەڵێم (وەك ئەوەی – خۆم – كەسێكی تر بێت لەدەرەوەمدا) بڵێی نوسین لە توانایدا بێت لە دڕەندەیی یادەوەری رزگارم بكات پاش ئەوەی كەسە نزیكەكان لێم دووركەوتنەوە؟

وا دەڵێم چونكە من وای بۆ دەچم كە یادەوەری سزای مرۆڤ بێت یاخود جۆرێك بێت لە سزادان، تەنانەت وێنەو تۆماركراو و هەڵكەندراو و نوسین و هەموو ئەو شتانەی كە دەتوانین دواتر بگەڕێینەوە سەریان – لەگەڵ ئەوەی وەستانە بەرامبەر بیرچوونەوە – دەشێت ئەو سزایە خۆی بێت. هەرچەندە دەزانم ئەمە رایەكی قورسە بەلآم مرۆڤ بونەوەرێكی سەیرە بەوەی دژەكانی لەخۆیدا هەڵگرتووە وەك یادەوەری/ خەیاڵ.

دەكرێت وا سەیری وێنەی ئاژەڵێكی برینداری سەر دیواری ئەشكەوتێك بكەین كە بۆ كوشتنی هەتا هەتایی گیاندارە واقعیەكە بێت لە زەیندا یاخود تەنها تۆماركردنی ساتی راوكردنی بێت بۆ كات بەسەربردن یاخود بۆ مل كەچ كردنو ... دەشێت بۆ رزگاربوون لە گێڕانەوەی هەموو بۆچوون و مەبەستەكانمان و ئەو لێكدانەوە زۆرەی وێنە لەخۆیدا هەڵی دەگرێت نوسین دۆزرابێتەوە كە پاشتر بە شێوەیەكی سەیر بڵاوبوەوەو لەتوانای گێڕەرەوە بەدەربوو، ئەو

کاروانی بازرگانیانەشی دروست کرد کە چەندین شاریان دەبڕی بۆ بەدەست خستنی دەستنوسێك، ئەو مامۆستایانەش کە لە فێرکردنیدا پیر وکوێر دەبوون، ئەوانەش کە لەسەر مانای نوسراوەکانیان وەك چەتە دەسوتێنران. بەڵام لەگەڵ ئەوەی نوسین کەم توانابوو لەبەردەم ئەو هەژانەی تابلۆیەکی انطباعی لە توانایدایە دەری بخات جارێکی تر مرۆڤی بە رادەیەك فرێدایەوە ناو زۆری لێکدانەوەکانەوە (دەکرێت لێرەوە سەیری ون بوونی سیمای خواوەند لە بتەکانەوە بۆ ناو نوسین بکەین) کە دواتر گەشتنە ئەو باوەڕەی نووسین جگە لە نەفرەتی گۆڕان هیچی تر نیە و دەبێت بسوتێنرێت.

دەشێت دواجار ئەو جیاوازیەم دۆزیبێتەوە کە لەنێوان من و باپیرەم دا هەیە، من کە بوونەوەرێکی نوسینیم و ئەویش کە ژیانی لەسەر وێنە بینراوەکان بیناکراوە (هەرچەندە ئەو شارەزاییەکی کەمی لە چەند پیتێك تا رادەی خوێندنەوەو نوسینیان هەبوو، ئەمەش وەك هەر روداوێکی تری ژیانی لەو چەند مانگ فەقێیەتیەوە لەبەری کردبوو کە لە منداڵیدا بینیبوی) باپیرەم بەردەوام بەدارسیغارەکەیەوە دادەنیشت و پڕ بە گەروی قسەی دەکرد، زۆر جار دەنگی دەهاتە گوێم کە دەیوت:

– نووسین چ زوو ئەم کوڕەی پیر کرد!؟

کاتێك بیویستایە شتێك بڵێت هەوڵی دەدا بە چێژێکی تایبەتیەوە بی گێڕێتەوە و خۆی لەناو قسەکانیدا بڕوێنێت چونکە ئەو لەو باوەڕەدابوو کە کەم کەس دەگاتە ئەو چێژەی قسەکردن هەیەتی و بۆئەوەی پیربوونیش زەفەرمان پێنەبات دەبێت لەناو گەرمی و هەڵچوونەکانی قسەدا بمێنینەوە.

جارێك لەسەرخۆ بانگی کردم و پێی وتم:

– دەمـەوێت پـێش کوێربـوون و داڕزانـت بەسـەر ئەوکاغەزانـەدا شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە لە زووەوە بۆیان گێڕاوینەتەوە.

بـاری دانیشـتنەکەی گـۆڕی‌و بەخۆشـیەوە کەوتـە قسـەکردن، هـەوڵ دەدەم قسـەکانی وەك چـۆن لـەلام ماوەتـەوە ئـاوا بینوسمـەوەو پەنـدو ئامۆژگاریە ئەخلاقیەکانی لـێ دامالْم هەرچۆن پێ‌دەچێت ئەو رووداوە لە رێڕەوی تەمەنیدا زۆر کرداری زیادکردن‌و لابردنی بەسەرداهاتبێت. وتی:

– لـەناو پاشمـاوەی پەرسـتگایەکی خـاپوری میسـردا کـە چـەندین مـەتر لـە لم داپۆشـیبوو کۆمـەڵێك نوسـراو دەدۆزرێتـەوە.. پـاش گەشتن بە تەلیسمی خوێندنەوەیان ئاشکرا دەبێت کە نهێنی کوڕە پادشایەکی سەراسیمە و راماوی هەڵگرتووە بێ‌ئەوەی حوکم رانی و ژیـانی پـڕ رابـواردنی کۆشـك سـەرنجی راکێشـێت. بـاوکی پـاش بێزاربـوونی لـە ئەندێشـەی فراوانـی کوڕەکـەی‌و بێ‌سـوود بـوونی هـەوڵی حەکیمـەکان و قوربانی‌دانـەکان بـۆی، عەسـرێکی درەنـگ دەچـێتە لای پەرسـای پەرسـتگا نوتەکەکـەی شـار کـە لەسـەر تەپۆڵکەیەك بەشێوەی قوچەکێکی درێژ بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە.

پاش گەشتنیان بە ژووری قوربانی‌دان بە پەرسا دەڵێت:

– دەمەوێت دڵنیابم لەوەی کە رێگایەك لەبەردەم شازادەدا ماوە..

ئەمەشـی بەشـێوەیەك وت کـە پڕبـوو لـە پیـاوەتی، پەرسـاش بـە دەمامکە تاریکەکەیـەوە بـەڵێنی پـێ‌داو دڵنیـای کـرد، پادشـاش پرسـی بـووی کـە چـی بـۆ دەکرێـت؟ ئـەویش بـەخوێن سـاردیەوە و لـەژێر دەمامکەکەیەوە وتبووی:

- وای بۆدەچـم کـە دەبێـت ئـەو لـە زەمـەن و شـوێن رزگارکرێت تا بەدوای پرسیارو رامانەکانیدا نەڕوات.

دوای کۆمەڵێك قسەوباسی گشتی لێك جیادەبنەوە، بەدەم ڕێگای گەڕانەوەیەوە پادشا بیر لە دروست کردنی خانویەك دەکاتەوە (دەتوانین لە سادەترین شوبهاندندا وا بڵێین) کە دواتر بە (هەرەم) ناودەبرێت تا چەندین ژوورو مەمەڕی شاراوەی تێدا بێت و بە هەڵوەشاندنەوەو روخاندنیشی نەدۆزرێتەوە یاخود نەبینرێت، ئەو ژورانە کە تا ئێستا نەزانراون دەکەونە دەرەوەی شوێن و کاتەوە. لەو رۆژە بەدواوە پادشا بەخۆیو حەکیم و غەیب زاناکانیەوە سەرقاڵی دروست کردنی هەرەمەکە بوون و کوڕەکەشی لەناو بۆنی سوتێنراو و شەوی درێژی پەرستاگادا رۆژی دەکردەوە، دەچووە ناو سرووت و ویردە درێژەکانی پەرستن و قوربانی بەخشینەکانەوە. رۆژێك چووە لای پەرساو پێی وت:

- دەزانیت من وەڕسم لەو شتانەی ئەندێشەم کوێت دەکەن هەربۆیە بیر لە سەفەر و بەجێهێشتنی پەرستگا دەکەمەوە!؟

پەرساش بەپێکەنینەوە باسی ئەوەی بۆدەکات کە هەموو شتێك لە پەرستگاکەدایەو شتێك نیە لەدەرەوەی بیرکردنەوەی پەرستگاکەدا بێت پاشان پاسەوانەکانی بەردەرگات بیرنەچێت. ئەو ئاخاوتنانەی رۆژانە لەنێوانیاندا روی دەدا پەرسای نیگەران دەکردو لەناو خۆ خلافاندندا هەوڵی دوورکەوتنەوەی دەدا تەنانەت ئەو رۆژەی لە بەخشینی قوربانیدا لێی پرسی:

- تۆ کەی واز لە گەمەی خۆ حەشاردان دەهێنیت لەژێر ئەو دەمامکەدا؟ من وای دەبینم ئەو دەمامکە گۆڕستانێکی چۆڵ لە پشتیەوەیەو مردوەکانی لەو دەمامکەوە لێمان دەڕوانن. دەشێت تۆ مردبیت و پەرسایەکی کۆن لەژێر ئەو دەمامکەدا بێت!

پەرسا ئەگەرچی تووڕە بوو بەڵام هیچی نەوت و لەژێر دەمامکە قورسەکەیدا کە دوو شاخی تیژو دەمێکی داقڵیشاوی هەبوو هەوڵی دوور کەوتنەوەی لە کوڕەکە دەدا. لەگەڵ ئەوەی وای نیشان دەدا کە بێئاگایە لێی بەڵام بە وردی چاودێری دەکردو لەو گەمە سەیرە را دەما کەکوڕەکە بەدزیەوە دەیکرد. گەمەکەش بەم شێوەیە بوو:

شازادە لەکاتی پشوویدا یاخود شەوانان لە پەنایەکی پەرستگاکەدا خۆی بە دروست کردنی بتی بچوکەوە خەریك دەکرد کە لە قەبارەی بووکێکی بچوکدا دەبوون و هەموویان لەشێوەی خۆیدا بوون ئەگەرچی ئەو زەمانە ئاوێنە نەدۆزرابوەوە بەڵام ئەو حەوزی ناو پەرستگاکەی بەکاردەهێنا بۆ سەیرکردنی خۆی. رۆژانە لە ناویاندا دادەنیشت یارییەکی سەیری پێدەکردن کە بنچینەو یاساکانی لە پەرسا شاراوەبوو، هەر یەکێك لەو بووکانە کە لەخۆی دەچوون سەفەری بە ئایندەدا پی دەکردن و نمایشی ژیانی خۆی پێ دەکردن.

پاش نیوەڕۆیەك پەرسا خۆی پێنەگیراو بەتوڕەییەوە چووە لای و بەدەنگی بەرز پێی وت:

– ئەم یاریە کەی تەواو دەبێت؟

تووڕەبوونی پەرسا دوای بینینی کوڕەکە بوو کە لە بەردو خۆڵ پەرستگایەکی دروست کردبوو، لە ژورێکیدا یەکێك لە بتەکانی خۆی کردبووە خواوەندو یەکێکی تریشیان بە پەرسا، لەنێوان هەردوکیشیاندا دانەیەکی تری لەشێوەی قوربانی دانابوو.

کوڕەکە بەهێمنییەوە سەری هەڵبڕیبوو:

– ئەی پەرسای مەزن تۆ قەت توانیوتە وەك خۆت لە خۆرئاوابوون رابمێنیت؟

پەرسا بە پەشۆکاویەوە وتی:

– من ئیبلیس وەك كڵپە لە چاوتدا دەبینم پاش ئەوەی بینیمیت لەكاتێكدا خواوەندو پەرساو هەم قوربانیش بوویت..

وای وت و بە قاچیش هەوڵی شكاندنی بتەكانی دەدا.

بە باپیرەمم وت: ئەو دەیویست چی بە بتەكان بكات. لەسەرخۆ وتی:

– ئەو شەڕی بە داهاتوو دەفرۆشت، یەكێك لە بتەكانی لەشێوەی سوپاسالارێكی دڵڕەق دا بوو، یەكێكی تریشیان كاروانچیەك و دانەیەكی تریشیان بیناسازێكی (هەرەم) كە پیربوون ناناسێت، جەللادو.. لەڕێی ئەوانەشەوە دەیویست تا بێكۆتا بڵاوبێتەوەو مردن زیاتر لەخۆی دوورخاتەوە، پاشان هەوڵی دەدا بەدەستی خۆی چارەنوسی خۆی دانێت.

لە یەكێك لە نوسراوەكاندا هاتووە دەڵێت: پاش ساڵانێكی زۆر پەرسا هەستی بە گۆڕان دەكرد لە كوڕەكەدا رویداوە و زۆركات لە چاو ون دەبێت ناچار لەبێخەویە قوڵەكانی و نائارامیە كوشندەكەیدا چاودێری دەكرد، تا رۆژێك بینی لەسەر وەرەقی (بەردی) خەریكی كارێكی سەیر بوو. پێی وت:

– خەریكی چیت؟

كوڕەكە بە هێمنیەوە وتی:

– نوسین!

پەرسا بەسەرسامیەوە لێی پرسی: نوسین چییە؟

كوڕەكە بە هێمنی پێشوویەوە وتی:

– نهێنی نهێنیەكان و ئەو تۆفانەی بەسەر زەمەندا هەڵدەكات..

پاش ئەوەی چەند دێڕێك بۆ پەرسا دەخوێنێتەوە كە باس لە خواكەی دەكات، پەرسا بە نیگەرانیەوە بەرەو لای پادشا دەچێت كە

سەرقاڵی دانانی دوایین بەردەکانی هەرەمەکەیە، دوای کڕنوش بردن دەڵێت:

– من وتم گوێم لە دەنگی پێی ئیبلیسە بەراڕەوەکاندا دەگەڕێت، گوڵەکانی حەوشە دەژاکێنێت و تا درەنگانێك لە خوا رادەمێنێت کە ئەو بۆپەرستنە نەك رامان..

هەوڵیدا بەسەر هەناسە بڕکێکەیدا زاڵ بێت تا بەدەنگێکی گڕ پێی بڵێت:

– من دەمزانی ئیبلیس لە رۆحی شازادەدا هەڵدەچێت و گەمە ژەهراویەکانی لەرێگای ئەوەوە دەکات..

بواری پادشای نەداو بەردەوام بوو:

– دواجار توانی خواکەم زیندانی بکات وسیمای بکوژێت.. پادشام تەنها بە سووتاندنی شازادە تا خۆڵەمێش دەتوانین لە ئافات و گوناهەکانی دەربازبین.

پەرسا بێئەوەی بواری پادشای سەرسام بدات بەرەو پەرستگاکە دەگەڕێتەوە، لەوێدا دەمامکەکەی لەبەردەم یەکێك لە بتەکان دادەنێت و لە غەفڵەتدا بە خەنجەرێکی ژەهراوی شازادە دەکوژێت، پاشان بە لەپی دەستی خوێنەکەی لە بتەکان هەڵدەسوێت، پاش ئەوەی دەم و چاویان سووردەکات بەرەو هەرەمەکە هەڵدێت.

نوسراوەکە دەڵێت: ئەو لەناو ژورە نهێنیو نەبینراوەکانی هەرەمەکەدا تا ئەبەد خۆی حەشاردەدات، پاشاش بێتواناترە لەوەی پەی پێ ببات چونکە ئەو شارەزایانە گەمەی نێوان شوێنو کات دەکات، بەشێوەیەك کە هەرگیز نەتوانرێت لە شوێنێکدا بگیرێت. چونکە ئەو ساتەکان تێکەڵ دەکات و شوێنەکان لەبێکۆتایدا ون دەکات.

بەسەرسامیەوە لە توانای پەرسا رامابووم، لە وەڵامی ئەوەی کە بە باپیرەمم وت: دەبێت کێ هەموو ئەوانەی نوسیبێت؟ خۆناکرێت شازادەی کوژراو بێت؟

بە بزەیەکەوە کە هەوڵی نەدا هیچ رون کردنەوەیەك بدات وتی:

– پەرسا..

* * *

---

* پەرسا: کاهن

عەسرێکی درەنگ نزیك کۆتایی مانگی ئەیلول ، لەو عەسرە کەمانەی تێیدا دەنووم، بەدەم خەونێکی کورتی بێزارکەرەوە بە ئاگاهاتم، لەخەومدا من و دوو هاوڕێی ترم کە نەمدەزانی کێن یاخود سیمایانم بە باشی نەدەهاتەوە یاد، پێکەوە زیندانی کراین. پێم وایە ئەوەی بێزاری کردم دیمەنی ژووری زیندانەکەبوو کە هۆڵی ژمارە شەشی لێ نوسرا بوو. دەزانم دیمەن و روداوەکان خێرا تێپەڕین و پاش بە ئاگا هاتنەوەم وردەکاریەکانیم بیرچووەوە کە ئەمەش دڵخۆشیەکی تێدابوو لەوەی بتوانین ناخۆشیەکان ئەگەر لەخەونیشەوە بێت لە بیرمان بچنەوە، بەهەرحاڵ پاش بە ئاگا هاتنەوەم بڕیارم دا خۆم بە نوسینەوە سەرقاڵ بکەم هەر بۆیە گەڕامەوە سەر دەست نوسەکانم و بۆ یەکێك لەو نوسینە تەواو نەکراوانەم یاخود کراوانەم گەڕام کە چەند رۆژێك دەبوو نوسیبووم و لەو باوەڕەشدا نەبووم بۆم تەواو بکرێت چونکە نوسینێکی کراوەی وا کە دەتوانرێ بەدرێژایی تەمەن کاری تیا بکەم ئاستەمە، (دواتر مەحاڵیی نوسینێکی ئاوام بۆدەرکەوت) گەڕانیشم بەدوای ئەو دەست نوسەدا بۆ زیاد کردنی چەند تێبینیەکی تر یاخود هەرنەبێت خوێندنەوەی بوو بۆ جارێکی تر، بەڵام دواجار نەمدۆزیەوە..

یەکێك لە خووە سەیرەکانی نوسینم ئەوەبوو کە پاش نوسینی تێبینیەك یاخود رەشنوسی یەکەمی کارەکەم وازم لێ دەهێنا تا لە ئایندەدا دەگەڕامەوە سەری و تەواوم دەکرد ئەگەرچی من هەردەم هەست بە نزیکی مردن دەکەم لێمەوە بەڵام پێ دەچێ ئەوە جۆرە فێڵێك

بێت دۆزیبێتمەوە تا خۆم دڵنیا بکەم لەوەی کە من زۆرترین ماوە دەژیم.

رەشنوسەکە زیاتر کۆمەڵێك تێبینی بوولەسەر (مێژووی ئاگرو مێژووی بینین) کە دەکرێت لە هەمان کاتدا وەك بیبلۆگرافیایەك سەیر بکرێت. هەولْم دابوو لەپاڵ بۆچوونی خۆمدا بگەڕێمەوە سەر ئەو نوسینە کۆنانەی کە ئەم وشانەی تێدا هاتووە تا ژیانی ئەو چەمکانە بنوسمەوە. بۆنمونە: ئاگر پاش دۆزینەوەی دەبێت بە هێمای پەرستن، پاشان لەگەڵ ئاو و خۆڵ و هەوادا دەبێتە یەکێك لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی بوون، پاش ئەویش و لەسەردەمێکی تردا دەبێتە هێمای سزادان وەك لە ئایەتە قورئانیەکاندا هاتووە تا لەکۆتایدا تێکەڵ بە ژیانی رۆژانە دەبێتەوە ( ئەگەرچی تا ئێستاش ئاوکردن بە ئاگردا جۆرە سامێکی زەردەشتیانەی هەیە ) بەبەرچاوگرتنی ئەو کێشەیەی تەقینەوە ئەتۆمییەکان دەینێتەوە لەوەی کە گێڕانەوەی خەسڵەتی سزادانە بۆ ئاگر لە سەردەمی پەراوێزکردنیدا. لەم گەڕانە درێژەشدا زیاتر نوسینە دینی و کتێبە ئاسمانیەکان دەگەڕام.

بەلاّم بۆ بینین ئەو مێژووە سەیرەی گەشەکردنیم گرتبوو کە بینیویەتی هەر لەوەی کە هۆکاری ناسینەوەی جیهانی دەرەوە بووە تا دەگاتە ئەوەی کە چێژی تابلۆیەکی ئەبستراکت بکات (لێرەدا هەولْم دابوو کەمترین بەریەك کەوتن لەگەڵ بۆچونەکانی – هربرت رید – روونەدات) گەڕانی ئەمرۆشم بەدوای ئەو دەست نوسە بۆ زیاد کردنی دوو چەمکی تر بوو ئەویش (مێژووی یادەوەری و شوێن) بوو کە دەمویست جیاواز لەو دووانەی پێشوو کاریان تێدا بکەم ئەویش بە دامالْینی خەسڵەتی بیبلۆگرافیا لێیان. لەبەرئەوەی ئێمە بەردەوام هەست بە لاوازی و پووکانەوەی یادەوەریمان دەکەین ئەو بڕوایەی لا

دروست کردم کە ئەویش وەك هەر شتێکی تر خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بەخۆیەتی (لێرەدا بۆئەوەی خۆم لە گرفتێکی گەورە لابدەم ئەویش خوایە نەمدەویست بە هیچ شێوەیەك بیخەمە ناو نوسینەکەوە چونکە خوداوەند وەك چەمکێك پیربوون و فەوتانی بینیوە وەك سەفەرکردنی لە ئاگر و ئەستێرەوە بۆ بت پاشان خوایەك لە نوسیندا هەیە کە دەتوانین بچینەوە سەر ئەو مێژووە درێژەی بەلاّم ئەو خوایەی هەر یەکێکمان دەیپەرستین بێ مێژووە)

دەشێت مێژووی یادەوەری لە زۆر شتی ترەوە نزیك بێت جگە لە مێژوو چونکە لەو کاتەدا یادەوەری دەگەڕێتەوە سەر ئەو بۆچوون و باری سەرنج و بەڵگەنامانەی کە لەسەر خۆی هەیەتی ئەمەش دەشێت زیاتر لە شیعرەوە - بەوەی ئەندێشە تێیدا زاڵە - یاخود لە یاداشتنامەوە نزیك بێت. بەلاّم لەبەر ئەوەی جاری مێژووی شوێن هیچ تێبینیەکم لەسەری ئامادە نەکردوە ناتوانم رونکردنەوەی پێویستی لەسەر بدەم، بەهەرحاڵ پاش بێ هیوا بوونم لەدۆزینەوەی رەش نوسەکە خۆم گۆڕی و چوومە دەرەوە.

لە یەکێك لە شەقامەکاندا هاوڕێیەکم بینی کە هەوڵی دەدا دڵنەوایم بکات پاش ئەوەی وەڕسی لە سیمامدا خوێندەوە. پێم وت:

- پێش چەند رۆژێك دەسنوسێکم لە ماڵەوە بەجێ هێشت بەلاّم ئەمڕۆ چەند گەڕام نەمدۆزیەوە.. ئەمەش زیاد لە پێویست بێزاری کردووم.

ئەو بەسەرسامیەوە وتی:

- بەلاّم تۆ پێش چەند رۆژێك لە زینداندا بویت..

وای وت و هەوڵی دەدا دڵنەوایی لە قسەکانیدا بێت

- شتی وا مەحاڵە...

وام وت و بەردەوام بووم:

– دەزانم چیرۆکێکم لەبارەی شەوێکەوە نوسی کە لە زینداندا و لەناو کۆمەڵێك پیاوکوژدا دەیبەمە سەر بەڵام خۆم زیندانی...

قسەکانی پێبڕیم و وتی:

– بەڵام ئەو دوو هاوڕێیەت کە لەگەڵتابوون وا دەڵێن..

ئەگەرچی نەم زانی مەبەستی ئەو دووکەسە کێیە، لەسەرخۆ وتم:

– بەڕاست ئەم عەسرە خەونێکی وام بینی بەڵام نەمزانی کێم لەگەڵدابوو.. پاشان کەس نەیبیستووە...

– بەڵام ئەوان نەیان وت خەونە..

– دڵنیام ئەم چەند رۆژە سەرقاڵی نوسین بووم.. دەشێت گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەم بۆیان لێیان بووبێتە بەسەرهاتی خۆم، چونکە زۆر بەسادەیی باسم لە شەوی چیرۆکنوسێك کردبوو کە بێئەوەی بزانێت فڕێی دەدەنە ناو کۆمەڵێك پیاوکوژەوە (بەلامەوە ئەم وشەیە جوانترە لە تاوانبار) کە سەرقاڵی یاریکردنێکی سەیرن بەدۆمینە ئەویش بەکارهێنانیەتی بۆ دروست کردن و گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات...

جارێکی تر قسەکانی پێ بڕیم و وتی:

– بەڵام زۆری تریش وا دەڵێن تەنانەت سەروەریش وتی کە تۆ یەکێکت لە زیندانیەکان ناسیوە.

بەردەوام قسەکردن لەو بابەتەدا کە تەنها خەیاڵ دەرەقەتی دەهات بێزاری دەکردم هەر بۆیە بڕیارم دا بەجێی بهێڵم و بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، ئەوەی لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم رووی‌دا شتێك نەبوو بتوانم لەبیرخۆمی بەرمەوە، خێزانەکەم بانگ کردو قسەی هاوڕێکەمم بۆ گێڕایەوە ... ئەو بەهێمنیەوە گوێی لێگرتم کاتێکیش تەواو بووم بەساردیەوە وتی:

– تۆ تەنها شەوێك لە زينداندا بووی كە ئازاديش كرايت يەك هەفتە بە شەو و رۆژيەوە نوستيت ياخود بێئاگابوويت و ورێنەت دەكرد... من نەمدەويست بۆت باس بكەم ئەگەر خۆت قسەت نەكردايە چونكە دەمزانی وەڕست دەكات.

وەك ئەوەی زيندانی بوونم راستيەك بێت و خۆ لێلادانی مەحاڵ بێت وتم:

– چيم دەوت؟

– باسی زۆر شتت دەكرد لەوانە جارێك وتت ئەو دەستنوسەم بشارەوە

بەبێ ئارامی پرسيم:

– دەستنوسی چی؟

بەهێمنيەوە وتی:

– ئەوەندە تێگەشتم وتت لەنوسينی كتێبێك بويتەتەوە كە لەبارەی مێژووی ئاگرو شتێكی ترەوەبوو كە باش تێنەگەشتم..

لێرەوە هيچ رێگايەكم لەبەردەمدا نەما جگە لە باوەڕ كردنم بە رووداني هەموو ئەو شتانەی بۆيان گێڕامەوە دەستنوسەكەش ورێنەيەك بووە لەوماوە درێژەی بێئاگايمدا بەلاَم بە شێوەيەك كە هەر بەو خەونانە دەچوو كە گومان دەكەين لەوەی خەون بوون ياخود راستی، پاشان ئەوخەونی عەسرە زيندانی بوونەكە خۆی بووە لەواقعدا بەلاَم يادەوەريم زۆر جار روداوە ناخۆش و كارەساتاويەكان بە شێوەيەكی زۆر جياواز وەردەگرێت كە دەگاتە ئەوەی وەك ديمەنێكی گاڵتەجاڕی بێت تەنها لەبەرئەوەی ئازارم دەدات، بەهەرحاڵ هەستم كرد ئيدی هەموو شتێك ئاساييە و دڵنيابووم كە من زيندانی بووم و بێئازارو ئەشكەنجە رزگارم بووە تا دوای چەند مانگێك كە رۆژێك بە

ڕێکەوت ئەو برادەرەم لەبەردەرکی سەرا بینی کە سەروەر وتی ئەویش لە هۆڵی ژمارە (6) لەگەڵماندا بووە بە بینینی هەستم بە جۆرێك لە شەرم دەکرد بەوەی دوودڵیەکی سەیر لەلام دروست بوو کە لەماوەی ئەو چەند مانگەدا باوەڕم نەدەکرد تووشم ببێت، ناچار بەشەرمەوە (زیاتر هەوڵم دەدا بیجوڵێنم تا خۆی باسی ئەو شەوەم بۆ کات) پێم وت:

– بەڕاست شەوانی زیندانتان چۆن تەواو دەکرد؟

بەپێکەنیەوە وتی:

– بە یاری!!

کەمێك وەستا پاشان درێژەی بە قسەکانی دا:

– تۆ نەتبینیوە.. دوای ماوەی ئەشکەنجە و تەنیایی کێشەی شەو دێت کە هەرگیز تەواو نابێت، ناچار خۆمان بەجۆرە یاریەکەوە سەرقاڵ دەکرد ئەویش گێڕانەوەی حیکایەت و بەسەرهات بوو بە پولی دۆمینە یاخود دەنکە شقارتە ... بەڕاست جارێکیان لە سەرەی مندا بەسەرهاتێکم دروست کرد ئەویش لەسەر تۆ و هاوڕێیەکت بوو کە شەوێك لەلامان زیندانی دەکرێن بەڵام دەزانی سەرنجی کەسیانی ڕانەکێشاو ئەو شەوە من یارییەکەم دۆڕاند.

هەستم کرد جارێکی تر خۆم خستەوە ناو کێشەیەکەوە کە وایبۆدەچم یەکلابوونەوەی نابێت ئەوەتا ... پێم دەڵێت: تۆ نازانیت بەواتا منیان لەگەڵ نەبووم ئەگینا ڕستەیەکی بەوشێوەیەی نەدەوت، بەهەرحاڵ لێم پرسی:

– مەبەست لەو یاریانە تەنها کات بوو؟

بەهێمنیەوە وتی:

– نـەخێر .. نـەمان دەتـوانی هـیچ بکـەین جگـە لـەوەی بـە خـەیاڵ شــتمان دەخوڵقانــد بــۆ نمونــە ئەوشــەوەی باســی تــۆم دەکــرد دەمهێنایتــە ژورەکەمانــەوە و پــاش ئــەوەی یــەکێك دەبــوو بــەتۆ هەریەکەو ئارەزوویەك یاخود پرسیارێکی هەبوایە لەرێگای تۆوە دەگــەڕا بەدوایــدا تەنانــەت هــەبوو لەگەڵتانــدا دەگریــا تــا بۆتــان بسەلمێنێت کە بێتاوانە یاخود هەوڵی رزگاربوون یاخود نامەی بۆ دەزگیرانەکــەی پیــا دەناردیــت یــاخود پرســیاری شــوێن و شــارو پیاســەی دەرەوەی لــێ دەکردیــت. ئێمــە شــەوان لــەو جیهانــەدا دەبووین کە خۆمان دەمان خوڵقاند...

دوای ئـەو بینینـە دەبـوو جـارێکی تـر بـاوەڕبهێنم بـەوەی کـە نەزیندان و دەستنوس بونیـان هـەبووە نـە هـاوڕێ و خـەون تەنانـەت ئـەو قەناعەتەی لادروستکردم کە ئەمە گەمەی یادەوەریەکانە و لـە ساتێکی بێئاگایدا دەیکەن یاخود ژیانم ئەو حیکایەتە بێت کە زیندانیەك یاخود لێپرسراوێك بە خەیاڵ دەیخوڵقێنێت..

*  *  *

یەکێك لەو شتانەی تا ڕادەیەکی زۆر بێزارم دەکات، زیاتر لەوەی شەوانی تاقیکردنەوە هەستم پیٚدەکرد، نوسینی سەرەتایە من هەموو جارێك خۆم وادەبینم گەیاندنی هەواڵی مردنی کەسێکم لە ئەستۆدایە، ئەوکاتانەی بە نیگەرانیەوە بەدوای وشەیەکدا دەگەڕێم تا ئەو هەواڵە بدەم بە بەرامبەرەکەم لەلام زۆر لە نوسینی سەرەتا دەچێت بەڵام لەبەرئەوەی من دەقێکی یاسایی نانوسم کە گۆڕینی پیتێك یاخود پاش و پێش خستنی وشەیەك دەبێتە هۆی راپێچکردنی چەندین کەس بۆ ژووره ساردو شێدارەکانی زیندان یاخود مردن، هەروەها من هەڵناستم بە نوسینی عەرز وحاڵێك کە دەبێت کلێشە تایبەتیەکانیم لە بەر بێت تا (بۆ نمونە) لیژنەی پاراستنی دەستنوسەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری یاخود هەر بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی تر کە لەسەر رۆتین دەڕوات تاقەتی خوێندنەوەیی هەبێت. لەبەر ئەو هۆیانە و چەندانی تر کە بڕیارم نەداوە باسیان بکەم سەرەتایەك لەناو ژمارییەکی بێکۆتا لە سەرەتاکانی نوسینی چیرۆکێك هەڵدەبژێرم و ئەو روداوە دەنوسمەوە کەپاش چەندین ساڵ لە شەوێکی چاوەڕوان نەکراوی زستاندا کەوتەوە بیرم.

تارماییەکانی جەنگی عێراق – ئێران بەدەرکەوتبوو، ئەو لێك دانەوە زۆرانەش بۆی دەکرا لەوپەڕی گەرمی و فراوانیدا بوو ئەگەرچی وادەرنەچوو کە زۆرێك چاوەڕوانیان دەکرد ئەویش گەشتنی سوپای لایەکیان بێت (زیاتر لە ئێران چاوەڕوان دەکرا) بۆ پایتەختی ئەوی

تریـان و کۆتـایی بەیـەکێك لـە دڕنـدەترین ڕژێمـی ڕۆژهـەلاَت بهێنێـت کـە بەشێرپەنجەیی ناو دەبرا.

هەموو ئـەو لێکدانـەوەو بۆچوونانە خاڵێکیـان لـەبیرکردبوو، ئـەویش دروست بوونی ئەو جۆرە لـە شاعیران بـوو کـە لـە ڕۆژگاری وادا لەسـەر لاشەو کـەلاوەکان شیعر بـە سۆزێکی درۆزنانـەوە دەنوسـن. لـەو زەمەنـە ئەفلاتونیـەدا (بـەو پێیـەی شـاعیرەکان دەکەوتنـە پـەراوێزی ژیانـەوە ئەگەرچی لەبۆنەکانیشدا ئامادەبوون) یەکێك لە هاوڕێکانم پاش ئـەوەی لەسـەردانی مـاڵی مـامی گەڕایـەوە کـە یـەکێك بـوو لـە ڕوانگەییـەکان کتێبێکی قەبارە گەورەی بەرگ رەقی لەگەل خۆیدا هێنا، گـەورەیی ئـەو کتێبـە لـە بەراوردکردنی بـە کتێبـەکانی قوتابخانـە کـە ئێمـە مامەڵـەمان لەگەڵ دەکرد بەدەردەکەوت سەرەتا هیچ بایەخمان پێ‌ی نەدا ئەگەرچی زانیمـان فەرهـەنگێکی چـاپی کۆنـە تـا کاتێـك هاوڕێکـەمان وتـی ئەمـە بـەدەریا نـاو دەبرێـت ئیـدی خـەیاڵ و خـەونی سـەیر سـەیری لامـان دروسـت کـرد تـا گەیشـتینە ئـەو بڕوایـەی کـە لەمـەوە دەتـوانین ببینـە سندباد بـەخۆمان و گەشـتە خەیاڵیەکانمانـەوە و دەتـوانین تـا چیرۆکی خەلیقەت بڕۆین.

وا بڕیارماندا (پێم وایە ئەوکاتە ڕێك کەوتبین نەوەك بڕیارمان دابێت چـونکە ئێمـە هێشـتا لـە تەمـەنی بڕیـاردان دا نـەبووین) کـە ڕۆژانـە بۆماوەیـەك بـەکاری بهێـنین پـاش ئـەوەی ڕژێمێکـی ترمـان بـۆ بەکارهێنانی دۆزییەوە جیا لـەوەی خۆی کەپێشتر ئیشمان پێ‌دەکرد" ئـەویش دۆزینـەوەی چـەندین مانـای وشـەیەك بـوو. ڕژێمـە نوێەکـەش بریتـی بـوو لـەوەی کـە وشـەیەکی نـاو فەرهەنگەکـە، پـاش دۆزینـەوەی، چـی لەزەینمانـدا دروسـت دەکـات یـاخود دەوروژێنێـت (هەنـدێکمان سوربوون لەسەر ئەوەی خـەیاڵ لـەجێگای زەین بەکاربهێنین) بۆنمونە:

درەختمان بەو پیاوانە دەبینی کە هەردەم وەستاون تا بتوانن زۆرترین رامان بکەن. سەرابیش چێژێکی دەگەیاند کە لەو بڕوایەدا بووین هەرگیز نایگەینێ ئەویش چێژی مردن بوو نەوەك دەرکەوتنی ئەو ئاوە وەهمیە بێت کە لەسەر زەویە لمەکە دەبینرێ، بەڵام جوانی لای هەندێکمان مانگە شەو و لای هەندێکی تریشمان تەنها ئافرەتی دەگەیاند ئەگەرچی تیاشماندا بوو جوانی لەلای ئەو بڵقانە بوو کە لە تایتاوەوە بە قامیشێك یاخود سۆندەیەك دەرمان دەکرد و تا تەقینی لەهەوادا لێی وردەبووینەوە، ئەو بڵقانەش بۆخۆیان بچوکراوەی گەردون بوون.

دوای ماوەیەك هەستمان کرد ئەمەش بۆ خۆی گەمەیەکی وەڕس کەرە چونکە هێندەی بێکۆتایی کردنەوەو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی فەرهەنگەکە وشەکانیش ئەوەندە ماناو هەستی جیاوازی دەخولقاند، ناچار تا لە مەترسی دروست کردنی ژمارەیەکی بێکۆتا لە فەرهەنگی تر لەسەر فەرهەنگە بەرگ رەقەکە و رێگا لە بوون بە شاعیریمان بگرین بیرمان لە رژێمێکی تر کردەوە بۆ بەکارهێنانی کە پێویستی بەوە بوو بەدوای سەرچاوەو کتێبدا بگەڕێین تا ئەو زانیاریانەی لێ دەربهێنین کە پێویستمان بوو بۆ گەمەکەمان کە ئەم جارە ناومان نابوو (خۆناسین)، ئەمەش وای کرد کتێبخانەیەکی بچوك بۆ دەستەکەمان دروست بێت کە هەر بەشێکی دەکەوتە ماڵی یەکێکمانەوە. لەم شێوازە نوێیەدا دەتوانرا لەو بێهودەییە رزگارمان بێت کە ناجێگیریو بێکۆتایی گەمەکەی پێشوو دروستی دەکرد، پاشان بەرە و جۆرێك لە جێگیری بڕۆین بێ ئەوەی بزانین کە نەخشەی دەستە ناماقوڵەکەمان دەکێشین، بێئەوەی سەرەتا بزانین کە لەو دانیشتنانەمانەوە ترسناکترین رێکخراو دروست

دەکـەین کـە چارەنوسـی هەریـەکێکمان تەنانـەت کەسـانێکی دەرەوەی دەستەکەشمان دیاری دەکات.

پاش دانانی یاسای گەمە نوێیەکەو دەست کردن بە کۆبوونەوەو ڕێك خستنی دانیشتن، هەستمان دەکرد بە حەماسێکی زۆرەوە تێکەڵ بەیاریەکە بووین کە بەم شێوەیە بوو:

لەسەرەتادا هەوڵمان دەدا وشەیەك بێتە ڕێمان ئەویش بە کردنەوەی بێمەبەستانەی فەرهەنگەکە بوو، دواتر کەمێك لەسەرئەو وشەیە قسەمان دەکرد.. ئیتر لێی دەگەڕاین تا دانیشتنی داهاتوو هەریەکە و زانیاری سەبارەت بەو وشەیە کۆبکاتەوە وەك: گەردەلول یاخود چاو یاخود هەرشتێکی تر.. ئەم گەڕانە ئێمەی فڕێدایە ناو جیهانی کتێبخانەکانەوە و توانیمان ئاشنا بین بە چەندین ناوی نوسەر و بابەتی جۆراوجۆر.

هەموو ئەو شتانەی دەمەوێت باسی لێوە بکەم لە دانیشتنێکی ئەو گەمەیەدا دروست بوو ئەویش پاش ئەوەی کەوتین بەسەر وشەی (دەستە) دا کە زۆرێکمان لە سالآنی دوا تردا سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئەو وشەیەی ئێمەی گەیاندە ئەو بارە ترساناکە (نەتەوە) بووە نەوەك (دەستە) بەهەرحاڵ ئێمە واماں دانا کە ئەم وشەیە خاڵی خۆناسینەو هەرچیەکی کردومانە هەوڵ دان بووە بۆ شارەزابوون لە گەمەکە.

دوای مشتومڕێکی زۆر بە باشمان زانی بەدوای زانیاریدا بگەڕێین و تا دانیشتنی داهاتوو هەر یەکەو بیروڕاو ئەو زانیاریانەی هەیە کۆی بکاتەوە، ئەوەبوو لەدانیشتنی داهاتوودا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئێمە (نەتەوەین) بەو پێیەی لە کتێبەکاندا هاتبوو" زمانمان هاوبەش بوو، مێژوویەك لەگەڕەکەکەماندا (گەڕەکیش بۆخۆی بنچینەیەکی تر بوو لەجێگای خاك) کۆی دەکردینەوە، یەکێکمان کە بۆ دانیشتنەکە

توانیبوی زۆر لەو دێڕە شیعرانە کۆبکاتەوە کە وشەی نەتەوە یاخود بەزمانێکی رەمزی باسی نەتەوە دەکات، وتی:

ئێمە گۆرانی و شەڕەجنێو و ئیدیۆمی تایبەتمان هەیە، لەوە بەدواوە ئێمە بوینە دەستەیەك یاخود نەتەوەیەك و بەوپەڕی ئارامیشەوە هەڵسوکەتمان دەکرد.

رۆژێك یەکێکمان کە لە هەموومان زیاتر دەیخوێندەوە و چاوەڕوان دەکرا ببێتە سەرۆکی دەستەکە ( بەلاّم وا دەرنەچوو ) وشەی چەوسانەوەی دۆزییەوە کە بەدەنگێکی غەمبارەوە هەموومانی سەرسام کردو گەیاندینیە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئێمە دوژمنمان هەبێت دەبێت شتێك بکەین کە لە دانیشتنی دواتردا دۆزیمانەوە ئەویش خەبات کردن بوو لەرێگای دەستەکەوە (هەندێك پەڕەی گۆڤارو رۆژنامەو ئەو کتێبانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە لەو باسە دەدوا).

ئیتر بڕیاری دەمەزراندنی حیزبمان دا پاش ئەوەی دوو وشەی گرنگمان دۆزییەوە ئەویش تاکتیك و ستراتیژ بوو، لەسەر دروشمیش وا رێك کەوتین کە دروشمی شۆڕشی فەرەنسی بەکاربهێنین وەك لەکتێبی مێژووی شەشی ئامادەییدا هاتووە، بەلاّم رێك نەکەوتین چونکە زیاد لەپێویست گشت گیرە ناچار گەڕاینەوە بۆ نوسین و دروشمی عەرەبەکان.

لەوێوە (هاوینی شوم) دەستی پێکرد وەك زۆرێك لەدوایدا ناوی لێنا چونکە ئێمە لە دەستەکەدا بەتەواوی وەك حیزب کارمان دەکرد لە بچوکترین ئاکارەوە تا دەگەشتە پاکسازی ناو دەستەکە کە چەندین هاوڕێمانی گرتەوە (هەر لەبەر ئەم خاڵەشە نامەوێت ناوی هیچ کەسێك بەخۆشمەوە بهێنم).

لە پاڵ ئەوەی دەستەکەمان بڕوای بە پاراستنی شەرەف هەبوو بە وردی بەشوێن ئەو کاغەزە عەتراویانەدا دەگەڕاین کە کوڕانی تر لەسەر ڕێگای هاتووچۆدا بۆ کچەکانمانیان فڕێ دەدا یاخود دەچوینە سەر ڕێی ئەوانەی حەز لە کچانی گەڕەکەکەمان دەکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا هەڵدەستاین بە" سوتانی ئەو دوکانەی کە خاوەنەکەی لە چەند گەڕەکێکی ترەوە دەهاتو ناردنی نامەی هەڕەشە کە زۆرجار نامەیەکی بچوک و وێنەی گوللەیەك بوو ئەگەرچی کەسمان هیچ چەکێکی نەگرتبوو بەدەستەوە. ئەم کارانەشمان بەوردی دەکرد چونکە ئەو کاتە توانیبومان لە هاوڕێکانمان بەشێکی نهێنی دروست بکەین ( لە دوای جیابونەوەی ئەوانەی دەیان وت ئێمە شۆڕش لەدژی بۆرجوازیەت دەکەین ئەم وشە سیحراویە کە لە فەرهەنگەکەدا بەدرێژی باسی کرابوو زۆرێك لە ئەندامەکانی راکێشاین هەرچۆن دواتر کۆمەڵێکی تر بەناوی ئاینەوە بەهەمان کار هەستان) کە کاری زۆری بۆ ئاسان دەکردین.

لە کۆتایی ئەو هاوینەدا و دوای ئەوەی ژیان ئاستەم بوو لە دەستەکەدا دەرکمان بەوە کرد کە ئێمە چیتر هەڵناستین بە گەمەیەك کە نەخشەمان بۆ کێشابوو بەڵکو ئێمە بۆ خۆمان بووبووینە یارییەك بەدەست گەمەکەوە و ئەو یاری بە چارەنوسمان دەکرد کە دواتر توانیمان شوبهاندنێکی بۆ بدۆزینەوە لەناو نامە نهێنیەکاندا ئەویش ئەوەبوو کە ئێمە لەبەردەم یاری شەترەنجێکدا وەستاین کە ژیانمان لەسەر یاسای جوڵەی پارچەکانی بنیات نرابوو.

ئێستا کە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو رۆژگارە غەمگین و پێکەنیناویەدا تێدەپەڕێت، گەمەکە و چارەنووسی ئەو هاوڕێیانەمان لە شەڕەکاندا بریندار دەبوون و چاویان یاخود لوتیان لەدەست دەدا و ئەوانەی لەناو خۆماندا بە شێوازی سەیر و تەم ومژاوی تیادەچوون و

ئەوانەش کە هەڵدەهاتن وەك زۆر شتی تر بوو بووە یەکێك لە لە بیرکراوەکان کە بە حوکمی تەمەن لەبیردەچنەوە بێئەوەی بزانم کە من رۆژێك دەگەڕێمەوە سەر ئەو بیرەوەری و ژیانی هاوینە سەختە ئەگەر نامەی هاوڕێیەکم نەبوایە کە یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی گەمەکە و هەر زوو سەری خۆی هەڵگرت، ئەو پێی وابوو دەبێت گەمەکە لەو سنورە دەرنەچێت کە بیکاتە شتێکی تر. پێش رۆشتنی نامەیەکی جێهێشت و تێیدا وتبوی: دواجار تێگەیشتم کە ئێمە دەمان ویست کت و مت لاسایی ژیان بکەینەوە بە هەموو فەوزاو دڵڕەقیەکیەوە.

دوای ئەو هەموو ساڵە نامەیەکی بۆناردووم، بەدرێژی باس لە ژیانی خۆی دەکات کە لە یەکێك لە دورگە بچوکە گەشت و گوزاریەکانی دەریای کاریبی دەژی کە نرخی بیبسییەکی شوشە یاخود سۆزانیەك بۆ یەکجار (نەوەك شەوێك) ئەوەندەی داهاتی ساڵێکی خێزانێکی لای ئێمە دەبێت، لە نامەکەیدا پرسیار لەو رۆژگار و کەسانە دەکات کە پێکەوە بووین بێئەوەی چارەنوسی نادیاری زۆریان بە بیر خۆی بهێنێتەوە کە تیاچوون. بەڵام شتێك کە هەردووکمانی کۆ دەکردەوە چارەنوسی فەرهەنگەکە بوو کە گەمەکەی دروست کرد. ئەو پرسیاری لە بارەیەوە دەکرد و نوسی بووی:

دەزانم ئەگەر ئەو کتێبە فەوتێنرابێت ئەوا زەوی لەوە گەورەترە کە ئەو نهێنیانەی تێدا ون بێت هەرچۆن چەندین شار (نەوەك کتێب) لە سەری فەوتان و لە بیر چوونەوە بەڵام دەبێت بگەڕێین بەدوایدا چونکە ئەوە رابردووی نەوەیەك بوو کە کڵۆڵی و خۆشنودیەکانی لەو کتێبەوە دەست کەوت.

ئەگەرچی من هەوڵی وەڵام دانەوەی نامەکەیم نەدا ئەویش لەبەر هیچ نا تەنها ئەوە نەبێت کە ناونیشانی خۆی بۆ نەنوسی بووم بەڵام

دەمزانی هەموو شتێكی دەستەكەمان بە فەرهەنگ و بەڵگەنامەكانەوە كەوتە لای ئەو چەند ئەندامەی ئێستا لە وڵاتانی ئەسكەندنافیاوە سەرپەرشتی گەورەترین تۆڕی چێشتخانە رۆژهەڵاتیەكان و هێڵی بازرگانی مادە بێهۆشكەرەكان دەكەن كە دەكەوێتە سەر ئەو رێگا كۆنەی رۆژهەڵات كە بە (رێگای ئاوریشم) ناو دەبرێت.

كە بۆ جارێكی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەو رۆژگارەی بە بێدەنگی جێمان هێشت هەست دەكەم ئێمە بیرمان لە لەناو بردنی قەنارە و مەقسەڵە نەدەكردەوە ئەوەندەی بۆ شەرعیەتێك دەگەڕاین كە هەریەكێكمان نەخشەی ئەو چەندین مەقسەڵەیەی لە خەیاڵیدا بووە بە جوانترین شێوە بەرجەستەی بكات ئەگەرچی درەنگ زانیمان كە شەڕانگێزیە شاراوەكانمان لە ژیان و دروشمی دەستەكە زۆر گەورەتربوو.

* * *

# □ لیژنەی ئیعدام

روداوی ئـەم چـیرۆکەم لـە دانیشـتنێکی سـێهاوڕێمەوە وەرگـرت ئەگەرچی من لەو باوەڕەدا بووم کە خۆشم لەو دانیشتنەدا ئامادە بووبم و هـەر خۆشـم گێڕابێتمـەوە بـەڵام ئـەوان دڵنیایـان کـردم کـە ئەوکاتـە بەدرێژایی یانزە رۆژ لە خەستەخانە کەوتبووم هەرچەندە من ئەو یانزە رۆژەم نایەتەوە یاد بەڵام زۆری تر (بەدایکیشمەوە) سور بوون لـەوەی کـە گرانـەتا تـاڕادەی نزیـك بوونـەوە لـە مردنـی بردبـووم و خسـتبومیە بیئاگاییەکی تەواوەوە.

بەهەرحاڵ پێم وایە یەکێك لە هاوڕێکانم بە وردی دانیشتنەکەی بۆ گێڕامەوە و وتی ( من لێرەدا رووداوەکە لە زمانی ئەوەوە دەگێڕمـەوە و باوەڕیشـم وایـە کـە هـەمومان خـاوەنی هـەموو چـیرۆکەکانین بـە کەڕولاڵەکانیشەوە ):

لـە رۆژێکـی کرێـوەی بـەفرانباردا لـە گۆشـەی چـایخانەیەکی کـۆن بـەتاق و وێنـەی هەڵواسـراوو هاتووچـۆکەرە پیرەکانیـەوە کـە زۆربـەی تەمـەنیان تێدا بردبـووە سـەر دانیشـتبووین و بـەدەم چـا خواردنـەوەوە قسە لەکۆمەڵێك باسی جیا کرا، لەناویاندا بابەتێك سـەرنجی راکێشـاین (وەك دواتر ئەوانی تـریش وایـان وت) ئـەویش ئـەوە بـوو یـەکێك لـە دوو هاوڕێکەم وتی:

– وای نابینن پاش فۆتۆ کۆپی کردنی مرۆڤ زانست بگاتـە ئـەوەی نەبوون بەدرۆ بخاتەوە؟

له بێدەنگی ئێمەدا بەناچاری درێژەی بەقسەکانیداو وتی:

– بە واتای ئەوەی زانست بەرەو ئەوە چووە کە ئەنیشتاین بکاتە زانایەکی کلاسیکی بەتایبەت پاش دۆزینەوەی (گەردونەکان) زانستیش دوورە لە وەستانەوە خۆ ئەگەر بەم چەشنە بەردەوام بێت وای بۆ ناچن کە مرۆڤ وا لێ بکرێت پێویستیەکانی لەزەینی خۆیەوە بەرجەستە بکات بۆ نمونە ئەگەر تۆ پێویستت بە قەڵەمێك یاخود خانویەك بوو ئەوا لە رێگەی ئەندێشە کردنیەوە یاخود بیر لێکردنیەوە بەوشێوەو رەنگەی دەتەوێت بەرجەستەی بکەیت؟

لە وەڵامی ئەوەی کە پێیان وت تا ئێستا زانست لە بووندا کاری کردووە پاشان تۆ دەتوانیت ئەو پەشێویەی لەسەر زەوی روودەدات یاخود ئەو بێ تواناییە ببینیت کە لە بەرجەستەکردنی خواو خۆت دا هەیە؟

بە هێمنی پێشوویەوە وتی:

– مەبەستم لەوەیە کە دەشێت ئەمەش یەکێك بێت لە توانا نەدۆزراوەکانی مێشك، نهێنیەك..

لێرەدا قسەکانم پێ بڕی تا رووداوێکیان بۆ بگێڕمەوە بێئەوەی هەوڵی رونکردنەوەی مەبەستەکەم بدەم. وتم:

– دەزانن هاوڕێیەکم هەیە چیرۆکنوسە؟ پاش دوو ساڵ لە تەواوبوونی شەڕی کەنداو چیرۆکێکی لەسەر سەربازێکی هەڵهاتوو نوسی کە لە بیاباندا ون دەبێت و دەمرێت. ئەو چیرۆکەی دوای چوار ساڵ بڵاوکردەوە، پاش بڵاوکردنەوەی بەماوەیەکی کەم لە شەقامێکدا رێکەوتی پیاوێکی رەشتاڵەی شێواو و چڵکنی کردبوو، پاش سەیرکردنێکی نائاسایی پرسیبووی تۆ (عطا محمد) یت؟

ئەویش بەسەرسوڕمانەوە وتبووی بەڵێ.

پاش ئەوەی هاتبووە تەنیشتیەوە و لەگەڵیدا دەستی بەرۆیشتن کردبوو، بەدەم هەنگاوی کورتو قورسەوە پرسی: واتا تۆ چیرۆکی (مردنی سەربازە هەڵهاتوەکە لەگێڕانەوەی هاوڕێکانیدا) ت نوسیوە..؟ پاش ئەوەی عطا دەڵێ منم.. بۆچی؟ لە پرسیارەکەی پەشیمان دەبێتەوە کە دەبوو لەبارەی خۆیەوە بیپرسیایە بەڵام ئەو بواری نەداو پرسی: چی بەسەرهات؟ عطا زانیبوی پرسیاری (سەربازە هەڵهاتوەکە) دەکات، پاش کەمێك بێدەنگ بوون پێی وت:

– ئەگەر چیرۆکەکەت خوێندبێتەوە ئەوا هەر چاوەڕوانی ناشتنە!.

ویستی بەسەربازەکە بڵێت تۆ دەمناسیت بەڵام من... ئەو وتی:

– من ئەو سەربازەم لە چیرۆکەکەتدا بەسەرهاتی سەربازە هەڵهاتووەکە دەگێڕمەوە..

جگەرەیەکی داگیرساندو بەدەم دەرکردنی دوکەڵەکەیەوە وتی:

– نەدەبوو لەو پەناگا خنکێنەرەی بیابان بەجێمان بهێڵیت و بێ ئاگابیت لە چارەنوسمان.

عطاش بەسەرسامیەوە پرسی بووی:

– بڵێ چۆن هاتیت؟...

عطا وای وت و ئەویش چاوی بڕیە چاوی و پێی وت:

– لە خەیاڵی تۆوە!

(یەکێك لە دوو هاوڕیکەم پرسیاری ئەوەی کرد کە مەبەستی لە خەیاڵی عطا بووە منیش هەر بەسەر راوەشاندن وەڵامم دایەوە) دەگەنە بەردەم بۆیاخ چیەك و پاش ئەوەی سەیری پێڵاوەکانی دەکات کە تەنها بەناو پێڵاویتی خۆیان پاراستووە، دەوەستێت دوای ئەوەی قاچێکی دەخاتە سەر سنوقەکە وتی:

– ئـەو ڕۆژەی تـۆ لـە چـیرۆکەکەتدا باسـی پەناگاکـەمانت کـردووە تـەنها مـن و ئـەو سـەربازەت دەبینـی کـە پاشـان هـەڵهات بێئـەوەی ئاگـات لـەوانی تربێـت یـاخود چارەنوسـیان مانایـەکی لات هـەبێت، منیش هاتووم تا باسـی دوو هاوڕێمانـت بـۆ بکـەم ئەو دووانـەی لـە چیرۆکەکەتدا دەچنە ژێر باڵی سەربازە هەڵهاتووەکەوە..

عطا پرسیبووی:

– چییان بەسەرهات؟

ئەویش لەسەرخۆ وتبوی:

– هاتووم تا ئەمەت بۆ باس بکەم.

تا ئەوکاتە خـۆی بەسـەر ئەژنۆیـدا نوشـتاندبووەوە، بەهێواشـی خـۆی ڕاست کردەوەو بەردەوام بوو

دوو شـەو پـاش ناردنـەوەی تـەرمی سـەربازە هەڵهاتوەکـە ئـەو دوانـە دزەیـان کـردە ئـەو دیـو سـەربازگاکەوە و دوور لـەرێگا لمیەکـە بـەناو نوتەکیو قوڵایی بیابانە دڵڕەقەکەدا ڕایان کرد کە تـەنها یادگـاریی تێدا دەژی. ئـەو شـەوە لـە نێـوان ڕاکـردنو ڕۆشـتندا بـوون و ترسـی ون بـوونیش لـەناو ڕەشـەبا لمیـەکان زەفـەری پـێ بردبـوون، ڕۆژی دوایـی لەناوچـاڵێکی داڕوخـاودا خۆیـان حەشـاردا، تـۆ دەتوانیـت ئـەو ڕۆژە بهێنێتـە بەرچاوت کـە خـۆر بـۆ چرکەیەك لێت غافل نـەبێتوتینوێتیش وەك پشکۆ لە گەروتا بگەشێتەوە؟ ئەوان هـەوڵیان دا بە چاکەتەکانیان سەریان بپێچن و خۆیان گرمۆڵەکەن بەڵام بێسوود بوو چونکە گەرماکە گەیاندنیـە وڕێنـە و تێکـەڵ کردنـی یادگاریـەکانیان، ئـەوان دوور لـە هەست لە کەناری مردندا کەوتبوون، تۆ دەتوانیت هـەموو ئـەو شتانە هەست پێبکەیت کە زادەی خەیاڵی خۆتن!

– بەڵام بیابان لەدەرەوەی منیشدا هەیە!!!

عطا لەگەڵ قسەکانیدا خولْقانی بیابانە دڵرەق و سەختەکەی هاتەوە بەرچاو بە سەربازگا و کەلوپەلە پەرش و بڵاوەکانی سەریەوە لە ئۆتۆمبیل و چەك و پەناگا و ژوری ئەفسەر تا رێگا کاڵەکان و سەربازەکان. لە منالّە بۆیاخ چیەکە دورکەوتنەوە، بەدەم داگیرساندنی جگەرەکەیەوە وتی:

– بەڵام من لە و بیابانەوە هاتووم کە تۆ خولْقاندوتە. دەتوانیت چێژی هەموو ئەو ترس و مەشەقەتی ون بوونەیان بکەیت لەناو بیابانەکەدا کە چەند رۆژ بەسەرگەردانی تێیدا دەسوڕێنەوە تا دەگەنە شارۆچکەکە، بەناو کۆڵانە پێچاوپێچ و تەسکەکانیدا دەگەڕێن بێئەوەی بۆنی ژیانی لێوە بێت.

ئەوەی لەدواوە دەرۆیشت وتی:

– چۆڵ کراوە!؟

ئەمە دواین شت نەبوو، بیری لێبکەنەوە بەڵکو ئەوان گەیشتبونە ئەو قەناعەتەی کە خۆیان بەدوای لیژنەی ئیعدامدا بگەڕێن چونکە تەنها شتێك کە داوایان بکردایە مردن بوو تا لە عەزابی هەڵهاتن رزگاریان بێت پاش ئەوەی ژیانیشیان بە هەڵهاتنێکی بەردەوام دەبینی.. عطا پرسی:

– هیچ رێگایەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو؟

– ئەمە رێڕەوی چیرۆکەکەتە، ئەبێ ئەوان بەوپەڕی ناشرینی بمرن تا تۆ چیرۆکەکەت بنوسیت. بەشەکەتی لەسەر رێگا گشتیەکە دانیشتن کە جگە لە بێئارامی و چاوەڕوانی هیچی تری نەدەگەیاند..

عطا بە تووڕەییەوە وتی

– دەبوایە هەڵهاتنایە!

– نـەیان دەتـوانی .. تـۆ نەتهێشـت، تەنانـەت ئەوکاتـەی لـەناکاو ئۆتۆمبیلێـك بەدەرکـەوت ئـەمان  بـەخوێن ساردیەوە چاوەڕوانیان کرد تا گەیشتە لایان" ئەفسەرێك و چوار سەرباز دابەزین هەر زوو بـە جلـە بەڵـەك و تەپلـە رەشـەکانیاندا ناسـیاننەوە کـە لیژنـەی ئیعدامن، کاتێك داوای مۆڵەتی دابەزینیان لـێ کردن هیچیان نەوت بـەڵکو پەشـیمان بـوون لـەوەی کـە بەدرێـژایی رێگـا نـەیان وێـرا جگەرەیـەك داگیرسـێنن. بێ‌ئـەوەی بواریـان بـدەن لـەجێگای خۆیـان هەسـتن، بـە تفەنگـەکانی دەسـتیان کەوتنـە لێـدانیان، گوێیـان لـە شکانی لوت و ددانیان بوو، خوێن لە چەند جێگایەکی  لەشیانەوە قوڵپی دەدا..

ئەفسەرەکە پەنجەی بۆ یەکێکیان راکێشاو وتی:

– دڵیم دەوێت!!

لەگەڵ قسـەی ئەفسـەرەکەدا چونە سـەری‌و درزێکیـان بەقەمە کـردە ژێـر پەراسـووی پاشـان یـەکێکیان دەسـتی بـردە نـاوەوە کـە هـاڵاوێکی گـەرم و تفتـی لێـوە دەهـات، دەسـتی گێـڕا تـا دڵـی دۆزیـەوە، ئـاوڕێکی بـەلای ئەفسـەرەکەدا دایـەوەو لەگەڵیـدا تونـد رایکێشـا تـا دەمارەکـانی قرتاند و دڵەکەی دەرهێنا.

کەس ئاگـای لـە دواهـەمین هـاواری سـەربازەکە نـەبوو کـە بـەناو لقـی دارخورماکاندا تێ‌پەڕی و دوور بە قولایی بیابانەکەدا رۆشت. دەزانیت ئەو هاوارەی تا ئێستاش هەردەنگ دەداتەوە.

عطا وتی:

– دەزانم بەڵام ئەوە دیمەنی شەرکەرەکانی تەتەرە؟

سەربازەکە بەهێمنی وتی:

– ئەوەی مرۆڤ لەسەردەمە جیاجیاکاندا کۆدەکاتەوە دڕندەییە.

دوایــن وشــەی بــە رقــەوە وت، بەشــێوەیەك پیتــەكانی لــەنێوان دانەكانیدا گرت. جگەرەیەكی تری داگیرساندو بەردەوام بوو:

– هــەموو ئــەوەی بــە بــەر چــاوی ســەربازەكەی تــرەوە رویــدا لەخەونێك دەچوو كە هەرگیز نەیبینێت بەتایبەت كە ئەفسەرەكەی بینــی دڵــە گەرمەكــەی نــاو دەســتی بــەرە و دەمــی بــردو كــەمێك لەخوێنەكەی مژی، پاشان هەریەك لەسەربازەكانیش وایان كرد ئەو دیمەنە سەربازەكەی دڵنیاكرد لەوەی كە ناتوانێت چیتر ئەو لەشە هــەڵگرێت كــە بــەردەوام لــە هەڵهاتندایــە لەپێناویــدا، دەزانێــت چــیكرد؟ هەوڵیــدا لــەخۆی بچــێتە دەرەوە و لەشــی وەك پارچــە پەڕۆیەكی كۆن فڕێ بدات..

پاش ئەوەی عطا پرسی چۆن؟...

وتی:

– لەڕێگای خەیاڵەوە ئەویش بەوەی لەخۆی چووە دەرەوە و بوو بەیەكێك لەو سەربازانەی بەسەر سەریەوە وەستابوون. لەوانی تر توند تر شەقی دەوەشاند و دڵڕەقتر قەمەی دادەهێنایەوە بۆخۆی، ئەو دەیوسیت ئەو لەشە پڕ لە شەرمەزاری و چەپاندنە تاڕادەی خۆڵەمێش بسوتێنێت یاخود پێ لەو خوێنەی بنێت كە وەك قەوزە بەدەمارەكانیدا دەڕوات..

سەربازەكە كەمێك وەستاو بەدەنگێكی نزم وتی:

– هاتم تا ئەمەت بۆ باس بكەم.. دەبێت بگەڕێمەوە:

عطاش بەسەرسامیەوە پرسیبووی:

– بۆ كوێ؟.

ئەویش بەساردیەوە وتی:

– دەگەڕێمەوە پەناگا گەرم و خنکێنەرەکە کە تەنها خۆت دەزانیت چەند بە دڵڕەقی لە چیرۆکەکەتدا نەخشاندووتە.

– بەڵام چەند ساڵە شەڕ تەواو بووە..

عطا وای پێوت بەڵام ئەو قسەکەی پێبڕی:

– تۆ ئێمەت تا ئەبەد لە ناو ئەو بیابانە کوشندەیەدا زیندان کرد و لە چاوەڕوانی شەڕدا دەمان رزێنیت، شەڕێك کۆتاییەکەی لە زەینی خۆت دایە، ئەگەر دەتوانیت بمان کوژە یاخود لە عەزابی شوێن و خەیاڵت رزگارمان کە.

وای وت و بەبێ دەنگ دورکەوتەوە.

یەکێك لە دوو هاوڕێکەم پرسی:

– ئەی عطا چی کرد؟

– وەك بۆی گێڕامەوە، پاشان هەوڵی نوسینی چیرۆکێکی دا لەسەر ئەو بەیەکتر گەیشتنە نائاساییە...

*          *          *